# کێ بکوژی ڕاستەقینەیە؟

پێشکەشە بە ڕۆحی ئازیزم کەزێ...

ناوی کتێب: کێ بکوژی ڕاستەقینەیە؟
بابەت:ڕۆمان
نووسەر: سارای پاییز
پێداچوونەوە: داستان شەریف-ڕەوەند سالْح
دیزاین و بەرگ: ئومێد سەوزە
لە بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن:
چاپ:چاپی یەکەم
٢٠٢٥

(مافی چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نوسەر)

## لەجیاتیی پێشەکی:

بەرلەوەی بچمە ناو ئەو مەملەکەتەوە کە بەفر دروستیکردووە دەمەوێت پێتان بڵێم نەدەبوو من ئەم چیرۆکە بنووسم، نەدەبوو هیچ کام لەو پاڵەوانانە بخوڵقێنم، نەدەبوو تەمەنی گەنجیی بەفر بەو ئاسانییە بتوێنمەوە، بەڵام سروشتی نووسەرەکان وەهایە، هەمیشە حەزیان لەوەیە ڕۆڵی خودایەک بگێڕن و گەمە بە چارەنووسی ئەو مەخلوقانە بکەن، کە دەیانخوڵقێنن، هەندێکیان وەک خۆیان بەدبەخت بکەن و هەندێکی تریان بەختەوەر، هەندێک هەژار و دەستکورت بکەن و هەندێکی دیکە لەژێر سێبەری پارەدا بحەوێننەوە، هەندێک وەک ئاسک بکەن بە نێچیر و هەندێک بکەن بە تاژی، هەندێک لە بەردەمی لوولەی تفەنگەکاندا هەڵبلەرزێنن و هەندێکی تر سنگی خۆیان بنێن بە گوللەوە. نوسەرەکان ئیشیان تەنیا دروستکردنی پاڵەوانە.

ئەو شەوەی ئەم چیرۆکەم تەواوکرد، زۆر دڵخۆش بووم، بە خۆمم گووت: "ئای چ شاکارێکی مەزنم نووسیووە!" هەم دڵخۆش بووم هەم ماندوو، لاپتۆپەکەم داخست و لەتەنیشتی خۆمەوە دامنا، بە لاچاوێک سەیرێکی کاتژمێری قەدی دیوارەکەم کرد، لە دووی شەو تێپەڕیبوو، لەسەر جێگەی خەوەکەم پاڵکەوتم، دەستم خستبووە ژێر سەرم و چاوم لە بنبانەکە بڕیبوو. وەک هەر شەوێکی تر بە خەیاڵ ئاڵوگۆڕم بە جێگەی تەپەتۆرەکان

دەکرد و بە خۆمم دەگوت: "جێگەی ئەم پانکەیە خراپە، چی دەبوو ئەگەر لە ناوەڕاستدا هەڵبواسرایە؟".

هەر کاتێک جێگەکەیم لە خەیاڵەکانمدا ئاڵوگۆڕ پێدەکرد نەدەکرا بخرێتە ناوەڕاستەوە چونکە ژمارەی تەپەتۆرەکان بەپێی ڕیزەکان نەدەگونجا و ژوورەکەش قەناس بوو، من لەم خەیالاتانەدا بووم سەیرێکی کاتژمێری قەدی دیوارەکەم کردەوە نە ژمارەی لەسەر مابوو، نە میل، تەنیا دەنگی دڵەکەی دەبیسترا. کاتێک سەرم بەرزکردەوە بینیم ژوورەکەم نەک تەپەتۆر و پانکە، بەڵکوو بانیشی پێوە نەماوە، ترسێک دایگرتم، لەسەر جێگەکەی خۆم هەستام، چ هەستانێک! خۆ تەنیا لە بۆشاییدا بووم نەرم و هێواش دەڕۆیشتم وەک ئەوەی بەسەر فەرشێکی ئاوریشمیدا هەنگاو بنێم، گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو، بەڵام نەمدەتوانی دەنگەکان لە یەکتری جودا بکەمەوە، نازانم من بەرەو ئاڕاستەی دەنگەکان ڕۆیشتم؛ یاخود دەنگەکان بەرەو لای من هاتن؟

هێندەی چاوترووکاندنێک هەموو شتێک گۆڕدرا. شوێن: ناو دادگایەک بوو، دادوەرەکان بە عەبای دادوەرییەوە لەسەر کورسییەکانیان دانیشتبوون، ژنێکیش خەریکی نووسین بوو، هەستم دەکرد بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا هەیە کە لەناو دادگاکەدا بوون، یەک یەک دەمناسینەوە، بەفر بە عەزییەکی ئاودامانی ڕەشەوە سپی و ناسکتر دەردەکەوت، لەنێوان کوڕە پێنج ساڵانەکەی و کامیاردا، لەهەمان ڕیز بە تەنیشتی کامیارەوە گورگ و مریەمیش

دانیشتبوون. جەنابی ئەفسەری باڵاش، لاوازتر و کەچەڵتر و ناشرینتر لە هەر کاتێک دەردەکەوت، بە هەمان قاتە بیجامەی شەوی ڕووداوەکەوە لە دواهەمین ڕیزدا دانیشتبوو. سیامەندی نووسەریش لە سووچێکی تەریکی هۆڵەکەدا دەفتەرێکی بەرگ ڕەشی بە دەستەوە بوو، بەردەوام خەریکی تێبینی نووسین بوو، جارجار سەیرێکی ئامادەبووانی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەدوا، پێدەچوو خەریکی تۆمارکردنی چرکە بە چرکەی ناو دادگاکە بێت، ئەوەی سەیر بوو، ئەوان هەموو لە بەرەیەک بوون و منیش بە تەنیا لە بەرەیەک، لەناو قەفەزی تۆمەتباریدا لە یەک بە یەکیانم دەڕوانی.

هەرچەندە ئامادەبووان بێدەنگ بوون، بەڵام چەند جارێک لەسەریەک دادوەرەکە چەکووشەکەی کێشا بە مێزەکەدا، بە دەنگێکی هێمنەوە گووتی: "هەرکەس نۆرەی قسەکردنی هات، با خۆی بناسێنێت و دواتر دەست بکات بە باسکردنی سکاڵاکەی."

کەس شایەت نەبوو... بەڵکوو هەموویان سکاڵایان هەبوو.

## سکاڵاکەری یەکەم گورگ:

من ناوم شۆڕشە. ناسراوم بە گورگ، هەموو جارێک مامم دەیگووت:"ئەو ساڵەی تۆی تێدا لەدایکبوویت پێیان دەگووت:"ساڵی مەنعە تەجەولەکە." ڕێک لەو ڕۆژەدا کە من لەدایکبووم، دوای ئەوەی قەدەغەی هاتووچۆ ڕادەگەیەنرێت، ڕژێم دەست دەکات بە ڕەشبگیری و زیاتر لە سەد گەنج زیندەبەچاڵ و گوللەباران دەکات، باوکی منیش یەکێک بووە لەو شەهیدانە. دەشێت من ڕێک لەو ساتەدا لەدایکبووبێتم، کە یەکەمین گوولله بەر کەللەسەری باوکم کەوتووە، کاتێک هاواری کردووە کەسێک فریای خێزانەکەم بکەوێت ئەو خەریکە منداڵی دەبێت. هەر جارێک وا بیردەکەمەوە پێکەنین دەمگرێت و بە خۆم دەڵێم: "چ باوکێکی گەمژەم هەبووە! لەو کاتەدا بیری لە چی کردووەتەوە؟ خۆ دەشێت تەنیا ئەوەی بۆ ئەوە گووتبێت، کە گیان و ژیانی خۆی لە مردن ڕزگار بکات. نازانم، بەڵام دڵنیام کاتێک من لەدایکدەبم و بەر لە هەر شتێک دەگریم ڕێک ئەو کاتە بووە کە باوکم دواهەمین هەناسەی داوە، دایکیشم بە بیستنی ئەو هەواڵەی گوایە ئەوانەی براون و گووللەباران کراون بێئەوەی بیر لە منداڵێکی تازە لەدایکبوو بکاتەوە بەرلەوەی یەکەمین ماچم بکات دەمرێت."، ئای چ ڕۆژێکی شووم لەدایک

بـــووم! نـــازانم لە چەنـــد ســـاڵیمەوە بەڵام لەو ڕۆژەوەی وەک جووچکێـک کە سـەر لە هـێلکە دەجووقێنێـت ، لە شـاخ و لەنـاو داروبەرد و بێشەڵاندا چاوم کردەوە، هەر لە منداڵییەوە نامەیان پێ دەگۆڕیمەوە، هەر لە نامەی دڵدارییەوە تا ئەو نامە نهێنییانەی نەدەبوو کەس بیانبینێت، جگە لە سەرکردەکان. جارجار نامەی ئەو سەربازانەشـم ئـاڵوگۆڕ پێـدەکرد، کە بـۆ شـەڕ هـاتبوون و دواتـر بە عاشـقی دەگەڕانەوە، ڕەنـگە لاتـان سـەیر بێـت، بەڵام نموونەی لەو جۆرەم زۆر لایە، جارێک لەدوای شـەڕێکی قورس لەنێوان پێشمەرگە و هێزێکی سەربازیدا، ژمارەیەک سەرباز بە دیـل گیـران، یەکێـک لە سـەربازەکان دەیگـووت: "ئـێمە ئەهلـی خوێنڕشـتن نـین. بەڵام ئیتـر چارەنووسـمان بەم جۆرە بـووە بە ناچـاری کـراوین بە سـەرباز" ئەو سـەربازەی ئەم قسـانەی کـرد تەمەنـی لەنێـوان هەژدە بۆ بیسـت سـاڵیدا بـوو، لەو مـاوەیەدا، لە پەنـــجەرەی ئەو ژوورەوە کە دەکەوتە ســـەر ڕێـــگەی ســـەرەکی هاموشـــۆکەران چـــاوی بە کیـــژە لادێییەکـــان دەکەوت سەرســـام دەبـوو بەو جـوانییە سروشـتییەیان، وێـڕای ئەو بـارە قورسـەی لەسەرشـــانیان بـــوو، وێـــڕای ئەو هەمـــوو مانـــدووبوونە هێشـــتا جـوانتر دەردەکەوتـن، ئەو بێئەوەی بیـر لەوە بکـاتەوە کە دیـلە؛ عاشقی یەکێک لە کچەکانی ئاوایی بوو، چەندین نـامەی بە منـدا بۆ نارد، منیش وەکو ئەو نامـانەی تـر کە پێمدەدرا دەمکردە نـاو کـــڵاوە دووبەرەکەی ســـــەرمەوە کە خـــۆی لە چەنـــد لایەکەوە دڕابـــوو، لەنێـــوان هەردووبەری کڵاوەکەمـــدا مـــامم پـــارچەیەکی نهێنی لێدابوو، کەس گومـانی نەدەبرد ئەو کڵاوە شـڕەی سـەرم

بتوانێت ڕۆڵێکی وەها گرنگ و کاریگەر لە گەیاندنی پەیامە نهێنییەکاندا بگێڕێت..

ببورە بەڕێز دادوەر؛ کە لە ئەسڵی باسەکە لامدا، بەڵام دەبوو باسی ئەو سەردەمە بکەم کە تێیدا ژیاوم، ئا... با بیرم نەچێتەوە باسی ئەوەش بکەم هەندێک لەو سەربازانە لەبەر خاتری مەعشوقەکانیان دەبوون بە پێشمەرگە، هەندێکی تر هێشتا وەڵامی نامەکانیان پێنەگەیشتبۆوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا دەکوژران، هیچ مەپرسن دەربارەی گۆڕینەوەی ئەو هەستانە، چونکە کاتێک عەشق یەخەت دەگرێت چ کچ بیت چ کوڕ وەک دەڵێن: "چاوت لە ئاستی هەموو شتێکی تردا کوێر دەبێت" نازانم بۆ دەبوو ئەمانە باس بکەم؟ با بێمەوە سەر باسەکەی خۆم، یەکێک بووم لەو منداڵانەی کەس منی بەلاوە گرنگ نەبوو، لەناو منداڵەکاندا شانازیم بە خۆمەوە دەکرد و بە خۆمم دەگووت: "بەغیرەت." چونکە سڵم لە هیچ نەدەکردەوە، بەڵام هەندێک لەوان پێیان دەگووتم: "بێ دایک و باوک" ئەمە بەڕووکەش کاری لێ نەدەکردم، بەڵام زۆر جار لە ناخدا دەیڕووخاندم، ماڵی مامم وەک هەموو جارێک ئامۆژنم دەیگووت: "ڕەوەیەک منداڵی ڕەشوڕووت" بوون منیش بووبووم بە سەرباریانەوە. بە هەر جۆرێک بوو بە برسێتی و تینوێتی و سەرما و گەرما ئەو ڕۆژگارانەم تێپەڕاند.

بەڕێز دادوەر من سکاڵام لەم نووسەرە هەیە؛ ئاخر بۆ دەبێت من هێندە بە نەگبەتی دروست بکات؟ سەرەڕای هەموو ئەوانەش

لە جێگەیەکەوە من دەکات بە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی کە بێز لە خۆم دەکەمەوە، ئاخر ڕاستە سەروسیمایەکی جوان و ڕابردوویەکی پڕ شانازی پێ بەخشیوم بەڵام ...
دادوەر:"دەتەوێت چیتر بڵێیت؟
گورگ:"قوربان، من بەم تەمەنەوە لەم چیرۆکەدا دوای ئەو هەموو خەباتە دەبم بە... هەر لێی گەڕێ، خۆت بیخوێنەرەوە."
دادوەر:"تۆ لە کوێی ئەم چیرۆکەدا ڕۆڵت هەیە؟"
گورگ:"پرسیار لە خۆی بکە..."
دادوەر:"ئەو ئێستا هەموو شتێکی بیرچووەتەوە تەنانەت قسەش."
گورگ:"پێی بڵێ من نامەوێت لە کۆتاییی ئەم چیرۆکەدا بکوژرێم... پێی بڵێ چارەنووسی من بگۆڕێت..."
دادوەر: "بۆچی تۆ لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا دەکوژرێیت؟"
گورگ:"تۆ نازانیت، ئەمە منی کردووە بە چ داوێکەوە؟ لەناو ئەم چیرۆکەدا خۆم لەناو یەکێک لە حیزبەکاندا دەدۆزمەوە. چاونەترسییەکەم هەر لە منداڵییەوە زیاتر هانیدەدام خۆمم لەبەرچاو نەدەگرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە یەکەمین شەڕدا کە بەشداریم کرد؛ بووم بە سەرباسی هەموو پێشمەرگەکان. چونکە لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا یەکێک لە ئەفسەرەباڵاکانی ڕژێم و چوار سەربازم دەستبەسەر کرد. جگە لەوەی هەرچی دەکەوتە بەر دووربینی قەنناسەکەم دەستم لێ نەدەپاراست. شەڕێکی نابەرانبەر بوو. دوژمن هێزێکی زۆری هێنابووە سەرمان و ئێمەش لە بیست پێشمەرگەیەک زیاتر نەبووین. تەنیا جیاوازیی نێوان ئێمە و ئەوان، بەرزیی ورەی

ئـــێمه و نزمیـــی ورەی ئەوان بـــوو. ئەو شـــەڕە؛ لە پـــێش خۆرهەڵهـــاتنەوە دەســـتیپێکرد، تـــا دەمەدەمـــی خۆرئـــاوابوون نەوەســـتا، ئێســـتا خـــۆزگە دەخـــوازم هەرگیـــز دەســـتم تفەنگـــی نەگرتایە، خۆزگە دەخوازم ئەو ئاگری تۆڵەیە لە ناخمدا کڵپەی نەسـەندبایە. "دوای سـاڵانێک لەوە گەیشـتم، نەدەبـوو بە قسـەی ئەم نووســەرە بـکەم و بـبم بە پێشــمەرگە. نەدەبــوو لە یەکەم شــەڕدا بەشــداری بــکەم، نەدەبــوو بهـێڵم ئەم نووســەرە وەک بـووکەڵە گەمە بە چارەنووسـم بکـات...لە ڕووم هەڵنـایەت باسـی دوای سەردەمی ئازادی بکەم..."

دادوەر: "بۆ ئەوەی من سکاڵاکە بنووسم و بڕیار بدەم؛ دەبێت تا کۆتاییەکەی ئەم چیرۆکە تەواو بکەیت..."

گــورگ: "ئــاخر قوربــان... ئیتــر شــەرم دەکەم باســی بــکەم..."

دادوەر:"ئەگەر باسی نەکەیت من نـاتوانم هیچت بۆ بکەم، تۆ تـا ئێرەت بە شانازییەوە هێناوە کەوایە باسیبکە." دوای بێدەنگییەک گورگ بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەی."کاتێک شار ئازاد کرا، ئیتر مـن وەک تەیرێکـی پەڕوبـاڵکراوی بێهـێلانە دەهـاتم و دەچـووم. ئـارامترین پەنـاگە بۆ مـن بارەگـای حیـزب بـوو؛ کە هەر ڕۆژە و لایەنێـک هەڵیـدەکوتایە سـەرمان. شـەوێک تـازە خەو چووبـووە چاوەکـانمەوە دەنگـی دەسـتڕێژێکی گـووللە بەئاگـای هێنـامەوە. کاتێک چاوەکـانم کـردەوە، لـوولەی تفەنگێک لەسـەر نـاوچەوانم بوو. خولەی ئامۆزام بوو، گووتی: "هیچ مەڵێ و پێشم بکەوە"، لە ڕێـگە تێیگەیانـدم کە چ پیـاوەتییەکی لەگەڵـدا کـردووم، ئـاخر ئەو ســەر بە لایەنــی بەرانــبەر بــوو ئەو شــەوە هــاتبوونە ســەر

بارەگاکەی ئێمە و بۆ ئەوەی دەست لایەنەکەی نەکەوم منی لە ماڵی هاوڕێیەکیدا حەشاردا. بمبوورن ناتوانم تەواوی بکەم... "تەنانەت، گەر پێویستیش بکات، دەست لە سکاڵاکەم هەڵدەگرم..."

## سکاڵاکەری دووەم بەفر

ناوم حەیاتە، بەڵام نووسەرەکە ناوی لێنام بەفر. من ئەو ناوەم پێخۆشە چونکە تاک و ناسکە، بە هەرحاڵ بەپێی ناسنامەکەم لە زستانی ساڵی ١٩٨٨ لەدایکبووم، بەڵام ئەوەی لەو شەوەدا لەدایک بووە من نەبووم، بەڵکو خوشکەکەم بووە، دوای شەش ساڵ و لە هەمان کەشوهەوای سارد و بەفراویدا، منیش لەدایکبووم، هەمان شەو خوشکەکەم دوای ئەوەی دەخەوێت ئیتر بەئاگا نایەتەوە، هەر بۆیە ناسنامەکەی ئەو دەدەنە من و ئیتر من وەک مرۆڤێکی بێ ناسنامە بەردەوامی دەژیم ، وەکو نووسەرەکەش ئەم هەڵەی قۆستبێتەوە، من وەک کچێکی بێ ناسنامە دەخولقێنێت.

با بیرم نەچێت باسی ئەوەشتان بۆ بکەم، ئەو بەرەبەیانەی خوشکەکەم لەدایک دەبێت، باوکم لە ئەرکدا دەبێت، دایکم بەتەنیاو بێکەس تا بەرەبەیان لەتاو ئازار و ژان دەناڵێنێت، دواجار لەسەر دەستی دایکە ئەختەری مامان، بەسەلامەتی ڕزگاری دەبێت، دایکە ئەختەر خۆی ناوکی خوشکەکەم دەبڕێت وەک هەموو منداڵانی گەڕەک.

دایکە ئەختەر ژنێکی میهرەبان بووە، خۆی هەرگیز نەبوو بە دایک، بەڵام هەموو منداڵانی گەڕەکی بە منداڵی خۆی زانیوە، بۆیە هەموویان پێیان گووتووە"دایکە ئەختەر".

دادوەر: "ناتەوێت لەسەر ڕۆڵی خۆت لە چیرۆکەکەدا هیچ بڵێیت؟"

بەفر:"وەک گووتم بە ناشوکری نەبێت نە ناسنامەم هەیە نە ناو، لەم چیرۆکەدا دایکم نییە، بەڵام باوەژنێکم هەیە لەگەڵ باوکێکی زەلیلدا. کە لەکۆتاییدا ئەویش فەوت دەکات، دواتر هەرچیتان ویست؛ لە خۆی بپرسن. هههە خۆ ئەم نووسەرە چارەنووسی من و باوەژنەکەمی یەکلا کردۆتەوە، ئیتر باسکردنی ڕابردووم گرنگ نییە، زۆر دڵڕەقە زۆر...زۆریش نا چونکە ئێستا من تەنیا نیم، ئەو پارچەیەکی دیکەی لە ڕۆح و جەرگی من لە خوێنی من خوڵقاند... کوڕەکەم.

"لەکوێوە دەست پێ بکەم؟ نازانم! من هەم جەللادم و هەم قوربانی، ئاخر دادوەری بەڕێز، لێم دەوەشێتەوە من بەم تەمەنە کەمەوە، بکوژ بم؟

"چی بڵێم، خۆیشم نازانم لەکوێی بەدبەختییەکانمەوە دەست پێبکەم؟ ئەو وەک ئەوەی هەنگی لە داردا دۆزیبێتەوە هەرچی دایکمردوو و باوکمردووە، لەم چیرۆکەدا کۆیکردوونەتەوە، من نازانم دایکم بە چی مردووە و کەی مردووە؟ بەڵام باوکم چەند ساڵ بوو زەلیلی سەرجێگە بوو. شەرم دەکەم باسی باوکم بکەم، ئاخر نازانم باوەژنەکەم ڕاستی دەگووت یان نا؟ دەیگووت:"ئاهی ئەو هەموو کوڕ و کچە جوانەیە یەخەت بەرنادات، ئاهی ئەو هەموو عاشق و مەعشووقەیە گەرووتیان گرتووە و ناهێڵن ئیزرائیل بە سووک و ئاسان ڕۆحت بکێشێت، ئەو دەیگووت:"دەبێت دە ساڵی تریش خۆت پیس بکەیت و بۆگەنەکەی کاست بکات. دەبێت ئاهی ئەو مندالانەی، لە برسا مردن، تۆش بە عەزرەت لەتێک نانەوە بمریت. دەبێت وەک

ئەوانەی لە تینوێتیـدا خنکـان، بخنکێیـت. دەبێـت ئـازار بکێشـیت، دەبێ یەک یەک باجی هەموو ئەو کارانە بدەیتەوە کە کردووتن، بەڵام هێشتا کەمە... تۆ پێویستت بە سەدان جار لەدایکبوونەوە هەیە، تا لەو گوناهانەی کە کردووتن، پاک ببیتەوە.
"دادوەری بەڕێز، خۆ دەزانن مەبەستم چییە؟ باوکم جاش بووە جاش، ئەم نووسەرە هەر بەوەشەوە نەوەستاوە منیشی کردووە بە لەشفرۆش، بە بکوژ..."
دادوەر: "هیچی ترت ماوە بیڵێیت؟"
بەفـر:"چـی بڵـێم؟ منـیش دەمویسـت وەک کچـانی ئەم سـەردەمە بژیم. دەمویست وەک ئەوان جل بپۆشـم. وەک ئەوان بـم، نـازانم ئەوان چۆنن. منیش دەمویست وەک ئەوان بم. بۆ نموونە وەک کچی تۆ بم، کچەکەی تۆ چۆن دەژی منیش وا بـم... دەمویسـت خوێندن تەواو بکەم، شوو بکەم ماڵم هەبێت، منداڵم هەبێت..."
دادوەرەکە سـەری داخسـت و چـاویلکەکەی لابـرد و بە دەسـتە ئەسـتورەکانی ئەو دوو تکە فرمێسکەی سڕی کە بە چاوەکانیدا هاتبوونە خوارەوە.
"هههە ناشێت تۆیشی فریودابێت؟ تۆیشـی کردبێت بە پـاڵەوانێکی نەگبەت؟ جا ئەگەر وایکردبێت من هەر سکاڵام نییە."
دادوەرەکە بێدەنگ بوو؛ بەفر گووتی: "تەواو، من هیچم نییە، بەو مەرجەی سکاڵاکانی ئێمە پشتگوێ نەخەیت."

## سکاڵاکەری سێیەم مریەم

ناوی من مریەمە. لە چیرۆکەکەدا هەمووان بە خانمی گەورە بانگم دەکەن و دەمناسن، ئەو نەدەبوو ئەم چیرۆکەی نووسیبا، نەدەبوو کارە بچووک و بێ ئەرزشەکانی خۆی بە دەسەڵاتی ڕەهای خودا بەراورد کردبا، نەدەبوو یاری بە چارەنووسی ئێمە بکات، من تەمەنێکم بەڕێکردووە، بەڵام چ تەمەنێک! بە هەزار نەگبەتی و مەینەتی گەورەبووم، یەک ڕۆژی خۆش لە ژیانی مندا نەبووە، باوکم...، هیچ کەس تەنانەت ناشزانێت گۆڕەکەی لە کوێیە. ئەسڵەن ڕەنگە گۆڕیشی نەبێت، لاشەکەی دەرخواردی قەل و داڵ درابێت، بیرم دێت کە دایکم بەزۆری خاڵەکانم، دووبارە شوویکردەوە. ئەوان پێیان دەگووت: "تاکەی دەتەوێت بە دیار ئەم قلمۆتکەیەوە دابنیشیت؟ دوو ڕۆژی تر گەورە بێت خێرت بۆ ناداتەوە."

لەناو خۆیاندا ڕێک کەوتن و دایکمیان دا بە هاوڕێیەکی خۆیان، بە ڕواڵەت هێمن و بەڕێز بوو، تەنانەت دایکیشم وردە وردە خۆشی ویست، بەڵام ئەو وەک مارێکی سڕ، دواجار لەو قۆناغی متبوونە هاتە دەرەوە و ڕۆژێک کە دایکم لە ماڵ نەبوو ئیشی خۆی کرد، هێشتا باڵغ نەبووبووم کە پاکیزەیی لێ سەندمەوە. هەمیشە چاوترسێنی دەکردم بەوەی ئەگەر قسە بکەم چی لە من کردووە واش لە دایکم دەکات. (فرمێسک و پێکەنین تێکەڵ یەک بووبوون)، جەنابی دادوەر، بۆ تۆ هیچ ناڵێیت؟ تەنیا لە یەک شت

دەترسـم، دەترسـم وەک زۆرێـک لە تاوانبارەکـانی دیـکە، بە لێبوردنێکی گشتی، ئازاد بکرێت."
دادوەر: تۆش دەتەوێ سکاڵای چارەنووسی خۆتی لێ بکەیت؟"
مـریەم:"بـۆ ئەوە کەمە؟ ئـێمە کەسـمان ڕوومـان نیـیە خۆمـان نیشـانی خوێنەرەکـان بـدەین. لە پشـتی یەکەوە خۆمـان دەشـارینەوە، ئەو سـووکایەتی بە کەرامەت و مرۆڤبـوونی ئـێمە کـردووە، هەموومـانی بە نەخوێنـدەوار و لەشـفرۆش و...ئەو لەپـێش ئەوەی بمـانهێنێتە نـاو ئەم چیـرۆکەوە یەکـی کۆڵێـک بەدبەختیی خستۆتە سەر شانمان. ئیتر گرنگ نییە ئەو ئێمەی لە کوێی نەهامەتیەکانمانەوە نووسیووەتەوە، ئەو باسی ئەو ڕۆژانە ناکات کە بەترسـەوە لەگەڵ ئەو دێوەزمەیەدا کە پێی دەگوترێت باوەپیارە بەسـەرم بردووە، باسـی ئەوە ناکات کە گەنجێتیم بە خـۆمەوە نەبینـی، باسـی ئەوە ناکـات کە کاتێـک بـۆ یەکەم جـار هەستم کرد شۆڕش عاشقم بووە و دەیەوێت تەمەنێک لەگەڵی بـژیم و نەمتـوانی. هـیچ تـازە هەر لێـی گەڕێ ئێـرە شـوێنی ئەو قسانە نییە."
دادوەر: "مەترسە، هەرچیت پێخۆشە بیڵێ."
مریەم: "جا تازە چ سوودێکی هەیە؟ ئەو دەتوانێت گەنجێتیم بۆ بگەڕێنێتەوە؟ دەتوانێت بمباتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و نەهێڵێت کەس دەسـتدرێژی بکـاتە سـەرم؟ دەتوانێـت چارەنووسـم بگۆڕێت؟"
دادوەرەکە ویسـتی بڵێـت: هەی گەمـژە. بەڵام نەیگـووت، تەنیـا گـووتی: "ئـاخر چ نووسـەرێک ژیـانی پـڕ لە خۆشـبەختی

پاڵەوانەکـانی نووسـیوەتەوە تـا ئەو دووەم کەس بێـت؟ ئەو بە هەموو سزاکانم قایلە، بەڵام بە گۆڕینی چارەنووسی ئێوە نا."

# سکاڵاکاری چوارەم (کامیار)

مــن کامیــارم، کــوڕی مــریەم، بەر لەوەی بــێمە نــاو ئەم چیرۆکەوە وەک دایکم هەمیشــە بۆی دەگێڕامەوە لە ســەرەتای شەڕی ناوخۆ لەدایکبووم، ڕۆژێک بەرلەوەی من لەدایکبم باوکم لە شــەڕی براکوژیدا دەکوژرێت، دایکم هەرگیز دەستی لە من بەرنەدا، هەموو تەمەنی خۆی خستە پێناوی منەوە، دایکی پێش چیرۆکەکەم ناوی پەری بوو...، بە جلە ڕەشــەکانییەوە جوانتر و بەهەیبەتتــر دەردەکەوت، ئەو هەمیشــــە وێنەیەکــی بــاوکمی بە پەتێکی ڕەشەوە لە ملدا بوو...

دادوەر: "تۆ ڕازی بوویت بە ڕۆڵەکەت لەم چیرۆکەدا؟"

کامیار: "نازانم... هەر نازانم باوکیشم کێیە؟ منداڵێکی گەمژە و گۆشەگیر... لە هەمووان سکاڵام زیاترە، بەڵام لێشت ناشارمەوە لە هەمــووان بەختەوەرتــرم، خۆشــی و ناخۆشــییەکانم هاوتــان، خۆمی بە هەر جۆرێک خولقاندبێت ڕازیم. بەڵام سکاڵای لێدەکەم لەســەر خولقانــدنی دایکــم، ئــاخر چــۆن دەبێــت دایکێکــی وەهــا بەجەرگم هەبێت لە پێش چیرۆکەکەدا و لەناو چیرۆکەکەدا ببمە کوڕی لەشفرۆشێک...، کاتێک من باوکێکی شۆڕشگێڕم هەبێت و لێرەش نەزانم باوکم کێیە. من لێی خۆش نابم، لەسەر مافی خۆم نا، بەڵکوو لەسەر مافی دایکم.

## سکاڵاکاری پێنجەم (باوەژنەکەی بەفر)

ناوم هەنارەیە. لە گوند زەحمەتی زۆرم بینیوە، بە گۆزە لە کانی ئاوم هێناوە، لەبەر گەرما دروێنەم کردووە. پشتیرم ماڵیوە. لەگەڵ تاریک و ڕوونیی بەیانیدا لەخەو ڕابووم و تا زەردەی ئێوارە کارم کردووە ، بەڵام دڵخۆشبووم، لەگەڵ ڕۆژ بە ڕۆژی گەورەبوونمدا چێژم لە ژیان دەبینی، هەمووان چاویان لەسەر جوانییەکەم بوو، وەک کچانی هاوسەردەمی خۆم نەبووم. بەر لەوەی ئەڵقەی دەستگیرانی بگۆڕینەوە دوو ساڵ بوو لەگەڵ سمکۆی کوڕی ئاغادا پەیوەندیی خۆشەویستیمان هەبوو...

ئەم نووسەرە منی لە سمکۆ کرد... پێی بڵێن سمکۆم بۆ بگەڕێنێتەوە، تەنیا بەوە لێی خۆش دەبم، ئێمە تەنیا یەک شەو بوو، پێک گەشتبووین کە نووسەرەکە منی خستە ناو ئەم چیرۆکەوە، ئەو کاتە باوکی بەفر وەک دەیانگووت:"موستەشار"ی ئەو جاشانە بوو کە پێش زیل و دەبابە و تراکتۆرەکان دەکەوتن بۆ وێران کردنی گوندەکان، لەنێوان دەیان کچ و ژندا پەنجەی خستە سەر من و لەگەڵ خۆیدا بردمی...، بردمی بۆ سەر تەنوورێک، لەوێی حەشاردام و گووتی: "بە هیچ جۆرێک لێرە ناجوڵێیت تا دێمەوە بە شوێنتدا." دەمم بووبوو بە پەلاس مەتارەیەکی دایە دەستم و گووتی: "مەترسە ئاوە بیخۆرەوە. زۆرم تینوو بوو بینم نا بە مەتارەکەوە.

زۆر لێی پاڕامەوە لەگەڵ ئەوان بمبات گووتی: "دەبێت نزا بکەی کە ڕزگارت دەکەم."هیچم نەگووت، لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا هەر ئەوەندەی چاو غافڵ بکات هەڵدێم، بەڵام کاتێک بەئاگا هاتمەوە، لە سەیارەیەکدا بووم، چاو و دەمیشم بەسترابوو، تەنیا دەنگی ئەوم بیست، گووتی: "بەڵێنەکەی خۆمم بەجێهێنا ڕزگارم کردیت." چ ڕزگارییەک؟ هەتا ئێستاش خەون بە هاوسەرەکەمەوە دەبینم، ئەو گووتی: "حەیفە تۆ ئەنفال بکرێیت."

زۆرم ڕق لەم نووسەرەیە، دەمەوێت هەرچی زووە دادگایی بکرێت، ئاخر ئەو هەمووومانی بەدبەخت کرد، ئەو کارێکی کرد هەمووومان شەرم لە خۆمان بکەین، هەر کەسێک ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە من دەداتە بەر تانە و پێمدەڵێت: "ئاخر کچە کوردەکان هەرگیز کاری وا ناکەن، هەرگیز ئەوەندە دڵڕەق نین، تۆڵە لە کەسێکی بێتاوان بکەنەوە... ببورن ئەوەی ئەم نووسەرە نووسیویەتی، تەنیا خەیاڵ و هەستی خۆیەتی نەک من...

دادوەر: "ناتەوێ هیچی تر بڵێیت؟"

باوەژنەکەی بەفر: "نا...چونکە هەرچی بڵێم لە ژان و ئازاری من کەم ناکەنەوە.

## سکاڵاکاری حەوتەم (ئەفسەری باڵا)

دادوەر: ئەفسەری باڵا تۆ چیت هەیە؟
ئەفسەری باڵا بەبێدەنگی دانیشتبوو، ملپێچێکی ئەستووری لە گەردنی ئاڵاندبوو، تا جێگەی برینە گەورەکەی ملی دیار نەبێت. بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو تەواو ئاسەواری برینەگەورەکەی گەردنی بشارێتەوە، چاوی هەر لەسەر بەفر بوو، بە دەنگێکی هێمنەوە گووتی: "هیچم نییە بیڵێم تەنیا داوا دەکەم جارێکی دیکە بە چیرۆکەکەیدا بچێتەوە، خۆی تێدەگات دەڵێم چی."

## تۆمەتبار

منی نووسەر، زمانم لە کلیلە چووبوو، تاکە تاوانبار بووم کە هەموو پەنجەکان ئاڕاستەی من دەکران، خۆمم کۆکردەوە و ویستم منیش بەرگری لە خۆم بکەم، بەڵام نەمتوانی وشەیەکیش بڵێم، وردە وردە هەستم کرد شتێک لەژێر پێمدا دەجووڵێت. زەوی دەلەرزی، هەستم کرد ژێر پێم قڵیشایەوە و کەوتمەوە ناو بۆشاییەوە. بەڵام ئەم جارە هەستم کرد بە توندی دەمدەنەوە بە زەویدا. چاوەکانم کردەوە هێشتا لەسەر جێگە خەوەکەم بووم؛ هەمان ژوور و هەمان بنەبان و هەمان تەپەتۆر و پانکە و هەمان دیوار. ترسێکی زۆرم لێ نیشت. هەموو گیانم شەڵاڵی ئارەق بووبوو، کاتژمێرەکە پێنج خولەک لە دوو لایدابوو، هێشتا دەنگیان لە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە کە هەموو بە یەک دەنگ بە دادوەرەکەیان دەگووت: "یان دەبێت لە سێدارەی بدەن، یان دەبێت ژیانێکی خۆشترمان پێ ببەخشێت. یان دەبێت ئێمە لە چیرۆکەکەی دەربکات".سەیرێکی لاپتۆپەکەمم کرد و خێرا کردمەوە و چوومە سەر ئەو فایلەی کە چیرۆکەکەم تێدا نووسیبووەوە، جارێکی تر چیرۆکەکەم خوێندەوە.

# ئەو چیرۆکەی لەسەری دادگایی کرام

# بەشی یەکەم

**بەفر...**

چەند مانگێکی تر دەبم بە هەژدە ساڵ، قژێکی کاڵی ئاڵۆزکاوم هەیە، چاوم شینە و سپیکەلەم. جلێکی درێژی سوورم لەبەردایە. لەو جوگرافیایەم کە بۆخۆم خولْقاندووە، نەرم نەرم هەنگاو دەنێم و لە یەک بە یەکی دیمەنەکانی دەوروبەرم ورد دەبمەوە، لای ڕاستم دەریایە و لە لای چەپمەوە بە دووری هەزار مەترێک لەولاترەوە دارستانێکە، چلۆپۆپی درەختە بەرزەکان بەیەکداچوون و هێندە چڕ بوونەتەوە، کە بە ئاسانی ناتوانیت بە نێوانی دارەکاندا ڕەت ببیت.

لەبەر خۆمەوە دەڵێم:"لەوانەیە داربڕەکان ئێرەیان بیرچووبێتەوە، خۆشبەختانە کەسێک نییە پێیان بڵێت: ئێوە کون بە کونی ئەم مەملەکەتە بە شوێن دارێکدا دەگەڕێن تا بیبڕن، ئێستا بۆ چاوتان ئەم دارە بەرز و زەبەلاحانە نابینێت؟ ئەوەندە بەرز بوونەتەوە دەڵێیت؛ دەیانەوێت پێشبڕکێی گەیشتن بە هەور بکەن. لەوانەیە ئەوان هەرگیز ئێرە پێ نەزانن و ئەم دارستانە تەریکە نەدۆزنەوە".

سەرم بەرز دەکەمەوە و باڵندەکان دەبینم یاری دەکەن و جریوەیان دێت، دەفڕن و دەنیشنەوە. لێیان ورد دەبمەوە، بە ئاستەم هەست بە تیشکی بێتینی خۆر دەکەم، چاوەکانم لێکدەنێم، ئاهێک هەڵدەکێشم و خۆزگە بە بەختەوەری و ئازادیی باڵندەکان دەخوازم، سەر دەلەقێنم و دووبارە بەدەم ڕێگاوە دەست دەکەمەوە بە قسەکردن، "لێرە هەست بە دڵەڕاوکێ ناکەم،

ئاخر ئێرە زۆر دوورە لەو مەملەکەتەی کە خودانەکردە شێرێک، پڵنگێک یان هەر ئاژەڵێکی تر بە هەڵە ڕێی تێ بکەوێت بیگرن و لە قەفەزێکی بنێن و لە باخچەی ئاژەڵاندا بیکەن بە پەند، کەس نەوێرێت لەبەر بۆگەن لێیان نزیک ببێتەوە تا کاس نەبێت."

دادەنەومەوە و لەو کەڵەمێروانە ورد دەبمەوە کە بە خێرایی و بە هەنگاوە بچووکەکانیانەوە دێن و دەچن، لە خۆڵ زیاتر هیچی تریان دەست ناکەوێت، ئاخر ئەم گەمژانە لەم دارستانەدا چی دەخۆن بۆ کوێ دەچن؟ تەنها منم کە جار جار کەوچکێک برنج لەبەردەمی شارەکەیاندا ڕۆدەکەم نارۆم تا هەموو دەنکەکان هەڵنەگرن و نەیانبەن.

************************

کاتێک چاو دەکەمەوە دەبینم، کەوچکێک برنجم لەبەردەم ئەو شارەمێروولەیەدا ڕۆکردووە کە لە درزی دیواری ژوورەکەوە دێن و دەچن، ئەو ژوورەی منی تێدام شەش ژنی زیندانی تری تێدایە، کە تەمەنیان لەسەروو هەژدەساڵییەوەیە، هەرچەندە مات و بێدەنگن، بەڵام بە چاوی ئیرەییەوە لە من دەڕوانن، ئاخر تا ئێستا ئەوان نە چیرۆکێکیان خوێندووەتەوە، نە خەیاڵ بۆ هیچ شوێنێکی بردوون، ئەوان شێوەی ڕووناکیشیان بیرچووەتەوە، کاتێک باسی خۆریان بۆ دەکەیت ناتوانن مەزەندەی شێوەکەشی بکەن. من وەک ئەوان نیم بە لایەنی کەمەوە ماوەیەکی کەمە لێرەم، چۆنم بوێت خەیاڵ دەکەم. بۆ ئەوەی هەموو ئەو ڕووداوانەم بیربچێتەوە کە ڕوویان داوە.

ئەوان ڕێک بە پێچەوانەی منەوەن. هەمیشە لەو ڕۆژەدا دەژین، کە تاوانەکەیان تێدا کردووە. هەمیشە لەو جوگرافیایەم دادەبڕن، کە خۆم جوانترین نەخشەم بۆ کێشاوە و پڕم کردووە لە بەختەوەری. ئێستا ماندووم، نامەوێت ئێوەش ماندوو بکەم، بەڵام دواتر درێژەی هەموو چیرۆکەکەتان بۆ دەگێڕمەوە، بۆ ئەوەی بەم جۆرە نەیەمە بەردیدەتان کە کچێکی چەتوونی بێ ئابڕووم، هەرچیم ویستبێت کردبێتم، وەک مافیاکانیش پیاوم کوشتبێت و دەستم نابێتە کەمەرم و لەدوای ئاوڕدانەوەیەکەوە گەڕابێتمەوە و دواگوللەم نابێت بە سەریانەوە و بەجێم هێشتبن، بە چاوی بەزەییەوە وەک قوربانییەک لەوان مەڕوانن، منیش وەک سۆزانییەکی جەللاد، هێشتا زۆر شتی تر ماوە بۆتان باس بکەم و قسەی لەبارەوە بکەم.

من هەر لە یەکەمین لێکۆڵینەوەدا دانم بە هەموو شتێکدا نا، بەڵام ئەوان تەنها ئەو شتانەیان نووسی کە خۆیان باوەڕیان پێی هەبوو، هۆی کارەکەیان لا گرنگ نەبوو. ئێستا دەمەوێت کەمێک پشوو بدەم.

## بەشی دووەم

**بەفر...**

ئێســـتا دەمەوێـــت دووبـــارە بگەڕێـــمەوە بـــۆ جوگرافیـــا دەسـتکردەکەی خـۆم، بیهێنـنە بەرچـاوی خۆتـان، ئێسـتا دەمەو ئێـوارەیە، بەتەنیـا لەسـەر ئەو دەریـایە دانیشـتووم، کە ڕەنگـی پرتەقاڵی خۆرئاوابوون زاڵ دەبێت بە سەر ڕەنگە شینەکەیدا، لە ئاوێنەیەک دەچێت تیشکەکانی خۆر خۆیانی تێدا ببیننەوە، ڕەنگە ئەو پرسـیارەت بە مێشـکدا بێت و بڵێیـت ئایـا دەریـاش لە کـاتی ئاوابوونی خۆردا ڕەنگی خۆی دەگۆڕێت؟

شەپۆلەکان هیچ کات لە سەمای خۆیان ناکەون و بە پێچەوانەی ئـاوابوونەوە دەڕۆن، چێـژ لەو دیـمەنە وەردەگـرم، ماسـییەکان دەورم لـــێ دەدەن، بە چاوەکانیانـــدا دیـــارە داوای گێـــڕانەوەی چیـــرۆکێکم لـــێ دەکەن، منـــیش وەک چیرۆکخـــوانێکی شـــارەزا هەرجارە و لە پنتێکی چیرۆکی نەهامەتییەکانی خۆمەوە دەست پێدەکەم، باسـی دڕنـدەیی و ترسـناکیی مرۆڤەکانیـان بـۆ دەکەم لەسـەر جوگرافیـایەکی نەفرەتلێکـراو، پـێم گووتـوون:"مرۆڤەکـان ددانەکانیان بچووکە، بەڵام یەکتری هەلاهەلا دەکەن."پێم گوتوون: "ئەوان گۆشتی یەکتری ناخۆن، تەنها لە واشە دەچن."

پێم گووتوون: "ئەوان ڕۆژانە بە هەڵکەندنی چاڵەوە خەریکن بۆ یەکتری و هەندێک جار خۆیانی تێ دەکەون و جاری واش هەیە، خەڵکانی تر." پێم گووتوون: "هیچ کەس بێتاوان نییە، هەندێک بە بێـدەنگی تـاوانی گەورە دەکەن، هەنـدێکی تـر بەهـۆی بەرزیـی دەنگیـانەوە تاوانبـار دەکـرێن، لاتـان سـەیر نەبێـت کە دەڵـێم

دوژمنەکـان کەمتـر ئـازاری یەکتـری دەدەن. ئەوان ڕووبەڕوو یەکتـری بریندار دەکەن مرۆڤەکـان پشـتیان هەمـووی جێبرینـی دۆستە. ئاخر دۆستەکان شارەزاترن لە برینداركردنی یەکتریدا، جـێگەی ئازارەکـان پێـدەزانن. خەنجەرەکـان لەو جێگەیـانە هەڵدەچەقێنن کە دەزانن ئێشتان زیاتر پێ دەگات. هەندێک هەر بەو برینانە دەمرن."

کاتێک ماسییەکان سەرسام و ئەبڵەق ڕوو بە من دەوەستن هەندێکیان بیریان دەچێتەوە سەرێک بکێشنەوە ژێرئاوەکە تا هەناسە بدەن، گەلێک جار ماسییە کەم ئەزموونەکان خەریک بووە بخنکێن یان خنکاون، جارجاریش بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونەدات خۆم سەریانم نوقم کردووە، تا لە خنکان ڕزگاریان بکەم و دواتر دەستم کردووەتەوە بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەم، وەرن سەیری ئەو هاوکێشەیە بکەن. ئێمە بەرگەی ئەوە ناگرین بۆ ماوەیەکی کورت لەژێر ئاودا بمێنینەوە لە بەرامبەردا ئەوانیش ناتوانن بێ ئاو بژین. زۆرجار بیر لە هاوسەنگیی گەردوون دەکەمەوە.

هەندێک جار خۆم وەک تەڕەزان هاتووەتە بەرچاو لەو ڕووەوە کە توانیویێتی لەگەڵ ئاژەڵەکاندا دۆستایەتی بگرێت و بژی، ئەو لە ڕەگەزی نێر بووە و من مێ. ئەم هەستە پڕ لە ئازایەتییەم دڵخۆشم دەکات، لای ئەوان هیچ کات دانم بەو ڕاستییەدا نەدەنا بڵێم:"منیش مرۆڤم، چونکە شەرم دەکەم ئەوان بە چاوی مرۆڤەوە لە من بڕوانن."

"هەمیشە لەوە دەترسم ئاژەڵەکان بزانن کە من مرۆڤم، لەوەش ترسهێنەرتر ئەوەیە کە بزانن بکوژم "

## بەشی سێهەم

## یەکێک لە ژنە زیندانییەکان...

بەفر تاکە ژن بوو، لە هیچ کام لە ئێمە نەدەچوو، نە قسەی لەگەڵ کەسدا دەکرد و نە دەمانزانی لەسەر چی بەند کراوە؟ هەتا ئەو شەوەی سەرینەکەمان لێ دزی، ئاخر ئەو هەر کات سەری دەخستە سەر ئەو سەرینە دەستی دەکرد بە وڕێنە، نا... وڕێنەش نەبوو چیرۆکێکی تەواو بوو. هەندێک جار بێزار دەبووین لە گێڕانەوە و ورتەورتەکانی، جارجار لەنێوان خۆماندا دەمانگووت: دەبێت ئەم کچە لێرە بەرنە دەرەوە و ببرێت بۆ نەخۆشخانەی دەروونی، بەڵام کوا لەزیندانـدا کەس گوێت لێدەگرێت. شەوێک بڕیارماندا تۆڵەی ئەو بێزارکردنەی لێ بکەینەوە، بۆیە کاتێک ویستی بخەوێت، سەرینەکەمان لێ سەند و خستمانە ناوەڕاستی ژوورەکەوە و بازنەیەکمان بەدەوریدا دروستکرد و دەستمان کرد بە خولانەوە، پێمان وابوو بێزار دەبێت، بەڵام ئەو بێئەوەی ئەو ڕەفتارەی ئێمەی بەلاوە گرنگ بێت چاوەکانی داخست و سەری نایە نێوان ئەژنۆکانییەوە و دەستیکرد بە ورتەورت کردن، سەرەتا بڕیارماندا گوێی لێنەگرین، بەڵام بێ ئەوەی کەسمان هەست بە خۆمان بکەین، کەوتینە ژێر کاریگەری گێڕانەوەکەیەوە، پێدەچوو چیرۆک بۆ کۆمەڵێک ئاژەڵ بگێڕێتەوە. بەم جۆرە دەستیکرد بەگێڕانەوە:"هەبوو نەبوو کەس لە خودا گەورەتر نەبوو. لە مرۆڤ دڕندەتر نەبوو. پیاوێکی کەتەی باڵابەرزی سپیکەلەی

کەمێک ڕیشنی دەموچاومۆن هەبوو پێیان دەگووت: "گورگ"وەک ئەوەی گورگێکی ڕاستەقینە لەبەردەمیدا بێت سەرێکی هەڵبڕی و چاوی لەجێگەیەک بڕی و گووتی: "ببورە گورگی بەڕێز ئەو وەک تۆ میهرەبان نەبوو".

"ئەو گورگە نامیهرەبانە هەرچی بەردەست کەوتبا، دەیکرد بە نێچیری خۆی. بەفر یەکێک بوو لە نێچیرەکانی. کچێکی سپیی وەک بەفر بوو قژێکی ئاڵتوونی هەبوو. چاوەکانی شینی ئاسمانی بوون، هەمیشە بریسکەیەکی درەوشاوەیان تێدا بوو، وەک ئەوەی دوو دڵۆپ فرمێسکیان تێدا قەتیس مابێ، تەمەنی لەنێوان شازدە بۆ حەڤدە ساڵیدا بوو. دەنگێکی ئەفسوناویی هێمنی هەبوو. هەمیشە گەرووی پڕ بوو لە ئاوازی ئاه و حەسرەت هەڵکێشان. لەژێر چەپۆکی باوەژندا تا دەهات لاواز و لاوازتر دەبوو. بەتایبەت لەدوای مردنی باوکییەوە. گورگ ئەم پارووە چەورەی ئاسان بۆ قووت دەچوو.

گورگ بەفرەکەی ئێمەی لە باوەژنەکەی کڕی و جلی سپییان لەبەرکرد و وەک بووک ڕازاندیانەوە بۆ گورگ نا...

هەر لێرەوە چیرۆکەکەمان دەست پێدەکات. کاتێک برایە ماڵێکی ڕازاوەی پڕ لە گوڵ و گوڵزارەوە، لەسەر مێزێک دایاننیشاند پڕ بوو لەو جۆرە خواردنانەی تەنانەت لە خەونیشدا تامی نەکردبوون، منداڵئاسا لە یەک بە یەکی خواردنەکانی تاقییکردەوە. کاتی خەو گورگ ڕۆشت. کابرایەکی بەتەمەنی ناشرینی سەرڕووتاوەی ورگ زل کە لە ئێوارەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێت بەرامبەری دانیشتبوو خەریکی خواردنەوەی مەی بوو

لەژێـر وێنەیەکـی گەورەی خۆیـدا کە لەگەڵ چەنـد بەرپرسـێکی وڵاتـدا گیرابـوو. پێـدەچوو ئەویـش یەکێـک بێـت لە دەسـتەی بەڕێـوەبەرانی دەوڵەت، کـابرا بـرۆ پـڕە درێژەکـانی لە هـێلانەی کوکـوختی دەچـوون، چـاوە بەقووڵاچووەکـانی ئەوەنـدەی تـر شـاردرابوونەوە، بە دەسـتێک بەرگـی شـینی کـاڵی خەتـخەتەوە دەسـتی بەفـری گـرت و بـردی بـۆ ژووری نووسـتنەکە. بەفـر بەبێدەنگی و ئارامییەوە هەنگاوی دەنـا. بە دەنگی گڕ و ناسـازی کـابرا بەخـۆدا هـاتەوە کە گووتی: "بەخێر بێیت بۆ نـاو ژیـانێکی نوێ."

بەفر بە دەنگێکی لەرزۆک و ترسـاوەوە وەک ئەوەی دەنگەکە لە قـووڵاییی بیـرێکەوە بێـت گـووتی:"گورگ...گـورگ کـوا.. گـورگ لەکـوێی؟"دەنگـی زیـاتر بەرز کـردەوە و لەچـواردەوری خـۆی دەیڕوانی و بەرزتر هاواری کرد، دەنگی لەو مـاڵە گەورە چۆڵەدا دەنگـی دەدایەوە و هـاواری دەکـرد:"گـورگ لەکـوێی؟" کۆتاجـار بەدەنگێکـی کزتـرەوە بەڵام بە قـورگێکی گیـراوەوە کە تـۆنێکی ئەفسـوناوی دابـوو بەو ڕسـتەیە و پڕ بـوو لە بێهیـوایی گـووتی: "گورگ لە کوێی؟"

کابرای سەرڕووتاوە گووتی: "دەنگی تۆ نەک بە گورگ، بە هیچ کوێ ناگات."

بەفر بەگریانەوە و بە قورگێکی گیراوەوە گووتی: "گورگ تۆ لە کـوێی؟" ئەو ڕسـتەیەی بەجـۆرک گـووت کە پڕ بـوو لە هەسـتی بێدەسـەڵاتی. کـابرای سـەرڕووتاوە بە تـۆنێکی گاڵتەجـاڕانەوە گـووتی: "ئەو پـارەی خـۆی وەرگـرت و ڕۆیشـت، تـا سـبەی ئەم

کاتانە نایەتەوە." لێوە ڕەشـهەڵگەڕاوەکەی لێک جودا کردنەوە و ددانە زەردهەڵگەڕاوەکـانی دەرکەوتـن دەنگێگ لە گەرووی هـاتە دەرەوە وەک پێکەنینێک لە قوڕگێکی نووساوەوە بێتە دەرەوە، تا دەهـات تـرس سـەراپای بەفری دادەپۆشـی وەک بیی نـاو ئـاو لە ترســـدا هەڵـــدەلەرزی. لەو کـــاتەدا کە هەردووکیـــان هێشـــتا لەبەردەمی ژووری نووستنەکەدا بوون. بەفر دەستی لە دەستە ئەسـتوورەکانی کـابرا سـەر ڕووتـاوەکە ڕاتەکانـد و پاشـەوپاش گەڕایەوە و کەوت بەو مێـــزەدا، کە لەناوەڕاســـتی ژوورەکەدا دانرابوو دوو مۆمدانی شینی لەسەربوو، لەگەڵ گوڵدانێکی پڕ لە گـوڵی سروشـتی، مێزەکە لەرەیەکـی کـرد. کـابرای سـەرڕووتاوە لەدوای خۆیەوە دەرگەکەی بە کلیل داخسـت و کلیلەکەی خستە گیرفـــانییەوە و وردە وردە هەنگـــاوی بەرەو لای بەفرنـــا، وەک ئەوەی دان لە نێچیرێک جیڕ بکـاتەوە ددانە زەردهەڵگەڕاوەکـانی لەیەکتری دەخشاند و جیڕی دەکردنەوە.

بەفـر لە جـێگەی خـۆیەوە گـووتی: "بە نەفـرەت بیـت." کەمێـک هێـورتر خـۆی نیشـاندا و گـووتی: "باشـە، کە وایە ئەمشـەو مـن بووکی تۆم بەڵام ڕێگەم بدە کەمێک ئارام ببمەوە." کابرای پیرە لەگەڵ ئەوەی متمـــانەی بە قســـەکانی بەفـــر نەکـــرد بەڵام ڕێگەچارەیەکی تریشی نەبوو. بەفر دووبارە گەڕایەوە دواوە و ئەم جارەیان بە مەبەست خۆی کێشـایەوە بە مێزەکەدا، گوڵدانە شووشـە پڕ لە گـوڵەکە کەوتە سـەر زەوییەکە و شـکا، بەفر بە زۆرزانیـــیەکەوە گـــووتی: "ببـــورە، دەبێـــت پـــارچە شـــکاوەکان کۆبکەمەوە، پارچە گەورەکەی هەڵگرت و لە ناخافڵدا لە پشتەملی

کابرای سەرڕووتاوەی هەڵچەقاند. خوێن وەک فوارە بە لاملی کابرادا جۆگەلەی بەست و هاتە خوارەوە. کابرای سەرڕووتاوە ویستی شاڵاو بۆ بەفر بەرێت بەڵام نەیتوانی و کەوت بە زەویدا. بەفر کلیلەکانی لە گیرفانی کابرای سەرڕووتاوە دەرهێنا و دەرگەکەی کردەوە و ڕایکردە دەرەوە، گەیشتە حەوشە، هێندەی زانی کەسێک لە دواوە دەستی خستە سەر دەمی بردییە دەرەوە..." .

*********

بەفر بێدەنگ بوو، نەدەگریا بەڵام فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە، بەسەرسامییەوە لە ئێمەی ڕوانی کاتێک بینی هەمووومان بەبێدەنگی لەدەوری دانیشتبووین. سەرینەکەمان دایەوە و هەریەکەمان چووینەوە سەرجێگە خەوەکەی خۆمان. نە ئەو شتێکی گووت و نە ئێمە.

## بەشی چوارەم

## گورگ...

لە دەرفەتێکی تردا باسی ناسینی بەفرتان بۆ دەکەم، بەڵام ئێستا نا...

کاتێک عاشقی بەفر بووم بڕیارمدا واز لەم کارە قێزەونە بهێنم و دەست بە ژیانێکی ئاسایی بکەم، بۆیە ڕۆژێک چوومە لای ئەفسەری باڵا، کە بەفر پێیدەگووت:"کابرا سەرڕووتاوەکە" پێمگووت:"کاری من لێرەدا کۆتاییهات".

هیچی نەگووت، تەنها ناونیشانێکی دامێ کە لەسەر پارچەیەک کاغەز نوسرابوو، کاتێک خوێندمەوە تووشی شۆک بووم، گووتی:" دواهەمین کاری تۆیە بۆ ئەم شەو"

دەبوو چی بڵێم؟ کاتێک ئەو بەر لە من دەستپێشخەری کردبوو، بڕە پارەیەکی باشی دابوو بە باوەژنەکەی بەفر و تەواوی پێداویستی سەفەری بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ڕێکخستبوو...

بێ ئەوەی شتێک بڵێم ئەویم بەجێهێشت.

ئێوارە گەیشتمە بەردەمیماڵی بەفر، بە جلێکی سپیی نیمچە ڕووتەوە بینیم، زمانم لاڵ بوو، بەفر وەک منداڵێکی یاخی لە زیندان ئازاد بووبێت؛ بەوپەڕی دڵخۆشییەوە هات لەپێشی ئۆتۆمبیلەکەدا دانیشت، ماچێکی کردم و گووتی: "دڵنیابم جارێکی تر نامگەڕێنیتەوە بۆلای ..." لەکاتی گووتنی ئەو ڕستەیەدا ئاوڕێکی بۆ لای باوەژنەکەی دایەوە، کە لەبەردەمی دەرگاکەدا

وەستابوو دەستێکی بۆ بەرز کردبۆوە بۆ ماڵئاوایی. هیچم نەگووت.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە ماڵی ئەفسەری باڵا بووم، تەنها چاوم لە چاوە شینەکانی بەفر بڕیبوو. ئەفسەری باڵاش خەریکی خواردنەوەی مەی بوو.

وەک پێشتر بڕیار بوو بڕۆم ڕۆشتم، هێشتا نەگەیشتبوومە لای دەرگای کۆڵان گوێم لە دەنگی بەفر بوو بانگی کردم، لەنێوانی گەڕانەوە و ڕۆیشتنێکی ئەبەدیدا لەگەڵ خۆمدا لە شەڕدا بووم، یان دەبوو بەفر بەدەستبهێنم، یان دەبوو بۆ هەتا هەتایە لەدەستی بدەم، لە حەوشەکەدا دەهاتم و دەچووم، پێم لە گەڵا وەریوەکان دەنا و دەمویست هەرچی داخی چەند ساڵەیە بەوانی بڕێژم. کاتێک لەو درەختە ڕووتەڵانە ڕادەمام، کە لەبەر ساردی باکە هەڵدەلەرزین؛ جەستەی هەڵلەرزیوی بەفرم دەهاتەوە بەرچاو. دەنگی داخستنی توندی دەرگاکە ڕایچڵەکانم، بەفرم لەبەر شەوقی گڵۆپەکە بینی کە بە کراسە سپییە خوێناوییەکەیەوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، دەیویست هاوار بکات.

خێرا بەرەو ڕووی چووم و دەستم خستە سەر دەمی، بەرلەوەی بیگەیەنمە ناو ئۆتۆمبیلەکە کە لەبەردەمی دەرگای دەرەوەدا ڕامگرتبوو بێهۆش بوو.

# بەشی پێنجەم

**بەفر...**

لە جوگرافیا دەستکردەکەی خۆمم، هەموو ئاژەڵەکان بەر لە من لەوێن، چاویان لە چاوم بڕیوە، گورگ پەرۆشتر لە هەموو ئاژەڵەکان لە چاوەکانم ڕاماوە، دڵنیام کۆڵێک قسەی نەگوتراوی لە دڵدایە، بەڵام هیچیان ناڵێت.

ماسییەکان هەموو لە مەلە وەستان و چاویان لەسەر نزیک بوونەوەمە، کەروێشکەکان خۆیان مت کردووە و مێرووەکان وەک ئەوەی شارەکەیان گواستبێتەوە بەرەو ڕووی ئاژەڵەکانی تر ڕێچکەیان بەستووە، ئەوان دەیانەوێت من لەبەرزیدابم تا هەمووان باشتر بمبینن لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەمدا، بەڵام من پێمخۆشە هەر لەسەر زەوییەکە لەنێوانیدا دابنیشم.

سەیرێکیان دەکەم و سڵاویان لێدەکەم، ئەوان تەنها بە جوڵەیەکی واتاداری سەریان وەڵامی سڵاوەکەم دەدەنەوە، بەباشی دەزانم درێژە بە چیرۆکە تەواونەکراوەکەم بدەم. دڵنیام ئەوانیش دونیایەک پرسیار لە مێشکە بچوکەکەیاندایە، هەریەکەو لە جێگەیەکدا دادەنیشێت، پەرۆشی ئەوان هەست پێدەکەم بۆ گوێگرتن لە من.

بەم جۆرە بەردەوامی دەدەم بە گێڕانەوەی چیرۆکی دەردەسەرییەکانی ژیانم. وەک پێشتریش گووتم:"ئەوان نازانن من چیرۆکی خۆمیان بۆ دەگێڕمەوە، نازانن من ناوم بەفرە، نازانن من مرۆڤم...، دەشێ بشزانن من مرۆڤم، بشزانن خۆم

بەفرم، بەڵام لەبەر خۆشەویستییان بۆ من دڵیان نەیەت دان بەو ڕاستییەدا بێین، ڕێک هەروەک ئێمەی مرۆڤ کە هەندێک جار ئازیزترین کەسەکانمان چاو لەچاومان دەبڕن و ئەوەندە جوان درۆ دەکەن، دڵمان نایەت پێیان بڵێین"بێدەنگبە ئێمە خۆمان ڕاستییەکان دەزانین" ئێستا ئەوان گوێقوڵاغن و منیش چیرۆکخوان".

"کاتێک بەفر چاوەکانی کردەوە بینی لە ژوورێکی تاریکدایە. لەسەر پێخەفێکی کۆنی چڵکن کە بۆنەکەی ڕۆژەڕێیەک دەڕوات، خۆی گرمۆڵە دەکات. چاوەکانی توند دەنوقێنێت. وێنەی کابرا سەرڕوتاوەکەی لەبەرچاو لاناچێت. گوێچکەکانی پڕ بوون لە هاواری ئەو نەفرەتییە.

وردە وردە تیشکە نەرمە سوورباوەکەی ئاسمان لە پەنجەرەی ئەو دەرگایەوە دێتە ژوورەوە، کە نیوەی ئاسنێکی تۆکمەی ڕەنگ ڕەساسییەو نیوەکەی تریشی سێ تاڵی باریکی ئاسنە بەینەکانی بە شووشە جیا کراوەتەوە، ئەو باوڵە کۆنە دەبینێت کەلای دەرگەکەوە دانراوە. دەستێک نوێنی لەسەر هەڵچنراوە، سەرچەفێکی پەمەیی بەسەردا دراوە، گوڵی گەورە گەورەی ڕەنگ تۆخی لەسەرە. لەلایەکی دیکەی دیوارەکەوە تاقێک هەیە، چەندین کەرەستەی کۆنی تێدا دانراوە، لەنێوان کەرەستەکاندا خەنجەرێکی زیوین سەرنجی ڕادەکێشێت، کە دەسکی خەنجەرەکە و کالانەکەی دوو نقێمی شین و دوو نقێمی سەوز و نقێمێکی سووریان لەسەرە.

جگە لە دەنگی چۆلەکە هیچ دەنگێکی تر نابیسترێت بەفر لە جێگەکەی خۆی هەڵدەستێت و دەست دەبات بۆ دەسکی دەرگاکە، ئاسان دەکرێتەوە. گورگ لەبەر هەیوانەکە وەستاوە، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت دەڵێت: "وەرە دانیشە، ئازیزم، کەمێکی تر نانی بەیانی ئامادە دەبێت."
ئەو هەموو هێزی خۆی لە قیژەیەکدا کۆدەکاتەوە و هاوار دەکات: "من چی دەکەم لێرە؟"
گورگ بەوپەڕی هێمنی و دڵسۆزییەوە لە ئامێزی دەگرێت و دەڵێت: "ئێستا پێویستە هێمن بیتەوە دواتر قسە دەکەین."
بەفر بەتوڕەییەوە: "ئاخر چ قسەیەک؟" سەیری دەستەکانی خۆی دەکات: "سەیر کە... سەیر کە پیس بوون... بە خوێن پیس بوون. ئیتر پاک نابنەوە... دەترسم... لە دەستم دەترسم کارێک بکە."
خێرا خێرا دەکێشێت بە گورگدا بە پاڕانەوەوە: "شتێک بڵێ شتێک بکە توو خوا پێم بڵێ ئەو کابرا سەرڕووتاوەیە چیی لێ هات؟"
گورگ هەر بێدەنگە. بەفر دەڵێت: "شتێک بڵێ تۆش هێندەی من تاوانباریت."
گورگ بە ساردییەکەوە دەڵێت: "ئەو مرد."
بەفر: "مرد!"
گورگ دووبارە لە ئامێزی دەگرێتەوە و دەڵێت:"ئەو ڕووداوە تێپەڕی."
دڵی بەفر وەک دڵی چۆلەکەیەکی ترساو خێرا خێرا لێدەدات هەناسەی توند دەبێت. چاوەکانی ئەبڵەق دەبن. گورگ هەندێک ئاو دەکات بە دەمیەوە، بەڵام ناچێتە خوارەوە و هەمووی بە

لێــوە ســپی هەڵگەڕاوەکانیــدا دێــتە خــوارەوە، جەســتەی وەک سەهۆڵ ســاردە، هەرچەنــدە نیشــتۆتە ســەر ئــارەق. گــورگ بە ســۆزێکی گەرمەوە کە تــا ئەو کــاتە بــۆ هــیچ کەســێک نەیبــوو باوەشــی پێــدادەکات و دەیبــاتە ژوورەوە و فرمێسـک بە چاویـدا دێـتە خـوارەوە و ڕووی وەردەگێڕێـت تـا بەفـر فرمێسـکەکانی نەبینێت.

کاتێک بەفر کەمێک دێتەوە سەر خۆی، گورگ پێی دەڵێت: "لێرە دەمێنینەوە تا دۆخەکە باش دەبێتەوە... لێرە هەموو شتێکی لێیە."

بەفـر بە یەک وشــەش وەڵامــی نـاداتەوە وەک ئەوەی زمـانی لە کلیلە چووبێت...."

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

بێدەنگبووم چاوەکانم بێویستی خۆم فرمێسکیان پێدا دەهـاتە خـوارەوە. سـەیرێکی ئاژەڵەکـانم کـرد، چاویـان لە چـاوم بڕیبـوو، چەند مێروولەیەک خەریک بوون بەسەر گۆناکانمدا هەڵدەزنان و دەیانویست فرمێسکەکانم بۆ بسڕن.

## بەشی شەشەم

### گورگ...

لێرەدا دەمەوێت بۆتان باسبکەم چۆن بەفرم ناسی.
ئێوارەیەک باران بەلێزمە دەباری، وەک هەمیشە ئامۆژنم دەیگووت: "دەڵێی بۆ هەتیو دەبارێت" بەو جۆرە دەباری، گوێم لە گۆرانییەکی ئارام گرتبوو لەگەڵیدا دەمگووتەوە، هێندە بارانەکە بەخوڕ دەباری فلچەکانی ئۆتۆمبیلەکە فریای سڕینی جامەکەی نەدەکەوتن، وەک تارماییی کچێکم بینی کە دەستی ڕادەتەکاند بۆم بە ئاماژەی وەستان، ئۆتۆمبیلەکەم خاوکردەوە و وەستام، تارماییی نەبوو، فریشتە بوو... جەستەی لە ئاو هەڵکێشرابوو، وەک چۆلەکە دەلەرزی، ئەو کیژە سپیکەلە قژزەردە چاوشینە تەزیوە فریشتەئاسایە، بەفر بوو، ئۆتۆمبیلەکەم ڕاگرت.
بە دەستە باریکەکانی کێشای بە جامی لای سەکندا، جامەکەم دادایەوە.
بەفر: "تووخوا کاکە گیان فریام کەوە".
من لە جوانیی و نەخشی ئەو ڕوخسارە ئەبڵەق بووم. هەر دەدوا و من بێدەنگبووم. گوێم لە دەنگی بوو بەڵام نەمدەزانی دەڵێت چی؟ چونکە تەواو خەیاڵم لای جووڵە و ڕووخساری بوو، بە دەنگی ئوتومبیلەکە داچڵەکیم کە پێیداکێشاو گووتی: گەر گوێم لێناگری بۆ وەستاوی؟ بڕۆ.
گووتم: چیت دەوێت؟
گووتی: باوکم...باوکم... بانگی دەکەم وەڵامم ناداتەوە...

کاتێک چووم، له ژوورێکی ساردوسڕدا لەسەر پێخەفێکی کۆن وەک ئێسکەپەیکەرێک تەنیا پێست و ئێسک بوو، ڕۆحی دەرچووبوو، دڵم نەهات ڕاستییەکەی پێبڵێم تەنیا گووتم:"دایکت لەماڵ نییە؟"
بەفر گووتی:"باوەژنەکەم ئەمڕۆ ڕۆشت، گووتی:"ئیتر ناگەڕێمەوە..."".
هێشتا بە دیار تەرمەکەوە بووین کە باوەژنەکەی گەڕایەوە، کاتێک ئێمەی بینی تاسا، بە توانجەوە گووتی: "من چەند ساڵە بەو جۆرە بە دیار باوکتەوە دانیشتووم، ئەمڕۆ ویستم بڕۆم و نەگەڕێمەوە، بەڵام ویژدانم نەیهێشت... "بەگومانەوە لە منی ڕوانی و سەیرێکی بەفری کردەوە و بەتوڕەییەوە بەردەوام بوو"تۆ چیت کردووە؟ ئەمە کێیە؟"
بەفر هەر دەگریا و دەیویست بابەتەکە ڕوون بکاتەوە بەڵام ئەو زیاتر هاواری بەرسەدا دەکرد، نزیکی تەرمەکە بووەوە و گووتی:" ئەوە لە حاڵی خۆت و ئەوەش کچەکەت". ویستی بە نوکە شەق لە تەرمەکە بدات و بەتانییەکەی لەسەر لابەرێت، توند گرتم و هاوارم کرد: "مردووە".
نامەوێت درێژەی زۆر بدەمێ، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا توانیم ببمە جێگەی متمانەی بەفر، لێتان ناشارمەوە خۆشمویست...

*************

ڕەنگە لاتان سەیر بێت بەفر بۆ هەڵنەهات، ئەو نە تەمەنێکی زۆری هەبوو نە پەناگەیەک بۆ مانەوە، لەدوای چل شەوی ڕەبەق لە خۆشاردنەوە لە باخەکەم کە لەدەرەوەی شار بوو،

کەم کەم بەفر خەریک بوو هێور دەبووەوە، لەو ماوەیەدا وەک منداڵێک چاودێریم دەکرد، زۆربەی شەوان تا هەڵهاتنی خۆر بەدیارییەوە دادەنیشتم و لە ئامێزم دەگرت، ئاخر کەم شەو هەبوو کابووسی ئەفسەری باڵا، کە ئەوپێی دەگووت"پیاوە سەر ڕووتاوەکە"بهێڵێت خەو بچێتە چاوی، هەمیشە وەک مۆتەکە دەستی لە گەردنی گیر دەکرد، هەندێک شەو کە بەفر بەئاگا دەهاتەوە هاواری دەکرد، گورگ... گورگ... ئەو هەموو خوێنە چییە؟ جلێکی پاکم بۆ بهێنە، بۆ ئەوەی ئارامی بکەمەوە جامێک ئاوم بۆ دەهێنا، بەفر تا دەستی هێزی تێدا بووایە ئاوەکەی هەڵدەدا و هاواری دەکرد: "خوێن ناخۆم." لە ئامێزم دەکرد و گڵۆپەکەی لای سەرم هەڵدەکرد و بە دڵسۆزییەوە دەمگوت: "ئەها گیانی من، سەیر کە، ژوورەکە چەند پاک و خاوێنە... ئەوەتا ئەوەی ڕشتت ئاو بوو نەک خوێن... ئەها سەر جێگە و بانەکەت تەڕ کردووە." بەفر کەمێک هێور دەبووەوە... چاوەکانی لەمن دەبڕی و بێدەنگ دەبوو.

بە تێپەڕینی کات، ئەو هەستە پڕ لە ترس و تۆقینەم لای کەم کردەوە.

چل ڕۆژی ڕەبەق تێپەڕیبوو، خانمی گەورە ئێوارەیەک ناردی بەشوێنمدا، من ڕەتمکردەوە کە بچم، ئەو تا دەهات زیاتر سووربوو لەسەر ئەوەی بچم بۆ لای و سەردانی بکەم.

کاتژمێر دەی بەیانی بوو کە چووم بۆ خانەکە، خانمی گەورە لە ژوورەکەی خۆی بوو، جیاوازتر لە هەر ڕۆژێک دەردەکەوت. یەکەم جاربوو جگە لە ڕەش ڕەنگێکی تر ببیم

لەبەریدا، عەزییەکی کورتی مۆری لەبەردابوو، ئارایشتێکی زۆری کردبوو، بە بینینی من لە جێگەکەی خۆی هەستا، بەرەو ڕووم هات، لە ئامێزی گرتم و بەگەرمییەوە گووتی: بۆ دیارنیت؟

هێشتا من بێدەنگ بووم ئەو گووتی: زەمەنی ئەفسەری بالا تێپەڕی ئێستا خۆمانین، دەزانم تۆش دەتەوێت دەستبەرداری ئەم بازرگانییە قۆڕە بیت، پێشنیارێکم هەیە با ئێرە بە هەموو بەدبەختییەکانییەوە جێبهێڵین و بڕۆین...

بۆ یەکەمجار زارم کرایەوە و گووتم: بۆکوێ؟

_ بۆ هەرشوێنێک تۆ دەتەوێ؟

_ من نامەوێ بۆ هیچ شوێنێک بڕۆم. بڕیار نییە ئێرە جێبهێڵم.

_ لەبەر تۆ نەبووایە دەمێک بوو ئەو بستە منداڵەم لە زیندان توند کردبوو.

_ دەتەوێ چی بڵێیت؟

_ تۆ دەتەوێ چی بکەیت؟

_ ئەوە دەکەم، کە دەبێت بیکەم.

_ بەرگەی زیندان ئەگریت؟

_ ناتوانیت ناچار بە هیچ شتێکم بکەیت.

_ بۆ بەدەستهێنانی تۆ هەمووشتێک دەکەم.

_ هەرچیم کرد بۆ بەدەستهێنانی تۆ بوو، بەڵام ئێستا دۆخەکە جیاوازە.

خانمی گەورە ئەوەندەی سیخوڕ لە دەور بوو کە هەمووشتێکی دەزانی، هەڵهاتن لە دەستی زەحمەت بوو، بۆیە پێویست بوو من

بەدوای ڕێگە چارەیەکی دیکەدا بگەڕێم. کەمێک نەرمتر خۆم نیشاندا و گووتم : بیر لە قسەکانت دەکەمەوە.

## بەشی حەوتەم

### خانمی گەورە...

عەشق تاکە پاڵنەرە کە دەتوانێت مرۆڤ ئاڕاستە بکات، قاچی گورگ لە پێناوی گەیشتن بە مندا کەوتە ئەم زەلکاوەوە، بۆیە دەبوو زۆر ئاگاداری ببم، وەک منداڵێک هەمیشە دەستم بە دەستییەوە بێت، چونکە دەمزانی هەر ئەوەندەی چاوی لێغافڵ بکەم لە چاو ونی دەکەن،  ئەوانی لەم داوەوە ئاڵاون زۆرن بەڵام هیچ کامیان ناتوانن ڕاستەوخۆ بگەن بە ئەفسەری باڵا تەنانەت پاسەوانە تایبەتەکانیشی ئاگاداری ڕووە ڕاستەقینەکەی نەبوون و نەیاندەزانی لەپشتی دەمامکەکەیەوە کێیە؟ هەمووان تەنیا ڕووکەشیان دەبینی، بۆیە ئەرکی پارێزگاری کردنی گورگم تەواو گرتبووە ئەستۆ، ماوەیەک بوو هەستم دەکرد وەک جاران نییە، نە کارەکان بەباشی تێدەپەڕێنێت، نە وەڵامی پەیوەندییەکانم وەک جاران دەداتەوە، تا دەهات زیاتر خۆی لە کارەکان بەدوور دەگرت. هەندێک جاریش بە کەسی دیکەی دەسپاردن، دەبوو هۆکاری ئەم ساردبوونەوە لەناکاوەی بزانم، چەند جار پرسیارم لێکرد، خۆی لە وەڵامەکەم دەدزییەوە هەندێک جاریش وەڵامێکی ناقایلی دەدامەوە، بۆیە بڕیارمدا یەکێک لە کوڕەکان ڕابسپێرم تا بەوردی چاوێریی بکات.

کاتێک زانیم پلانی هەیە دەستبەرداری هەمووشتێک ببێت و ژیانێکی نوێ لەگەڵ کیژۆڵەیەکی گەنجدا بەسەربەرێت، خۆم

چـووم بـۆلای ئەفسـەری بـاڵا و ناونیشـانی بەفـر و هەمـوو زانیارییەکانم پێدا، هەرخۆشم چووم گفتوگۆم لەگەڵ باوەژنەکەی بەفردا کرد و قایلم کرد کە هەموو کارێکی بۆ دەکەم و سەفەری دەرەوەی وڵاتـی بـۆ ڕێکـدەخەم و بـڕە پـارەیەکی چـاوەڕوان نەکراویشـم بـۆ پێشـنیارکرد، سـەرەتا دوودڵ بـوو، بەڵام کاتێـک هەمـوو بەڵگەنامەکـانم بـۆ ئامـادەکرد، زیـاتر متمـانەی پێکـردم و بیـانوویەکی نەمـا بـۆ قایـل نەبـوون، لە دیـداری دواتـردا لەگەڵ ئەفسەری باڵادا پلانەکەم ڕوون کـردەوە و پێمگوت": دەبێت ئەم ناونیشانە بدەیت بە گورگ تا کچەکەت بۆ بهێنێت"

هەمووشتێک بەپێی پلانەکە ڕۆشت، بەڵام هەریەکەم شـەو بەفر بە بریندارکردنی ئەفسەری باڵا سەرلەبەری پلانەکەی تێکدا...

# بەشی هەشتەم

**بەفر...**

تازە گەیشتوومەتە جوگرافیا دەستکردەکەی خۆم، ماسییەکان هەموویـــان بەســـەر ڕووی دەریـــاکەوە مەلە دەکەن، پێـــدەچێت چـــاوەڕوانیی مـــن بـــکەن، لەنێـــو دارستانەکەشـــەوە نەرم نەرم ئاژەڵەکـانی تـر بەرەو ڕووم دێـن، هەمـووان چاویـان لە چـاوم بڕیوە، بەڵام ناترسم، چونکە لەوێ هیچ کام لە ئاژەڵەکان دڕندە نـــین، ئەوان شـــەیدای گـــوێگرتنن لە مـــن، لەهەر جـــێگەیەکەوە پێمخۆشـــبێت بـێ پێشـــەکی دەســـت دەکەم بە گێـڕانەوە، ئەمـڕۆ دەمەوێت باسی ئەو ڕۆژەیان بۆ بکەم کە گورگ منی برد بۆ خانەکە.

بەم جۆرە دەست پێدەکەم...

"ڕۆژێک گورگ بە بەفری گووت: "خۆت ئامادە بکە، دەڕۆین."

بەفر بە ترسەوە گووتی: "ئەمجارە بۆ کوێ؟ نایەم"

گـورگ:"کچـێ گیـان، مـن تـا ئێسـتا بەرگەم گرتـووە و هـیچم نەوتـووە، بە گـۆڕی دایکـم خۆشیشـم دەوێـی، دڵنیـابە ئەمجـارە وانابێــت، ســـەفەرێک هـــاتۆتە ڕێـــم، نـــاتوانم ئـــاوا بەتەنیـــا لەم چۆڵەوانییەدا بێخەم بەجێتبهێڵم.

تۆ دەزانیت پیاوە سەرڕووتاوەکە چەندەی دابوو بە باوەژنەکەت بـۆ بەدەسـتهێنانی تـۆ؟ نـا ...نـازانی ڕێـک پـارەی مـارەییەکەی... ئێســتا بــاوەژنەکەت لە دەرەوەی وڵات کەیـف دەکـات و پیــاوە سەرڕووتاوەکەش لە گۆڕدا.

بەفر: من ناترسم، ئەسڵەن دەڕۆم و لێرەش نابم. منیش سەری خۆم هەڵدەگرم.
گورگ: ناتوانم بەو ئاسانییە لێرە جێت بهێڵم. ئەم جارە متمانەم پێبکە.
گورک پیاوێکی کەمدوو بوو، هەرچیت بکردایە نەتدەتوانی متمانە بە قسەکانی نەکەیت، چونکە کاتێک قسەی دەکرد بە بڕوابەخۆبوونەوە هەموو توانای خۆی بەکاردەهێنا تا بەرامبەر بخاتە ژێر کاریگەریی وشەکانییەوە، زۆر بەوریاییەوە وشەکانی هەڵدەبژارد، هەموو ڕێگاکانی لە بەفر بەستبۆوە، تاکە بژاردەی ئەو شوێنکەوتنی گورگ بوو.
بە درێژایی ڕێگاکە کەسیان متەقیان لێوە نەهات، ڕێگایەکی دوور بوو نەدەبڕایەوە، لەمبەروئەوبەری شەقامەکەوە شاخی بەرز و درەختی بەرز بوو، جار جاریش کۆتایی شاخەکان بە دۆڵ و چەم دەهاتن. سەرەتا بەفر نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆن؟
گورگ بەهێمنییەوە گووتی: "دەتبەمە خانەکە...ئەمانەتی دەستی خانمی گەورەت دەکەم"
بەفر نە دەیزانی خانەکە کوێیە و چییە؟ نەدەیزانی خانمی گەورە کێیە؟ وردە وردە نزیک دەبوونەوە لە خانەکە، کە لە شوێنێکی عاسیی شاردا بوو، بیناکە کەوتبووە ناوەڕاستی باخ و دارستان و دەوەنێکەوە، تا نزیکتر دەبوونەوە بەفر زیاتر هەستی بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکرد. خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو کە گەیشتنە بەردەمی خانەکە.

ئەوێ ژنێک بەڕێوەی دەبرد پێیان دەگووت:"خانمی گەورە"، ژنێکی بالأبەرزی ئەسمەری خرپن بوو، تەمەنی لە سەرەتای پەنجا ساڵیدا بوو، کە لە ڕووخسارە هەمیشە ئارایشتکراوەکەی ورد دەبوویتەوە سەرنجڕاکێشتر دەهاتە بەرچاو، چاوە گەورە ڕەشەکانی و برژانگە پڕ و درێژەکانی پڕ بوون لە چیرۆک، عەزییەکی ڕەشی سێچارەکی لەبەردا بوو، قاچە خڕ و ئەستوورە سپییەکانی دەرخستبوو بە پاوانەوە، کە بە هەر هەنگاوێکی نەک تەنها دڵی پیاوەکان بەڵکوو دڵی ژنەکانیشی دەهێنایە لەرزە.

یەکەم سات کە بەفر بینیی هەستێکی سەیری لەلا دروست بوو. لەگەڵ ئەو شۆخ و شەنگییەیدا خۆشینەویست، هەرچەندە ئەو بەگەرمییەوە لە ئامێزی گرت، بەڵام بەفر بەو دیدارە خۆشحاڵ نەبوو.

کاتێک گورگ ویستی بڕوات هێشتا دەستی لەناو دەستی بەفردا بوو، دووهەمین جار بوو لە دڵەوە هەست بکات پێویستیی بە گورگە، جاری یەکەم کاتێک باوەژنەکەی پێی گووت: "ئەبیت بە بووک بۆ گورگ" نەک هیچ لارییەکی نەبوو، بەڵکو بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بێئەوەی گرنگیی بەجیاوازیی تەمەنیان بدات ڕازیبوونی خۆی دەربڕی، بەڵام ئیتر ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات ڕوویدا...

******************************

نازانم چەندە لەم زیندانە تەنگ و تاریکەدام، نازانم کات کەیە و کەی ڕۆیشــتووم بــۆ جوگرافیــا دەســتکردەکەی خــۆم و کەی گەڕاومەتەوە؟ بەڵام هەســـت بە مانـــدووبوونێکی زۆر دەکەم... زۆر، ئێستا وەک جاران زیندانییەکان لیم نارِوانن، وەک جاران ئــازارم نــادەن... هەریەکەو ســەرقاڵە بە ژمــاردنی تێپەڕینــی کاتژمێرەوە، ئەوەی زیندانی نەکرێت نازانێت تێپەڕینی چرکەیەک نرخــی چەنــدە؟ چەنــدە بە ئــازارە! چەنــد قــورس دەڕوات! ڕێــک چرکەیەک لە زینـدان هاوتـای سـاڵێکە، ئـاخر زۆرێـک کە دەچـنە زینــدان هێشــتا تــاڵی ســپی نەکەوتــووەتە ســەریان، بەڵام لە مـاوەیەکی کەمدا بە ئـاوێنە بچووکەکەی دەسـتیان دەتـوانن تـاڵە ڕەشەکان بژمێرن، زیندان ئەو چارەنووسە بوو، کە هەمیشە لێی دەترسام. هەرگیـز بـاوەڕم نەدەکـرد ئـێمە بەم جـۆرە تەواوکەری چیرۆکــی یەکتــری بــین و چارەنووســمان وەک ئەڵــقە پەیوەســت بێت بەیەکەوە.

## بەشی نۆهەم

### خانمی گەورە...

هێشتا بەفر نەهاتبوو بۆ خانەکەی من، کەچی تەنها بەناوهێنانی لەلایەن گورگەوە هەستێکی سەیرم هەبوو، ئەو هەستەم بۆ هیچ کام لە کچەکانی ئێرە نەبوو. لە ناخی دڵەوە ئێرەییم پێدەبرد و ئازارم دەچێشت، کە دەمبینی گورگ بەدیار بەفرەوە دانیشتووە و بۆی بۆتە خزمەتکار، هەرگیز نەمبنیبوو بەو جۆرە نەرمونیان مامەڵە لەگەڵ هیچ کچ و ژنێکدا بکات، تەنانەت لەگەڵ هیچ کام لەو کچ و ژنانەدا نەدەخەوت کە بازرگانیی پێوەدەکردن.

ئەو کارێکی کرد کە نەدەبوو بیکات...منیش ناچار بووم کارێک بکەم...هەرچەندە ئێستا بیردەکەمەوە و بەخۆم دەڵێم: پلانەکەم چەند گەمژانە و ساویلکانە بوو کاتێک پێشنیاری هاوسەرگیریم بۆ کرد، ژنەکان چەند گەمژەن هەمیشە پێیان وایە دەتوانن دڵی ئەو کەسە بەدەست بهێنن کە خۆشیاندەوێن، بەڵام گەر پیاوێک لەناخەوە خۆشی نەویستیت و بۆت نەسووتا هەرگیز ناتوانی داوەکانی خۆتی تێوە بئاڵێنیت. ئەوان بۆئەوەی خۆیان لە داوەکانی تۆ بکەنەوە سەرەتا فریوت دەدەن تا گرێ گرێ بە دەستی خۆت دەیکەیتەوە، دواتر داوەکە لە گەردنی خۆت دەئاڵێنن. تاکە ڕێگەیەک بۆ مانەوەی گورگ لێرە پەلکێش کردنی بەفر بوو بۆ ناو ئەم داوە.

ئێوارەیەک خەریک بوو خانەکەم بەجێدەهێشت، ئۆتۆمبیلەکەی گورگ لەبەردەمی خانەکەدا وەستا، بەفری لەگەڵ بوو لە بەفر

سپیتر، قژی وەک ئاڵتوون و باڵایەکی بەرز و باریک، تا نزیکتر دەبوونەوە وردەکاریی نەخشی جوانییەکەی زیاتر دەردەکەوت، گەیشتنە بەردەمم گورگ سەیرێکی منی کرد و دەستێکی بۆ بەفر ڕاکێشا و گووتی: بەفر.

بەفر بێدەنگ بوو بەڵام ڕوخساری هەموو ئاماژەکانی تووڕەیی تیادا دەخوێنرایەوە.

دەستی توند لە دەستی گورگدا بوو، وەک ئەو منداڵەی لە قەرەباڵغیی ناوبازاڕدا توند دەستی دایکی دەگرێت تا ون نەبێت.

لە ئامێزم گرت، بەڵام هێشتا ئەو ئامادە نەبوو دەستی گورگ بەر بدات.

گورگ سەیرێکی منی کرد و گووتی: "لای تۆ دەمێنێتەوە وەک ئەوەی لەسەری ڕێک کەوتووین". لەو ساتەدا بەفر بێدەنگییەکەی شکاند و گووتی: "لەسەر چی ڕێک کەوتوون؟"

گووتم: بێخەمبە لێرە پارێزراو دەبیت تا ئەو دەگەڕێتەوە، ڕەنگە هەفتەیەک یان دووانی پێبچێت.

## بەشی دەهەم

**بەفر...**

مــن جارێــک بەرلەوەی بە خەیــاڵ بچــمە نــاو جوگرافیــا دەســتکردەکەی خــۆمەوە بیــر لەوە دەکەمەوە چــۆن و لەکــوێی چیرۆکە تەواونەکراوەکەی خۆمەوە دەست پێبکەم، بەڵام کاتێک دەگەم و دەبینم ئاژەڵەکان چەند بەپەرۆشییەوە چاوەڕێم دەکەن، هەمووشــتێک لەبیــردەکەم هەرچــی بەخەیاڵمــدا بێــت لەوێــوە دەستپێدەکەم.

ئەم جارە، دەمەوێت کە گەیشتمە جوگرافیا دەستکردەکەی خۆم، باسی عەشقی خۆم و کامیار بۆ هاوڕێ ئاژەڵەکانم بکەم و بڵێم: "مـن عاشـقی کامیـار بـووم... کامیـار کـوڕی خـانمی گەورە بـوو، خـانمی گەورە هەرگیـز هیچـی دەربـارەی کـوڕە تاقـانەکەی بـاس نەدەکرد."

"من پێم وا بوو بـاوکێکی هاوبەشـی هەیە... ڕوونتـر بیڵێم گومـان بوو لام کە تەنـانەت خـودی خـانمی گەورەش بزانێت بـاوکی ئەو منداڵە کێیە؟ بۆ جارێکیش نەمبینی ئەو بەدبەختە ژوورەکەی جێ بهێڵێت...

بەڵام... نا...هەر زوو پەشیمان دەبمەوە و بەخـۆم دەڵێم: "جـارێ باســی کامیــار نــاکەم. دەبێــت ئەوان زۆر شــتی تــر بــزانن بــۆیە دەمەوێــت باســی خــودی خــانمی گەورە و خــانەکەی خــانمی گەورەیــان بـۆ بـکەم"بـۆیە بەم جـۆرە دەســت پێدەکەم" خـانمی گەورە، بەردەوام خەریکـی خۆڕازانـدنەوە بـوو بەتـایبەت کاتێـک چـاوپێکەوتنێکی گرنگـی لەگەڵ بەرپرسـێکدا هەبـووایە. ئەو زیـاتر

مامەڵەی لەگەڵ دوو جۆر مرۆڤدا هەبوو. کچە جوان و شۆخ و شەنگەکان و بەرپرسە پیر و ناشرینەکان. هەرچەندە هیچم نەدەپرسی بەڵام ئەو زانیارییانە هێندە ئاشکرا و ڕوون بوون پێویستییان بە پرسکردن نەبوو. ئەو جگە لەوەی بەرپرسی ئەم خانە نهێنییە بوو ئەندامی یەکێک لەو ڕێکخراوە ژندۆستانە بوو کە دالدەی ژنە بێلانەکانی ولات دەدەن.

هەندێک لەو ژنانەی لەوێدا کاریان دەکرد، لە ترسی باوک و برا و مێرد هەڵهاتبوون، هەندێکی تریشیان لە ولاتانی دراوسێوە هاتبوون و بە نایاسایی سنووریان بەزاندبوو. بەگشتی ئەوێ مەڵبەندێکی بازرگانی گەورە بوو بە مرۆڤەوە.

وەک پێشتر باسم کرد خانەکە، لە جێگەیەکی عاسی شاردا بوو. لەناو دۆڵێکدا لەنێوان دوو زنجیرە شاخدا، پێم سەیر بوو ئەو پیاوانە چۆن ئەو جێگەیە دەدۆزنەوە. هەمیشە بە جۆرێک قەرەباڵغ و پڕ لە خەڵک بوو وەک ئەوەی نیوەی پیاوانی شار ئەوێ بزانن. لەو خانەیەدا بەشێکی تایبەت هەبوو بۆ لەباربردنی منداڵ. چەند دکتۆر و پەرستارێکی شارەزا بەیانی تا ئێوارە بەردەوام سەرقاڵی پێدانی ڕێنمایی تەندروستی و چارەسەری تەندروستیی ژنەکانی ئەوێ بوون، من نازانم ئەو گرنگیپێدانانە باش بوو بۆ ژنەکان یان بۆ بەردەوام بوون بوو لە کارەکەیان! لە ڕواڵەتدا خانمی گەورە ژنێکی میهرەبان بوو، بەڵام ئەو دیوێکی تری هەبوو هەمیشە لێی دەترسام. ئەو ژنانەی لەوێ بوون پۆلێن کرابوون. ئەوانەی هێشتا کچ بوون سەرەتا وەک بەنرخترین گەوهەر تەماشا دەکران، کۆمەڵێک یاسای

سەرسووڕهێنەری دانـابوو. یەکێـک لەوانە هەرگیـز نابێـت دوو جـار لەسـەریەک پیاوێـک لەگەڵ یەک ژنـدا بخەوێـت. ئەو هەر یاسایەکی بەپێی ئەزموونێک دانابوو. لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو خـانەیەدا یەکێـک لە کچەکـان دەسـت لەگەڵ موشـتەرییەکدا تێکەڵ دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی ژنەکە واز لە کارەکەی بهێنێـت و لەگەڵ خۆشەویسـتەکەیدا هەڵبـێن. ئێـوارەیەک بە مەبەستی پیاسەکردنێک خانەکە بەجێدەهێڵن و ئیتر ناگەڕێنەوە. یەکێکی تر لە یاساکان ئەوە بوو ئەوانەی وردەوردە تەمەنیان بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت دەبێت واز لە کارەکە بهێنن و وەک خزمەتکار لە خانەکەدا بمێننەوە. ئەمەش کاتێک دێت بە مێشکیدا کە چەندان کچی گەنجی لە شوێنە جیاجیاکانەوە بۆ دەهێنن و ئیتـر پێویسـت بەوە دەکـات چەنـد کەسـێک لەوانەی تـاقەتی کارەکەیـان نەمـاوە دوور بخـرێنەوە و لە جێگەیەکـی تـردا بەردەوامی بە کارەکانیان بدەن. خانمی گەورە بەم جۆرە ئەوێی بەڕێوەدەبرد، تا دەهات ئەوێ قەرەباڵغتر و پڕ کەیفتر دەهاتە بەرچاو، هەرچەندە یەک دوو حاڵەتی خۆکوشتنی تێدا ڕوودا. بەڵام هەر زوو ئەو بابەتە پەردەپۆش کرا، تا ئەوانی تریش چاوی لێ نەکەن و تووشی گرفت نەبێت.

ئەو ژنانەی لەو خانەیەدا کاریان دەکرد هیچ کامیان نە لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکرد و نە هیچ کەس چیرۆکی ئەوی تری دەزانی. تاکە کەس کە چیرۆکی هەموویانی نووسیبۆوە خانمی گەورە بوو. ئاخر هەر کەس پێی خستبایە ناو ئەو خانەیەوە، شەو و ڕۆژێک لە ژوورەکەی خانمی گەورەدا دەمایەوە و

دەکەوتە پرسیارکردن لێی، هەموو چیرۆکی ژیانی ئەو کچانەی دەنووسییەوە کە دەهاتنە خانەکەیەوە وەک ئەوەی بیەوێت سەرەتا هەرچی قسەی ناخیان هەیە دەریبهێنێت و بۆ هەتا هەتایە بێدەنگیان بکات. ئیتر مرۆڤەکانی ئەوێ کەڕولاڵ بوون.

ئەو هەندێک جار دەهاتە قسە، تا دەمی دەیگرت جنێوی دەدا بە مرۆڤبوون و نێربوون دەداو بە بەرپرسەکانی وڵاتدا دەهاتە خوارەوە، لە گەورەترینیانەوە تا بچووکتریان، لە چاکیانەوە تا خراپیان، لە گۆڕی باوەپیارەکەیەوە دەستیپێدەکرد تا گۆڕی مێردە بەدفەڕەکەی. ناهەقی نەبوو زۆر داخ لەدڵ بوو، وەک باسی دەکرد پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ شۆڕشدا هەبووە، دوای ساڵێک لە پەیوەندیی خۆشەویستی، شۆڕش بەیانییەک بێ هەواڵ دەڕوات و ناگەڕێتەوە، ئەم خانمەی ئێمەش باوەپیارەکەی دەیدات بە شوو بە پیاوێک دوو ژنی تری هەیە و بە تەمەنیش چل ساڵی ڕەبەق لەم خانمەی ئێمە گەورەترە. دەبێت بە ژنە بچووک و نازدار و شیرینەکەی ماڵ. ئەم ناز و نیعمەتە ڕووکەشە تەنها ساڵێک دەخایەنێت و شەوێک بێ هیچ هۆکارێک و بوونی هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی مێردەکەی گیان لەدەستدەدات. بەشێک لە خەڵکی ئەو سەردەمە گوتوویانە: "دەرمان خواردکراوە" ئەمە ببووە گومانێک لای خەڵکی، ئەم تۆمەتەی لەلایەن دوو ژنەکەی ترەوە بڵاو کرابووەوە. کوڕەکانی پێشتر بەردەوام و لەسەر هەمووشتێک لەگەڵ باوکیاندا دەستەویەخەبوون هێشتا لە ژیاندا بوو داوای بەشە میراتییان لێ دەکرد، لەو ساتەدا باوکیان لێ بووبوو بە نوقڵە شیرینە و

هەریەکە لە سووچێکەوە ددانی جیڕ کردۆتەوە و هەڕەشە و گوڕەشەیان لە خانمی گەورە کردووە و گووتوویانە: "ناهێڵین ئەمەت بەسەرەوە بچێت هەی مەکربازە نەزۆکەکە." وەک ئەوەی نەزانن باوکیان تەمەنی سەرووی شەستساڵ بوو، تووشی چەندین نەخۆشی بوو. کوڕەکان خانمی گەورە بە تۆمەتی کوشتنی باوکیان لە زیندان توند دەکەن لە دوای دوو ساڵ لە بێنەوبەردە و ساغکردنەوەی تۆمەتەکەدا بێتاوانیی دەسەلمێت و ئازاد دەکرێت. ئەو قژی تاڵ تاڵی ڕەشی لە زیندان‌دا سپی کردبوو. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کە بە بیست ساڵ لای تێپەڕیبوو، ژنێکی بێماڵ و بێلانە و بێنەوا بوو، دەستی دەدایە کاری ئاسان و گران لە پێناوی ژیانێکی سەربەرزانەدا لە هەر جێگەیەک کاری دەکرد لە دوای ئەوەی دەیانزانی بە تۆمەتی کوشتنی مێردەکەی زیندانی کراوە لە کارەکەی دەریاندەکرد.

ئەو تا ئێستاش دەڵێت: "من مێردی خۆمم نەکوشتووە، بەڵکوو دەمویست خۆم لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕابهێنم، بەڵام کێ گوێ دەگرێت؟"

# بەشی یازدەهەم

**بەفر...**

ئێستا گەلێک بێئۆقرەم، نامەوێت لەم بۆگەناوەدا بژیم، وەرن با پێکەوە بڕۆین بۆ مەملەکەتەکەی خۆم. لەوێ هەنگاوی هێمن دەنێم بە کەناردەریاکەدا، پێدەچێ ماسی و ئاژەڵەکانی تر ئاگاداری ئەم هاتنەم نەبن، دەمەوێت بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە، دەڕۆم و لەگەڵ شەپۆلەکاندا پێ هەڵدەگرم. جار جار پێشبڕکێ لەگەڵ یەک دەکەن و لەسەر ئەوە شەڕیانە کێ هاوهەنگاوی من بڕوات. زەردەخەنەیەک لەسەر لێومە و ئاوڕێک بۆ دواوەی خۆم دەدەمەوە. بیر دەکەمەوە چۆن دەکرێ ئەو ڕەنگانە تێکەڵ نەبن؟ من هەموو ڕەنگە ئاوێتەکان لەناو ئاوەکەدا دەبینم ئاوێنە ئاسا، لەناو دەریاکەدا سەمای خۆر دەبینم و قایەقە دروستکراوەکانیش ئەو سەمایە دەشێوێنن، بەردێکی گەورە هەڵدەگرم و دەمەوێت مەزەندەی ئەوە بکەم دەتوانم چەند مەتر هەڵیبدەم و لە کوێدا ئاوێنەی دەریا وردوخاش بکەم. من بەردەکە هەڵدەدەم زۆر ناڕوات، بەڵام شەپۆلێکی گەورەی بازنەیی دروست دەکات سەر لە نەرمەشەپۆلەکانی تر دەشێوێنێت، ڕێک مرۆڤبوونی خۆمم بیردەکەوێتەوە، مرۆڤ هەمیشە حەز بە شکاندنی ئەو جوانییانە دەکات کە پێیان ناگات. دەمەوێت بەردەوامی بدەم بە ڕۆیشتنەکەم دەمەوێت کون بە کونی ئەم مەملەکەتە بپشکنم. دەمەوێت کامیار لە بەشێکی تەریکی ئەم دونیا خەیاڵییەمدا بدۆزمەوە. دەگەڕێم، تا ماندوو دەبم. تا قاچەکانم هیلاک دەبن و چاوەکانم قورس دەبن بۆ خەو،

کاتێک چاوەکانم دەکەمەوە لە خێوەتێکدام، بۆنی خواردنێکی خۆش و بەتام بە بەرلوتمدا دێت و دەچێت. چاوەکانم زیاتر دەکەمەوە و دەست بە چواردەوری خۆمدا دەگێڕم و بە خۆم دەڵێم:"ئێرە کوێیە؟"بۆ یەکەم جارە ترس دامدەگرێت:"من لە کوێم؟"

هەر زوو دەنگی کامیار دێتە گوێم، دەنگێکی ئارامبەخشە و دەڵێت: "زۆر لەمێژە چاوەڕوانت دەکەم. ئیتر ڕێگە نادەم بەجێم بهێڵیت." توند دەستم دەگرێت و شەوقی چرا کزکراوەکە زیاد دەکات، کە بە کۆڵەکەیەکدا هەڵواسراوە، مێزێکی بچووک دەهێنێت و خواردنە ئامادەکراوەکەی لەسەر دەڕازێنێتەوە و دوو قاپ دادەنێت کە دوو لەتی یەک گوێزی هندین.

-ناتەوێت نانم لەگەڵدا بخۆی؟

-زۆریش برسیمە.

- ماسیم ئامادە کردووە، کەوایە وەرە پێکەوە نان بخۆین. چەتاڵە لە چیلکە دروستکراوەکە بە دەستمەوەیە لەسەر مێزەکە دایدەنێم و دەڵێم: "ببورە، ناتوانم گۆشتی هاوڕێکانم بخۆم من لێرە شتێکی ترم، کە نازانم چییە، بەڵام تۆ لێرەش هەر مرۆڤیت.

*************************

دەنگێک لەو دونیایەم دادەبڕێت و من لە مەملەکەتەکەم و لە کامیاریش دەکات. کاتێک چاوەکانم دەکەمەوە دوو ئەفسەری ژنن، لەژوور سەرمەوەن هەست بە برسێتییەکی زۆر دەکەم ئەوان بە من دەڵێن: "وەرە لەگەڵمان چاوپێکەوتنت هەیە."

من سەرسامم چونکە من کەس شک نابەم منی بەلاوە گرنگ بێت و بێتە دیدەنیم. هەڵدەستم و دەست بە پشتمەوە دەگرم و ئازارێکی زۆرم هەیە، وردە وردە لەگەڵیان دەڕۆم.

لە ژووری چاوپێکەوتن کابرایەکی زەعیفی قژ ماشوبرنجی چاویلکە لەچاو چاوەڕێمە، دەموچاوێکی ئەسمەری باریکی هەیە، چاوەکانی، قاوەیی و گەورە و گەشن، برۆکانی کەوانین. سەکسووکێکی هەیە. مستیلەیەکی نقێمداری ئاڵتوونی لە دەستدایە، پێدەچێت ئەو نقێمە لەو جۆرانە بێت کە جادووگەرەکان هەزاران جادووی لەسەر دەنووسن و بە پارەیەکی خەیاڵی و گران دەیفرۆشن، لەگەڵ ئەوەشدا جلوبەرگەکەی زۆر سادە و ساکارە. تەمەنی لە نێوان سی و پێنج بۆ چل ساڵدا دەبێت.

-خۆشحاڵم بە ناسینت من ناوم سیامەندە.

-ناتناسم...؟ کێ ڕێگەی پێدایت بێت بۆ سەردانم؟

-کەمێک هێور بەرەوە خانم.

-لەبەر خاتری تۆ لە دونیاکەی خۆم دایانبڕیم، نەتهێشت لەگەڵ کامیارەکەمدا بم.

-منیش هاتووم باسی ئەو بابەتەت لەگەڵدا بکەم.

-کام بابەت؟

-ئەو جوگرافیا جیاوازەی بۆخۆتت خوڵقاندووە.

-بە تۆچی؟

-ئەگەر بتەوێت، من لێرە ڕزگارت دەکەم.

-نامەوێت؛ من لەم کاولبووە ئاسوودەترم.

-تۆ بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت هەمووانت بێزار کردووە.

-من؟

-بەڵێ، تۆ.

-چۆن؟ تۆ چۆن دەزانیت.

-ئەوان هەموو ئیرەییت پێ دەبەن. کاتێک تۆ هەرچی دەیبینیت و دەیکەیت لەو دونیایەدا دەیڵێیت هەموو ئەوانەی لەگەڵتن هەموو شتێک دەربارەی دونیا خەیاڵییەکەی تۆ دەزانن.

-درۆ دەکەن. هەمووان درۆ دەکەن.

-من دەتوانم تۆ لێرە ئازاد بکەم.

- ئەی کامیار؟

-ئەو هەر لێرە دەمێنێتەوە.

-ئەو نەیەت، منیش نایەم.

-هەموو شتێک بە من بسپێرە.

-دیارە تۆ تێناگەیت. من نامەوێت لێرە ئازاد بم.

-ناکرێت... چونکە من تۆم کڕیوە. ڕاستیت پێبڵێم، من بیرۆکەکانی تۆم کڕیوە.

-ئەمە واتای چییە؟

- دەکرێ وا بیربکەیتەوە لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تر دەگوێزرێیتەوە. بەڵام زیندانێکی ئارامتر و ئازادتر.

-گەر نەمەوێت چی؟

-ڕادێی

# بەشی دوانزەهەم

**بەفر...**

ئێستا ڕێک لەو زیندانەدام کە پێی دەگووترێت ماڵ، ژوورەکەم دوو پەنجەرەی گەورەی تێدایە، لەلای ڕاستەوە بەسەر دارستانێکی چڕ و سەوز و بریقەداردا دەڕوانێت.

بارانە، دەنگ و ناڵەی هەورە بروسکە دێت. ئاسمان ڕەنگی ماڵێکی سووتاوی هەیە، پاش کوژاندنەوەی ئاگرەکە لەبەر تەم چاو چاو نابینێت. چەخماخەکانیش شەوقی گڵۆپێکیان هەیە کە بۆ ماوەیەکی کورت دادەگیرسێن و دەکوژێنەوە لەگەڵ کەوتنەخوارەوەی هەر دڵۆپە بارانێکدا دڵم دادەخورپێت؛ ئەو دەنگە لە دەنگی تەپڵی جەنگێک دەچێت کە من تێیدا دۆڕابم و بمەوێت هەڵبێم، بەڵام ناتوانم هەنگاوێکیش بنێم، ئەبڵەق بووم بە دیار ئەو دیمەنەوە قاچەکانم قورس بوون و دەستم بەرز دەکەمەوە دەسکی پەنجەرەکە دەجووڵێنم و دەیکەمەوە، هەوا ساردەکە دێتە ژوورەوە و دەیدات لە ڕووم.

دەترسم... پەنجەرەکە دادەخەمەوە و دەچمە لای پەنجەرەکەی دیکەوە کە لەلایەکی دیکەی ژوورەکەدایە ئەڕوانێت بەسەر دەربەندێکی چڕدا. دەنگی بارانەکە بە نەرمی تێکەڵ بە هاژەی ئاوەکە دەبێت، ئارامیم پێ دەبەخشێت، کاتێک دڵۆپەی باران و ئاوی دەربەندەکە تێکەڵ بە یەک دەبن هەست دەکەیت یەکتری لە ئامێز دەگرن و گەرەکیانە بیرەوەریی مەودایەک دووری بۆ یەکتری بگێڕنەوە؛ دوو ئاو یەکێک لە ئەرز و یەکێک لە ئاسمان. باران لەنێوان چڵوپۆپی درەختەکان و سەر پەلک و گەڵاکانەوە

دێتە خوارەوە، پێت وایە درەختەکان دەگرین. دەنگی وێرد خوێندنی چۆلەکە تەزیوە سەرمابردەڵەکان دێتە گوێم کە بە ترسەوە دەگەڕێنەوە ناو ئەو هێلانەیەی لەسەر گڵۆپی بەردەمی ژوورەکەم سازاندوویانە.

دەنگی هاژەی ئاوی دەربەندەکە تێکەڵ بە دەنگ و جریوەی باڵندەکان و قیڕەی بۆقەکان دەبێت و ئاوازێکی ئەفسووناوی هەست پێدەکەیت کە خەیاڵت دەبەن بەرەو قووڵایی، قووڵاییەک لەنێوان هۆش و بێداریدا بەردەوام دەتهێنێت و دەتبات. دەتبات بەرەو شوێنێکی دوور زۆر دوور بە جۆرێک خۆشت نازانی ئەو دەنگەی لەگەڵ خۆیدا دەتبات لە کوێوە دێت و بۆ کوێت دەبات؟ نازانیت خۆت لە کوێیت؟

کەمێکی تر سیامەندی نووسەر دێتە ژوورەکەم کەسێکی هێمن و بێدەنگە. چاوەکانی زۆر شت دەڵێن، لە هەموو شتێک دەگەم. ئەو ڕیکۆردەرێکی بچووکی لە ژوورەکەی من داناوە بۆ تۆمارکردنی دەنگم، کاتێک من دەچمە جوگرافیا دەستکردەکەی خۆمەوە.

هەست دەکەم مێروولەکان شارەکەیان گواستووەتەوە، لە ڕاستیدا...نا... ئەوە منم ماڵەکەم گواستۆتەوە، لێرە لە جێگەی مێروولەکان، دوو چۆلەکە هەیە وەک هەمان ئەو دوو چۆلەکەیەی کە لەسەر درەختی ماڵەکەی (گوڵ و سیناوەر)ی، ناو ئەو چیرۆکەی هەمیشە لە منداڵیمدا دەمخوێندەوە، هەن. هەست دەکەم لە زمانیان دەگەم. ئەوان ئەمشەو پێمدەڵێن: "جادووت لێکراوە بە گێڕانەوەی سەرلەبەری چیرۆکی ژیانی

خۆت بۆ جادووگەرێک، ئەم جادووەی تۆ بەتاڵ دەبێتەوە. وەک چۆن دەگووترێت دەبێت خەونە خۆش و ناخۆشەکان تەنیا بۆ ئاو بگێڕیتەوە."

بەم جۆرە دەست دەکەم بە گێڕانەوە بەڵام بۆ جادووگەر نا... بەڵکوو بۆ چۆلەکەکان.

"بۆ ساتێک ئێوەش وەک من چاوەکانتان دابخەن و هەست بکەن ئێستا ئەو دەمەیە کە کەلەپچە کرایە دەستەکانمەوە هەموو خەڵکی گەڕەک لەدەورم خڕ بووبوونەوە، ژنەکان بە چاوی کەسێکی بێنرخەوە سەیریان دەکردم گوێم لە دوو ژن بوو دەیانگووت:"دەبوو وایبەسەربێت، هەی سۆزانیی پیس." ئەو پیاوانەی هەموو ئارەزوویان ئەوە بوو ڕۆژێک دەستیان پێم بگات و نەگەیشت دەیانگووت: "دەبا زووتر لە گەڕەک وەدەری بنێین ئەم بێدینەی ڕۆژانە خەریکی لەخشتەبردنی دین و ئیمانی بەناو پیاوەکانە.

"ئەم سۆزانییە دەستی چووە خوێنی مێردەکەی خۆی، کە نزیکترین کەسی بوو، ئەی بێئابڕوو."

ئەوان خۆیان لەوە گێل دەکرد، کە هۆکاری ئەو هەموو دەردەسەرییە گورگ بووە. بەتەنها گورگ نا... هەموو ئەو پیاوانەش کە گورگ ئاسا بوون و چاویان بە هیچ تێر نەدەبوو. ئەوان تێنەدەگەیشتن عەشق چییە؛ بەتایبەت بۆ ژنێکی لەشفرۆشی وەکو من. ژنە لەشفرۆشەکان درەنگ دەکەونە داوی عەشق و خۆشەویستی ڕاستەقینەوە، ئەسڵەن ڕەنگە هەرگیز عاشق نەبن، ژنەکان زۆر جار دەبن بەو تۆڕەوە کە خۆیان بۆ

نێچیرەکانیانی هەڵدەدەن، ژنە ساویلکەکان هەرگیز فێری تۆڕ هەڵدان و خۆڕزگارکردن نابن. ئەو ژنانەی وەک خانمی گەورەن مشک ئاسا هەڵسوکەوت دەکەن، بە ددانە تیژ و بچووکەکان خۆیان دەکەونە پچڕاندنی تاڵەکانی تۆڕەکە. کاتێک ڕاوچییەکان دەگەن جگە لە تۆڕێکی خاڵیی پچڕاو هیچی تر بەدەست ناهێنن. ئەگەر بە جێپێی ئێمەدا بڕۆن بە هەمان شێوە هەنگاو هەڵدەگرن، ئاخر سروشتی مرۆڤەکان بەم جۆرەیە، بەردەوام قسەی زل و نەستەق لەسەر ئەو شتانە دەکەن کە خۆیان ئەزموونیان نەکردووە، ژنەکان کاتێک عاشق دەبن هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی خۆشەویستەکانیان لەدەست نەدەن تەنانەت ئەگەر بڕیار بێت ڕۆح و گیانیشی لە پێناودا دابنێن. ژنە سادەکان زوو باوەڕ دەکەن زوو دەخەڵەتێن وەلێ کاتێک بیانەوێت تۆڵە بکەنەوە توانای فریودانی هەر کەسێکیان هەیە، کە بیانەوێت. هەندێک جار، بۆ تۆڵە کردنەوە ئامادەن هەموو شتێک بکەن، بە جۆرێک شەڕەکە بە خودی پیاوان خۆیان دەکەن.

کاتێک باسەکە دێتە سەر باسی عەشق دەمەوێت لێرەدا بوەستم و باسەکە بە کامیارەوە گرێ بدەمەوە... من بەڕاستی عاشقی کامیار بووم. ئەو کوڕێکی بەدبەخت بوو. تاقە کوڕی خانمی گەورە بوو. بەڵام نەیدەزانی کێ باوکی ڕاستەقینەیەتی، لەو ساتەوەی هەستی بە دونیا و خۆی کردبوو، بەردەوام لەو ژوورە دوانزە مەترییەدا بوو لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەدا بوو. ژوورەکەی پەنجەرەیەکی مامناوەندی تێدابوو. کە دەیڕوانی بەسەر حەوشە و کۆڵانە تەنگ و باریکەکەدا، مێز و کورسییەکی

لەبەردەم پەنجەرەکەدا دانابوو، جار جار دەمبینی کە سوچێکی پەردەی پەنجەرەکەی لا دەدا و لەوێوە لە خوارەوەی دەڕوانی. ببوو بە مەراقم دەبا ڕۆژێک ئەو مرۆڤە بێدەنگە بهێنمە گۆ. هۆکاری بەدبەختییەکانی ئەو من بووم؛ ئێوارەیەک خزمەتکارە ڕەشپێستەکە دەیویست خواردنی بۆ بەرێت. نەمهێشت و قایلم کرد کە من خواردنەکەی بۆ بەرم هەرچەندە ئەو لەوە دەترسا خانمی گەورە بەوە بزانێت و لەسەر ئەو ڕەفتارەی سزای بدات. بەڵام من بەڵێنم پێدا هیچ لەو بارەیەوە لای خانمی گەورە باس نەکەم. چەند جارێک کێشام بە دەرگاکەدا. دەنگی فەرمووی ئەو ڕایچڵەکاندم، چوومە ژوورەوە و خواردنەکەم لەسەر مێزەکە دانا ئەو بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت گووتی: "سوپاس دەتوانیت بڕۆیت."

ئەو لەو کاتەدا خەریکی نووسینی نامەیەک بوو.

گووتم:"ئەگەر نەڕۆم چی؟"

گووتی: "کە وایە دانیشە تا لە نانخواردن دەبمەوە و دواتریش پاشماوەکەم لابە."

گووتم: "ژوورەکەت زۆر جوانە. تەختەخەو و مێز و لاپتۆپ و..."

گووتی: "بەڵام شتێکت نەبینی."

گووتم: "چی؟"

گووتی: "هیچ."

گووتم: "جگە لە تابلۆ جوانەکان شتێکی تر نابینم."

لەناکاو سەرم بەرزکردەوە و گووتم: "ناشێ ئەم گوریسەشت تەنیا لەبەر جوانییەکەی هەڵواسیبێت هەهەهەهە."

گووتی: "تۆ دەبیت بە یەکەم شاهیدی مردنم."
بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە گووتم: "من پیاوێکم کوشتووە، ئەگەر پێت خۆشە تۆش دەکوژم هههههههههە."
دەستم لە گەردنی نزیک کردەوە و ددانەکانم جیڕ کردەوە و گووتم: "ئمممممم دەتخنکێنم هههههە."
زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوی و گووتی: "لەشفرۆشێکی میهرەبانیت... لەو باوەڕەدا نیم بتوانیت من بکوژیت."
لاپەڕەکەی ژێر دەستی کامیارم دەرهێنا و گووتم: "نانەکەت بخۆ، سارد دەبێتەوە." لە نامەکەدا نووسیبووی:
"من ناوم کامیارە... تەنیا کامیار ئەمڕۆ تەمەنم دەبێت بە حەڤدە ساڵی تەواو دەمەوێت ئەم ژیانە... نا... ئەم ژوورە جێ بهێڵم، چونکە هەموو ژیانم لەم بستە ژوورەدا بووە، هەر کات ویستبێتم چەند خولەکێک بە ئارامی لەم ماڵەدا بێم و بچم، دایکم بەمیهرەبانییەوە پێیگووتم: "کوڕی شیرینم، بچۆ ژوورەکەی خۆت ئێستا میوانمان هەیە." ئێرە هیچ کات خاڵی نەبووە لەو میوانانە، ئێرە میوانخانە نەبوو، بەڵکوو بازاڕێک بوو بۆ مامەڵەکردنی جەستە".
گووتم: "تۆ بە تەمای چی بکەیت؟"
گووتی: "خۆم دەکوژم."
خۆشەویستیی ئێمە لەوێوە دەستی پێ کرد.

# بەشی سیازدەهەم

## کامیار...

من بە ژیانم قەرزاری بەفرم... دەمێک بوو بیرم دەکردەوە و یەک یەک هەمـوو جۆرەکـان و ڕێگاکـانی مـردنم لەگەڵ خۆمـدا تـاووتوێ دەکـرد، هەمـوو ڕۆژێـک کە لە ڕێـگەی خوێنـدنگە دەگەڕامەوە بەلای دووکانێکدا دەڕۆیشتم پەتی دەفرۆشت، زۆر جار سـەیری پەتەکـان و جۆری پەتەکـانم دەکرد بەڵام هەرگیز بیـرم لەوە نەکردبـۆوە بە پەت خـۆم بکـوژم. ڕۆژێـک خـاوەن دووکانەکە خەیاڵ بردبوویەوە و لە پەتەکانی دەڕوانی، چوومە پێشەوە لێی و منیش کەمێک لە پەتەکان ڕامام.

بێـئەوەی مـن هـیچ لە دووکانـدارەکە بپرسـم بە سەردەسـتی کراسەکەی ئەو فرمێسکانەی سڕی کە بە چاوە کز و بێتینەکانیدا هـاتبوونە خـوارەوە و گـووتی: "یەکێـک لە موشـتەرییەکانم کە هەمیشە پەتی لە من دەکڕی بۆ کاری دەستی، ئەم بەیانییە بە یەکێک لە پەتەکان خۆی خنکاندووە..."

بێ ئەوەی شتێک بڵێم ڕۆشتم، بەڵام ئەوە تاکە جۆری مردن بوو کە بیرم لێنەکردبۆوە، ڕۆژی دوایی چووم بۆ هەمان دووکانی پەت فرۆش، فرۆشیارێکی دیکەی لێبوو، هەواڵی فرۆشیارەکەی پێشووم پرسی لەوەلامدا گووتی:"دوێنێ دووکانەکەی بەسەرجەم کەل و پەلەکـانییەوە بەمـن فرۆشـت و بڕیاریـداوە کـارێکی تـر بدۆزێتەوە و چیتر کاری پەت فرۆشتن نەکات، شتێکت پێویست بوو؟".

داوای پەتێکی ئەستوور و بەهێزم لێکرد. هاتنی بەفر نەک تەنها پلانەکەی تێکدام، بەڵکو سەرلەبەری ژیانی گۆڕیم.

# بەشی چواردەهەم

## گورگ...

ناچار بووم، دەبوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەی خانمی گەورە پێی سپاردبووم بۆ ماوەیەک سەفەر بکەم، ئەو سەفەرە بیرۆکەیەکی تری بە مێشکی مندا هێنا، ئەویش هەوڵدان بوو بۆ دەربازبوون، لە سەرەتادا بڕیار بوو تەنها دوو هەفتەم پێبچێت، بۆ هێنانە ناوەوەی دوو خوشک و دایکێک کە دەیانویست سنور ببڕن و بێن لە خانەکە کار بکەن، ئەوە دەرفەتێکی باشبوو کە لەگەڵ هێنانی ئەواندا بیر لە ئامادەکاریی دوو بەڵگەنامەی سەفەر بکەمەوە بۆ خۆم و بەفر، تا لە زووترین کاتدا سنووری وڵات ببڕین و بڕۆین بەرەو جێگەیەک کە هیچ کەس دەستی پێمان نەگات، بەڕاستی بەفرم خۆشدەویست، ئەویش سەرەتا منی خۆشدەویست، ئاخر بەدرێژایی تەمەنی کەسێک نەبوو لە ژیانی کە خۆشیبووێت و گرنگی پێبدات، باوکێکی زەلیل و کەفتەکار، باوەژنێکی نەک تەنیا بێهەست، بەڵکوو هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوو چۆن بیبوغزێنێت، هەندێک جار بیرم دەکردەوە و دەمگووت: "ڕەنگە بەزەیی بێت"بەڵام نا بەزەیی شتێکی ترە، مرۆڤ تەنها لە پێناو بەزەییهاتنەوەی بە کەسێکی تردا قوربانی نادات، دەستبەرداری ژیانێکی خۆش نابێت... بەفریش هەمان هەستی هەبوو بۆ من... تا شەوی ڕووداوەکە... بەڵام دواتر، هەم لێم دەترسا، هەم وەک فریادڕەسێک منی دەبینی.

خانمی گەورە ئیتر لە بەرگی مرۆڤبوون داماڵرابوو، تەنها منی هەبوو کە ترسی لەدەستدانی هەبێت، دوای بەفر ئەو ترسە

گۆڕدرا بۆ نەفرەت، کاتێک لەوە تێگەیشتبوو، کە دەست بەرداری بەفرنابم، ویستی بەم داواکارییە لەناکاوەی من لە کونجی زیندان توند بکات..

## بەشی پازدەهەم

### خانمی گەورە ...

مرۆڤ کاتێک هیچی نابێت بۆ لەدەستدان تاکە جیاوازی لەگەڵ مردوویەکدا هەناسەدانە، دەبێت بە دڕندە و پێ بەسەر هەموو دڕک و داڵ و هەموو جوانییەکاندا دەنێت و تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێنێت، ئەو شەوەی چووم ماڵئاوایی لێبکەم، ژەهری خۆمم ڕشت، کاتێک لە ئامێزم گرت، بڕێک مادەی هۆشبەرم خستە گیرفانی چاکەتەکەیەوە، لە دڵی خۆمدا گووتم:"ڕەنگە پێی بزانێت و دەری بهێنێت، بۆیە بڕێکیترم لە ناخافڵدا خستە سەیارەکەیەوە، کاتێک دەیویست بمگەیەنێتە ماڵەوە".

# بەشی شازدە هەم

**بەفر...**

ڕەنگە بپرسن بۆچی خانەکەم بەجێهێشت و چۆن چوومە ماڵی خانمی گەورە؟
پرسیارێکی بەجێیە، باسی خانەکەم بۆ کردن، کە چ جۆرە ژیانێکی تێدا دەگوزەرا، من هەرچیم دەکرد بە دوای دەروازەیەکدا دەگەڕام بۆ هەڵهاتن، هەر چاویان لێ خافڵ کردبام، دەگەڕام و خەریکی کنە و پشکنین دەبووم. گورگ نزیکەی مانگێک دەبوو چووبوو بۆ سەفەر، بەر لەوەی بڕوات شەوێک بە منی گووت: "منیش بێزار بووم لەم یارییە قێزەونە، بەڵام ئەمشەو دەمەوێت دان بە هەمووشتێکدا بنێم، وەک دانپێدانانی تاوانبارێک بۆ قەشەیەک، دەمەوێت بڕۆم و خۆم خاڵی بکەمەوە لەم بەدبەختییە، بەو ئەندازەیەش کە تۆ بیردەکەیتەوە من تاوانبار نیم، چونکە هەر کارێک، کە دەیکەم لەژێر فەرمانی خانمی گەورەدایە، ئەویش دەڵێت:"فەرمانەکان لەسەرووی خۆیەوە دەردەچن"، دەڵێت: "هەمووی لەژێر سەری ئەفسەری باڵادایە"، باوەڕدەکەیت یان نا بۆ من گرنگ نییە، بەڵام سەرەتا بڕیار وا بوو کە ئێمە هاوسەرگیری بکەین و کۆتایی بە هەموو ئەو کارانە بهێنم، خۆشم نەمزانی چۆن و کەی بەوەیان زانیبوو، بێئەوەی لە ڕووی خۆمی بدەن ناونیشانی ماڵی ئێوەیان پێدام لەگەڵ بڕێک پارە بۆ باوەژنەکەت و لە بەرامبەردا تۆیان بۆ بەرم، ئەمە فەرمان بوو، منیش وەک هەمیشە فەرمانەکەم

جێبەجێ کرد، ئێستاش هەلێکم بۆ هاتووەتە پێشەوە بۆ ماوەیەک لێرە دەڕۆم، بڕیار وایە بچم بۆ وڵاتێکی دراوسێ و لەوێوە دووخوشک و دایکێکیان بۆ بهێنم، بەڵام ئەم جارە وەک جارەکانی تر ناچم، بەڵکو ماوەی دوو سێ مانگم پێدەچێت، کارەکانی ئەوان دوادەخەم و لەوێوە هەوڵی بەدەستهێنانی دوو پاسپۆرت و دوو ڤیزا دەدەم بۆ خۆم و خۆت. هەروەها خانمی گەورەشم ئاگادار کردووەتەوە کە لە هەر بارودۆخێکی خراپ بتپارێزێت، تا لە سەفەرەکەم دەگەڕێمەوە، بەڵام تۆ هیچ کام لەم قسانە بە خانمی گەورە مەڵێ، هەر کاتێک گەڕامەوە بۆت باس دەکەم کە چۆن منیشیان خستە ناو ئەم زەلکاوەوە."
ئەو لەدوای تەواوبوونی قسەکانی وەک ئەوەی بیەوێت دڵم بداتەوە، ماچێکی ناوچەوانی کردم و بەجێی هێشتم، دانپێدانانەکانی ئەو هیچی لەو ڕقەی هەمبوو بۆی کەم نەکردەوە.

وا بزانم زۆر لە باسەکە لامدا، بەڵام بە کورتی دەمەوێت باسی شەوی ڕووداوەکەتان بۆ بکەم. شەوانە لە خانەکە دەهاتمە دەرەوە، چەند جارێکیش لە پێشتردا هەوڵی ڕاکردنم دابوو، سەری نەگرتبوو، چونکە تەواوی چواردەوری ماڵەکە لەژێر چاودێریی ورددا بوو، جگە لەوەی لە دەرەوەی ئەوێ دەترسام... ئاخر من خۆم هەر لە منداڵییەوە ترسێکی زۆرم بەرامبەر بە سەگ هەبوو، ئەوێش جگە لەو سەگانەی بۆ پاسەوانی بە پشتی دەرگەکەوە بەسترابوونەوە پڕ بوو لە سەگی بەرەڵا، هەندێک جار ڕێک قسەکانی باوەژنەکەمم بە بیر دەهاتەوە کە بە باوکمی دەگووت: "بریا منیش لەگەڵ دەستە خوشکەکانمدا برسی و تینوو

کرابام، بریا منیش وەک ئەوان دەرخواردی سەگە ڕەشەکانی بیابان درابام... نەک لەگەڵ تۆ لەم کاولەیەدا ژیابام، بەڵام خۆ خراپیش نییە، ئاوا بە چاوەکانی خۆم بە زەلیلی دەتبینم، خۆزگە ئەوانی تریش ئاوا تۆیان بە زەلیلی دەبینی" باوەژنەکەم هەرگیز جلی ڕەشی دانەکەند، ئەو هەمیشە پرسەدار بوو، ئەو جارێک بۆ ماوەی هەفتەیەک دیار نەما، دونیای بە شوێندا گەڕاین، بەرەو باشوور ڕۆیشتبوو، دوای هەفتەیەک کە گەڕایەوە بە چڵکنی و بە سەروقژێکی ئاڵۆزکاو و خۆڵاوییەوە، شوشەیەک خۆڵی پێ بوو،ساڵی جارێک چنگێک خۆڵی لە شووشەکە دەردەهێنا و دوای ئەوەی تێر بە سەریدا دەگریا و ماچی دەکرد، بە سەر و چاوی باوکە زەلیلەکەمدا دەیپرژاند، باوکم زمانی نەبوو هیچ بڵێت، تەنیا سەرێکی دەلەقاند، هەندێک جار بە چاوی بەزەییەوە سەیری باوکمم دەکرد و فووم دەکرد لە چاوەکانی و بۆم دەتەکاند ئەو بە منی دەگووت: "کیژۆڵە تۆ تێناگەیت... ئەوەتا سەیری ئەو هەموو ژنە قەیرەیە بکە ئەو کات ئەوان لە هەرەتی جوانیدا بوون، سەیری ئەو هەموو دایکە جەرگسووتاو و بێوەژنە بکە... سەیری ئەو هەموو پیرەمێردە بکە، کە گۆچانیش ناتوانێ ڕایانبگرێت، باوکت بەرپرسی دۆخ و گوزەرانی زۆرێک لەو مرۆڤانەیە." دووبارە بمبورن... ئاخر قسە قسە دەهێنێت... دۆخی من ڕێک لە دۆخی ئەو کیژانە دەچوو کە لە بیاباندا گیریان خواردبوو.

نامەوێت زیاتر لەسەری بڕۆم چونکە دەترسم دیسانەوە لە بابەتەکە لابدەم...

دوای ئەوەی هەمــوو هەوڵەکــانم بــۆ دەربــازبوون شکســتیان خوارد، خانمی گەورە، دووانی لە خزمەتکارەکان ڕاسپاردبوو کە زۆر بە وردی چاودێریی مـن بکەن، ئەو شـەوە هەسـتم دەکـرد دەسـتیان نـاوەتە بینم، چەنـد جـار بیـرم لە خۆکوشـتن کـردەوە، بەڵام لە مردنیش دەترسام، لە دۆخێکی دەروونی خراپدا بووم، هەر ئەو دۆخە خــراپەش بــوو کە وای کردبــوو کەس غیرەتــی ئەوەی نەبێــت بەئاســـانی مـــن هەڵبژێرێــت، بەتــایبەت کاتێــک بیستبوویان یەکەم شەو هەوڵی کوشتنی کەسێکم داوە، تاکە کچ بــووم کە نەمدەهێشــت بــکەومە ژێــر کــاریگەریی فەرمانەکــانی خــــانمی گەورەوە، بەردەوام بە ســــەروقژێکی ئاڵۆزکـــــاو و جلــوبەرگێکی چڵکــن و بێســـەرەوبەرەوە دەهـــاتم و دەچـــووم، ئەوەش خانمی گەورەی تووڕەتر دەکرد، بەڵام هیچی بە ڕووی خۆیدا نەدەهێنا...

شـــەوی ڕووداوەکە لەســـەر جـێگەخەوەکەم ڕاکشـــابووم بەڵام خەو لە چاوەکــانم تۆرابــوو، لە ناکــاو کارەبــا بــڕا، دوای ئەوەی دڵنیا بوومەوە کە هەموویان خەوتوون، بەتانییەکەم دا بە سـەر گەرمکەرەوەکەدا و، نەوتـی زۆپـاکەم ڕشـت بەسـەر فەرشـەکەدا، بێخەیاڵ چووم لە حەوشە دانیشتم. لە پەنجەرە بچووکەکەوە کە دەیڕوانی بەسەر ژوورەکەی مندا چاوەڕوانی ڕووداوێک بووم، چ ڕووداوێک... دوای ئەوەی کارەبا هـاتەوە هەندێک لەو گڵۆپـانە داگیرسان کە بۆ دڵنیاییی شەوانە دایاندەگیرساندن.

منــیش وەک ئەوەی چــاوەڕوانی دەســـتپێکی فیلمێــک بــکەم چاوەڕوان بووم... لەناکاو قیژە و هاوار بەرز بووەوە.

گڕ، هاڕەی لە پەنجەرەکە هەستاند، ئەوەی من دەمویست هەر ئەوە ڕوویدا، کچەکان هەوڵی خۆڕزگارکردنیان دەدا. ژوورەکەی خانمی گەورە کە زیاتر لە گەنجینەیەکی دەکرد، پڕ بوو لە بەڵگە و ئەرشیفی هەریەک لەو کچانەی کە لەوێبوون، بووبوو بە خۆڵەمێش، هەتا هەواڵ گەیشتە خانمی گەورە و هات بۆ ئەوێ ئاگرەکە خەریکبوو بەرزەفت[1] دەکرا لەلایەن تیمە فریاگوزارییەکانەوە... ئەم ڕووداوە وای کرد شوێنەکە ئاشکرا ببێت و پۆلیسەکان بدەن بەسەر شوێنەکەدا، لەبەرئەوەی دۆخەکە لەوە خراپتر نەبێ هەر زوو خانمی گەورە بابەتەکەی پەردەپۆش کرد و لە ماوەیەکی کەمدا هەموو کچەکان، کە بە منەوە ژمارەیان هەشت کچ بوو، بە دوو سەیارە گەیاندینیانە ماڵی خۆیان.

[1] بەرزەفت: کۆنترۆڵ (هەڵەچن)

# بەشی حەڤدەهەم

## خانمی گەورە...

هەمیشـە چاوێکم لەسـەر بەفر بـوو، لە گورگیش بێ خەم و خەبەر بووم، بیرم دەکردەوە گەر تەنـانەت ئاشـکراش نەبووبێت ئەوە پەیامێک بـووە بۆی و بـوێریی گەڕانەوە ناکـات بەئاسـانی، هەرچەنـدە بەفـر کەللـەڕەق و یـاخی بـوو، مـامەڵەکردن لەگەڵیـدا ئاسان نەبوو، دەبوو ڕێگەیەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بیهێنمە ژێر فەرمانی خۆمەوە، مانگێک بەسەر ڕۆیشتنی گورگدا تێپەڕیبوو، بانگم کردە ژوورەکەی خۆم سەرەتا بەنەرمی پێم گووت"ئەوەی لەم خانەیە بژی دەبێت لەوە تێبگات ئێرە دیوەخانی خێرخوازی نییە، هەرکەس بێتە ئێرە و لێی بمێنێتەوە دەبێت کار بکات تا بەشـی خـواردن و خـواردنەوەی خـۆی پەیـدابکات، ئەوەتـا ئەو کچانەی لێرەن دەزانـن چۆن کاروبارەکـان بەڕێوەدەبەن. تۆش لەنێوان ئێرە و زینداندا ڕێگەیەکی دیکەت نییە، خۆت تێدەگەیت باسی کێ دەکەم."

بەفر خێرا گووتی: هەرکارێکم پێ دەسپێریت دەیکەم.

ئەو ڕستەیەی ئەوم قۆستەوە و گووتم :"زۆر باشـە، ئەمڕۆ بچۆ حەمامێک بکەو جلی نوێشم بۆ کڕیویت، بۆت دەنێرم لەبەریبکە، چـونکە ئەمـڕۆ میـوانێکی تایبەتمـان دێـت، نامەوێـت بەو جـۆرە بتبینێت"

سـەرێکی بەرزدەکـردەوە و گـووتی: "خـۆ ناتەوێـت کەسـێکی دیکەش بکوژم؟"

بەو ڕستەیەی ئەو هەستم بە پەشیمانییەکی زۆر کرد، بەڵام دەرمنەبڕی، تەنها گووتم:"دەبێت لەگەڵ دۆخەکە ڕابێیت، چونکە ڕەنگە هەرگیز گورگ نەگەڕێتەوە، ئەو گەر لەو تەڵەیەی من بۆم دانابوو ڕزگاری ببوایە هەر زوو دەگەڕایەوە"

بەفر بەو قسانەی من ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بێدەنگبوو، بێ ئەوەی گوێ لە هیچی تر بگرێت ژوورەکەی بەجێهێشت.

## بەشی هەژدەهەم

### گورگ...

ئەوەی خانمی گەورە چاوەڕوانی دەکرد ڕوویدەدا، ڕۆژێک بەرلەوەی سەفەر بکەم چووم بۆ خانەکە، خانمی گەورەی لێنەبوو، چوومە لای فەریبای خزمەتکار کە هەمیشە جێگەی متمانەی من بوو، ئەو لە چێشتخانە کاری دەکرد، مۆبایلێک و دەرمانێکم دایە و پێمگووت"ئەگەر زانیت خانمی گەورە نیازی هەیە بەفریش بکات بە لەشفرۆش ئاگاداری بکەرەوە کە لە ڕێگەی خواردنەوە ئەم دەرمانە بدات بە موشتەرییەکان، تا کەس نەتوانێت نزیکی بێتەوە، تەنها متمانەم بە تۆیە. خۆت دەزانیت چۆن ئەو بابەتە چارەسەر دەکەیت، هەرکاتێکیش پێویستی کرد، لە ڕێگەی ئەم مۆبایلەوە ئاگادارم بکەرەوە، بەڵام نابێت تەنانەت بەفریش بزانێت کە تۆ مۆبایلت پێیە، ژمارەکەی خۆمی تیایە، خۆشم بگەمە هەر شوێنێک پەیوەندیت پێوەدەکەم".

فەریبا بە دەنگێکی هێمنەوە گووتی: "بەسەرچاو، بەڵام ئاگاداری خۆتبە، کاتێک دوێنێ چووم قاوە بۆ خانمی گەورە و میوانەکەی بەرم، لەپشتی دەرگاکەوە گوێم لە هەندێک شت بوو، پێدەچوو پلانێک بۆ لەناوبردنی تۆ هەبێت، تەواو لێیان حاڵی نەبووم، بەڵام ئاگاداری خۆتبە"

دەمویست بڕۆم کە خانمی گەورە گەڕایەوە بۆ خانەکە، دوای کەمێک دانیشتن و گفتوگۆ کردن، کاتێک ویستم ماڵئاوایی لێبکەم پێی گووتم:"سەیارەکەم خراپ بووە بەکوڕەکاندا ناردوومە بۆ وەستا، بمگەیەنەرەوە ماڵەوە، باپێکەوە پیاسەیەکیش بکەین بەیادی ئەو ڕۆژگارانەی دەبوو پێکەوە بین و نەبووین".

بێ ئەوەی ڕەزامەندی دەربڕم دەرگای ژوورەی کلۆم دا و بەدوامدا هات.

کاتێک خانمی گەورە گەیاندە ماڵی خۆیان، سەرەتا ناو سەیارەکە گەڕام، یەکەم پارچە ماددەی هۆشبەرم دۆزییەوە، هەر ئەوەندەی تۆزێک دوور کەوتمەوە، ماددەکەم ڕشتە ناو یەکێک لە تەنەکەی زبڵەکانی سەرشەقامەکەوە، هێشتا لە ڕێگەدا بووم حەزی کێشانی جگەرەیەکم هەبوو، دەستم کرد بە گیرفانی چاکەتەکەمدا تا پاکەت و چەرخەکەم دەرهێنم، بەڵام ئەوەیهات بەدەستمەوە، پارچەیەک ماددەی هۆشبەری تر بوو، بۆیە تێگەیشتم کە ناردنی من بۆ هێنانی دوو خوشک و دایکەکە تەنها پلانە.

## بەشی نۆزدەهەم

**بەفر...**

هەرچەنـد دەکەم نـازانم لەم دیـدارەدا چـی بـۆ ئاژەڵەکـان بگێـڕمەوە؟ ئـاخر هەمووشـتێک هـی گێـڕانەوە نیـیە، لەو خـانە گەورەیەدا کە لە کاروانسەرا دەچوو، نەتدەتوانی متمانە بە کەس بکەیـت، دوای ئەوەی خـانمی گەورە تەواو لە هـاتنەوەی گـورگ منـی بێهیـوا کـرد، دەبـوو بڕیارێـک بـدەم، بەدەم بیرکـردنەوە لە وتەکانی خـانمی گەورەوە خۆم کرد بە گەرمـاوەکەدا و نـزیکەی کاتژمێرێـک لەبەر دووشـەکەدا بـووم، هەسـتم دەکـرد خوێنـاو لە جەسـتەم دەچـۆڕێتەوە، هێشـتا لەگەرمـاوەکەدا بـووم دەنگـی کردنەوەی دەرگای ژوورەکەم هات.

"مەترسـە، فەریبـام جلـی نـوێم بـۆ هێناویـت، خـانمی گەورە گووتی:"پێت بڵێم بیان پۆشیت".

من هیچ وەڵامێکم نەدایەوە تەنها ئاوەکەم گرتەوە تاباشـتر گوێم لەدەنگـی بێـت، ئەو هەر بەردەوام بـوو بەڵام سـەری نـابوو بە دەرگای گەرماوەکەوە و ئارامتر قسەی دەکرد تـا کەس گوێی لە دەنگی نەبێت گووتی:"گەر متمانەم پێدەکەیت دەرگای گەرمـاوەکە بکەرەوە تا بابەتێکت بۆ باس بکەم". خێرا ڕۆبەکەم لەبەر کـرد و دەرگاکەم بۆ کردەوە گووتی: "نەک ژوورەکەت لەژێر چاودێریـدا بێت، گەر خانمی گەورە ئێمەی ببینیێت لێت دەپرسێت: بڵێ داوام لێکـرد پشـتم بۆ بشـوات، دەمەوێت هەواڵێکت پێبڵێم، گورگ بـۆ مـاوەیەکی درێـژ ناتوانێـت بگەڕێـتەوە، بەڵام هەمیشـە دڵـی لاتە، پـێش ئەوەی بـڕوات دەرمـانێکی پێـدام، گـووتی:"گەر بەفـر

کەوتەبارودۆخێکی ناچارییەوە پێیبدە"، هەرشەوێک ویستی کاری لەشفرۆشـیت پێبکـات تـۆ مەرجێـک دابنـێ، بڵـێ بەو مەرجەی سەرەتا پێکەوە بخۆینەوە، دەرمانەکە بخەرە ناو خواردنەوەکەوە کە ئەو دەیخواتەوە، ئیتر بۆ ماوەیەک ناتوانێت لەگەڵت بخەوێت، وە پێشـی نەنگییە کە ئەوە ئاشـکرا بکـات کە نەیتوانیـوە لەگەڵت بخەوێت، گەر تۆش ناتوانیت ئەوە بکەیت تەنها داوای خواردنەوە بکە خۆم ئەوکارە دەکەم..."

هەرچەندم کرد نەمتوانی هیچ بڵێم و هیچ بڕیارێک بدەم.

فەریبا دیار بوو زوو لە من تێگەیشت بۆیە گووتی: "تەنها ئەرکی تۆ ئەوەیە داوای خواردنێک یان خواردنەوەیەک بکەیت" جلەکانی دایە دەسـتم و بە نهێنـی شووشـەکەی بـردەوە. خـانمی گەورە، ئێـوارەکەی میـوانییەکی گەورەی ڕێـک خسـتبوو، سـەرجەم کچەکـانی ئەوێ و منـیش ئامـادەی میـوانییەکە بـووین، ئەو پیاوانەی بانگهێشتی تایبەتی خانمی گەورە بوون، هیچ کامیـان تەمەنیـان خـوار پەنجاسـاڵ نەبـوو، وەک ئەوەی بـووکەڵە بـن و کـارگەیەک بەرهەمـی هێنـابن بـۆ نمایشـی جلـوبەرگ هەموویـان شـیکپۆش و بێـدەنگ و هـێمن بـوون، دوای خـوانی ئێـوارە، سـەیرێکی میوانەکـانی کـرد و سـەیرێکی ئـێمەی کـرد و گووتی:"ئەمشەو دەتوانن بەئارامی لێرە بەسەربەرن، هەرکـاتێکی دیکەش ویستتان ئێرە بەماڵی خۆتان بزانن"

یەکێـک لە پیـاوە قاتلەبەرەکـان کە بـاڵابەرزێکی ئەسـمەری تێکسـمڕاو بـوو، هەر لە ئێـوارەوە چـاوی لەسـەر مـن بـوو، بـێ ئەوەی چـاوەڕوانی قسـەی تـری خـانمی گەورە بکـات هـاتە لای

مــــنەوە و گــــووتی: "ئەمە بەفــــرە؟"خـــانمی گەورە وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبێت، جگەرەیەکی داگیرساند و گووتی: "ئەمشەو میوانی بەفر بە"
ڕەنــگە گەر پــلانەکەی فەریبــا و گــورگ نەبوونــایە ئاســان خــۆم ڕادەســت نەکــردایە، بێــئەوەی هــیچ بڵــێم هەســتام و چــوومە ژوورەکەی خۆم، هەموو ئەو پلانەی فەریبا بۆی دانابووم وەک خۆی جێبەجێم کرد.
لە ماوەی هەفتەیەکدا سەرجەم میوانەکان خۆیان تاقی کردەوە و منیــان هەڵبــژارد، بەڵام هــیچ کامیــان دانیــان بەوەدا نەنــا کە نەیـانتوانیوە لەگەڵ منـدا بـخەون، چـونکە پێیـان وابـوو گـرفتەکە خۆیانن.
ئەوان لە ســەرێکی دیکەوە ڕەنـگە وا بیریـان کـردبێتەوە کە ئەمە پلانـــی خـــانمی گەورە بێــت، بــۆیە هەموویــان بەبێهیــواییەوە لە خـــــانەکە ڕۆیشـــــتن، دوورنیـــــیە ئەوان پـــــێکەوە دواجـــــار ئەو باسوخواســـەیان نەکــردبێتەوە و نەبووبێــت بە مشــتومڕیان .
چونکە خانمی گەورە ئەو موشتەرییە چەورانەی لەدەستچوو.
خــــانمی گەورە لە مـــــاوەیەکی کەمـــــدا بەشــــێکی زۆری لە موشـتەرییەکان لەدەسـتدا، خـانەکە وەک پێشـتر قەرەباڵغ نەبـوو، هەرکەس جارێــک دەهــات ئیتــر نەدەهــاتەوە، بەتــایبەت کاتێــک پیاوەکان زانیبوویان خۆم بەدەستەوە داوە، ئیتر هەرچـی دەهـات دەیویست شەوێک لەگەڵ من تـاقی بکـاتەوە، بەڵام بەبێهیواییەوە پارەی خۆی دەدا و لە خانەکە بۆ ئەبەد دەچووە دەرەوە، خانمی گەورە دیقەتــی شــتێکی دابــوو، کچەکــان هەرکاتێــک بیانویســتایە

پێشوازی لە موشتەرییەکانیان بکەن، داوای خواردنەوەیان بۆ دەکردن کە ئەو نەریتەیان پێشتر نەبوو، بۆیە بڕیاریدا چاودێرییەکی وردی سەرجەم کچەکان بکات، هیچی بۆ دەرنەکەوت، چونکە کچەکان بە جلە نیمچە ڕووتەکانیانەوە و بە قاقا و پێکەنینەوە و بە داواکردنی خواردنەوەوە پێشوازییان لە موشتەرییەکان دەکرد، هەمووشتێک ئاسایی تێدەپەڕی تا ئەو ڕۆژەی بەڕێکەوت بەلای چێشتخانەکەدا تێپەڕی بوو، گوێی لە دەنگی فەریبا بوو قسەی لەگەڵ کەسێک کرد بوو، سەرەتا زۆر بەهەند وەرینەگرتبوو، بەڵام جاری دووەم کە بەوێدا تێپەڕیبوو ڕوونتر گوێی لێبوو، کە قسە لەگەڵ کەسێک دەکات، کاتێک دەچێتە ژوورەوە دەبینێت مۆبایلی پێیە، فەریبا بە بینینی خانمی گەورە دەشڵەژێت و مۆبایلەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوە.

هەر ئەو ڕۆژە خانمی گەورە لێکۆڵینەوەیەکی توندی لێدەکات، هەرچەندە دەرمانەکە نادۆزێتەوە چونکە دەرمانە تەواوببوو بڕیاربوو جارێکی دیکە داوای بکاتەوە بۆ ڕزگارکردنی کچەکان لە لەشفرۆشی، ئەو ڕۆژێک لەکاتی ئامادەکردنی نانی بەیانیدا ، پێیگوتم: "پلانەکەم خەریکە سەردەگرێت، کچەکان دڵخۆشن بەو پلانە"خانمی گەورە هەر ئەو ڕۆژەی بە پەیوەندییەکە دەزانێت دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە خانەکە دەریدەکات، هەرچەندە فەریبا دان بەهیچ شتێکدا نانێت جگە لەوەی کە خۆشەویستە کۆنەکەی گەڕاوەتەوە و شوێنەکەی دۆزیوەتەوە و ئەم مۆبایلەی بۆ ناردووە. ئەم ڕووداوەش ڕێک شەوێک پێش ئەوەبوو کە من خانەکە بسوتێنم.

# بەشی بیستەم

**بەفر...**

نازانم لە کەیەوە لە ماڵی ئەم نووسەرەدام، بەڵام بەڵێنەکەی خۆی بردووەتە سەر و هەفتەی جارێک من دەبات بۆ سەردانی کامیار، ڕۆژ بە ڕۆژ هەست دەکەم کامیار لە کوڕێکی ساویلکەوە دەگۆڕڕێت بۆ کامیارێکی کامڵ و پڕ وزە و پڕ لە ژیان. جار جار بە من دەڵێت: "زۆر شت لێرە فێر بووم، هەندێک جار بە خۆم دەڵێم زیندان ڕێک شوێنی بێتاوانەکانە چونکە تاوانبارەکان یان لە گۆڕدان یان ئازادانە دێن و دەچن."

چاوەکانم خەریکە قورس دەبن، پێڵووی چاوەکانم لێک دەنێم و کاتێک دەیکەمەوە دەمەودەمی خۆرئاوابوونە. لە جوگرافیا دەستکردەکەی خۆمدام، وردورد بە دارستانەکەدا هەنگاو دەنێم، بێدەنگ و ئارام بۆنی جۆرە گوڵێک دێت، کە هەرگیز بۆنم نەکردووە، دەڕۆم و ورد ورد هەنگاو دەنێم، کاتێک ئاوڕ لە دواوەی خۆم دەدەمەوە؛ سەرجەم ئاژەڵەکانی هاوڕێم بەدوامەوەن. بۆ یەکەم جار سڵ دەکەمەوە و دەترسم کاتێک سەیری بیلبیلەی چاوەکانی گورگ دەکەم، کاتێک دەستم بەر تووکە نەرموشلەکەی کەروێشک دەکەوێت کە خۆی هەڵداوەتە باوەشمەوە، بەڵام ترسەکەم مەودا کورتە، مێرووولە سوورە گەورەکان سەرنجم بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن؛ کە دەبینم یەکی دەنکێک برنج بەسەر شانە بچکۆلەکانیانەوەیە و بەڕیز قافڵەیان بەستووە.

گورک ڕێک چاو له چاوم دەبڕێت، دەزانم که دەیەوێت درێژه به چیرۆکەکەم بدەم.

بەئارامییەوە دەڵێم: "گورگ گیان، من دەزانم، دەتەوێت درێژه به چیرۆکەکەی بەفر بدەم، بەڵام دڵنیام ئێستا ماسییەکانیش چاوەڕێن."

گورگ سەری ڕەزامەندی دادەنەوێنێت و وردورد به شوێنپێکانمدا هەنگاو دەنێت. کاتێک دەگەمە لای ماسییەکان، هەروەکو ئەوەی مەزەندەم دەکرد، هەموویان به سەرڕووی ڕووبارەکەوە له چاوەڕوانیدان منیش بەم جۆره دەستدەکەم بەگێڕانەوە.

"گورگ ڕاستی کرد، ئەم جاره زۆری پێچوو، لەو ماوەیەدا تەنیا بەفر له ماڵی خانمی گەوره مایەوە، کچەکانی تر بۆ جێگەیەکی تر گوێزرانەوە، هەرچەنده له سەرەتاوه خانمی گەوره بەوه ڕازی نەبوو که بەفر له ماڵەکەی خۆیدا وەک خزمەتکار بهێڵێتەوە، بەڵام به پێداگریی کوڕه تاقانەکەی ڕازی بوو، بەو مەرجەی هەتا گورگ دەگەڕێتەوە و نابێت هیچ لەو بارەیەوە بزانێت.

ڕۆژ به ڕۆژ پەیوەندیی خۆشەویستیی بەفر و کامیار پەرەیدەسەند شەوان کاتێک هەموویان دەخەوتن بەفر به ئەسپایی ژوورەکەی بەجێدەهێشت و دەچووه ژوورەکەی کامیار, تەمەنی ئەم پەیوەندییه زۆر درێژەی نەکێشا یان با بڵێین ئەو ماوەیه خۆی زوو تێپەڕی...، وادەی ئەو عەشقه به گەڕانەوەی گورگ کۆتایی هات، هەرچەنده لەگەڵ تێپەڕینی هەر

ڕۆژێک و هەر چرکە و ساتێکدا پەیوەندییەکە قوولْتر دەبووەوە، سەرەتا کامیار لەم جۆرە پەیوەندییە دەترسا، بەڵام ئیتر ئەو جۆرە پەیوەندییە بۆ بەفر ئاسایی بووبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کامیار تاکە پیاو بوو کە بەفر لە ناخی دڵەوە خۆشی دەویست و یەکەم پیاوی ژیانی بوو کە بە ویستی خۆی دەیویست لەگەڵی بخەوێت.

بەفر وردە وردە هەستی بە گۆڕانی جەستەیی دەکرد، هەستی بە ئازار و لاوازی زیاتر و بێتاقەتی زیاتر دەکرد، بەڵام ئەمەی لە هەمووان شاردەوە، خۆی زۆر ئاسایی نیشاندەدا. ئاسایی کارەکانی ڕۆژانەی دەکرد لەگەڵ ئەو هەموو ئازار و بێتاقەتییەی هەیبوو هەستی بە دڵخۆشییەکی سەیر دەکرد، وردە وردە هەستی دەکرد بوونەوەرێکی نوێ لە جەستەیدا دەجووڵێت. ئەوە تاکە هیوای ژیانی بوو هەرچەندە هەندێک کات بیری لە لەناوبردنی دەکردەوە. بەخۆی دەگوت: "ئاخر من کێم تا مرۆڤێکی نوێ بهێنمە بوون! مرۆڤێک دەبێت وەک کامیار تا قیامەت لە ژوورێکدا دیلی بکەم. مرۆڤێک بێتە ناو ئەم جەنجاڵی و زۆنگاوەی ژیانەوە کە تەنها خودا خۆی دەزانێت چ بوونەوەرێکی لێ دەردەچێت. دەشێت ئەویش دڕندەیەکی وەک گورگی لێ دەربچێت و لەم جەنگەڵەدا دەیان و بگرە سەدان ژن بکاتە قوربانیی حەزێکی کاتی خۆی یان وەک من هەر ڕۆژە و جەستەی بە کەسێک بفرۆشێت...نا... من جەستەم بەکەس نەفرۆشت...، من شایستەی دایکبوون نیم... ڕەنگە ئەوان گومان بەرن ئەو منداڵە هی کامیار بێت بەڵام نا دڵنیام خۆم دەزانم

...خۆم لە هەرکەس باشتر دەزانم ئەم منداڵەی ناو سکم خوڵقاوە هیی کێیە وەک ئەوەی ڕەنگە تاکە کەس کە بەڕوونی دەزانێت کامیار کوڕی کێیە؟"
بە هاتنەوەی گورگ هەموو شتێک گۆڕا...
گورگ کاتێک دەبیستێت بەفر لە ماڵی خانمی گەورەدا دەژیی و لەوەش خراپتر ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ کامیاردا هەیە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە.
ئێوارەیەکی درەنگ بوو، بە هیلاکی و شەکەتی گەڕایەوە. بەفر لە پەنجەرەی ژوورەکەی کامیارەوە چاوی لێبوو کە هاتە ژوورەوە. پاش کەمێک گوێی لێبوو لەگەڵ خانمی گەورەدا کردی بە شەڕ.
بەڵام زمانی خانمی گەورە لە کلیلە چووبوو، گورگ هەر هاواری دەکرد و دەیقیژاند و هەرچی بەردەست کەوت شکاندی، بەڵام خانمی گەورە هەر بێدەنگ بوو، بەفر و کامیار چەند پلیکانەیەک هاتبوونە خوارەوە و چاویان لە چاوە زەقبووەوەکانی خانمی گەورە بڕیبوو، تا ئەو کاتەی گورگ شاتاوڵی هێنا و ویستی بە قادرمەکاندا سەرکەوێت، خانمی گەورە بەرییپێگرت و گووتی:"دەتەوێت چی بکەیت؟"
گورگ گووتی: "ئەو کارەی دەبێت بیکەم، حسابێک هێشتا لەنێوان ئێمەدا دەمێنێت."
بەفر ڕایکردەوە ژوورەکەی کامیار و پڕی برد بۆ دەفتەر و قەڵەمەکە و چەند ناونیشانێکی نووسی لەو لەوحانەی کەوتبوونە بەرچاوی، ڕۆژێکیش گوێی لە گورگ بوو کە ناونیشانەکەی دەدا

بە کەسێک تا هەندێک پێداویستییان بۆ بهێنێت، هەرچی بە خەیاڵدا هات لەسەر پارچە وەرەقەکە نووسی، لەو کاتەدا گورگ هاتە سەرەوە و چەند جارێک لە دەرگای دا، خۆی کەمێک هێمن کردەوە و گووتی: "بەفر دەرگاکە بکەرەوە، دڵنیابە هیچ ناکەم"بەفر نەیوێرا دەرگاکە بکاتەوە، گورگ تا هێزی تیابوو خۆی کێشا بە دەرگاکەدا و دەرگاکەی کردەوە، ڕێک پێچەوانەی ئەو تووڕەییەی بەفر چاوەڕێی لێدەکرد، بەفری لە ئامێز گرت، هەرچەندە بەفر ویستی خۆی دووربخاتەوە، ئەو زیاتر بە تامەزرۆییەوە لە ئامێز گرت، کاتێک خانمی گەورە لەبەر دەمی دەرگاکەدا ئەو دیمەنەی بینی، بێئەوەی شتێک بکات چووە خوارەوە، کامیار بە حەپەساوی و واقوڕماوییەوە چاوی لەسەر هێز و بازوو و هەیبەتی گورگ بۆ هەڵنەدەگیرا.

گورگ بەنەرمی گووتی: " شتەکانت کۆکەرەوە دەڕۆین"

بەفر بۆیەکەم جار هاتەگۆ و گووتی:"بۆ هیچ شوێنێک نایەم.

گورگ"وەرە لەگەڵم، دەزانم ئەم جانەوەرە چی کردووە؟ چۆن عەزێتی داویت"

بەفر"من لێرە ئاسوودەم"

گورگ بە دەنگێگ کە تۆنێکی تووڕەبوونی تیابوو، گووتی: "منیش هەر لەو ئاسوودەییە دەترسم"بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی بەفر بکات پەلی گرت و بەدوای خۆیدا پەلکێشی کرد".

*****************************

زۆر مانــدوو و شــەکەت بــووم، تــاقەتی گێــڕانەوەم نەمــابوو دەمویســت پشــوو بــدەم، وێــڕای ئەوەی ســەرجەم ئاژەڵەکــان بەبێــدەنگی و هێمنیــیەوە چاویــان لە چاوەکــانم بڕیبــوو، پــاش بێــدەنگییەک گــووتم: "گــورگ بەفــری بــرد بــۆ ئەو بــاخەی کە سەرەتا بردبووی، بمبورن، بەڵێنتان پێدەدەم لە دەرفەتێکی تردا چیرۆکەکەتــان بــۆ تەواو دەکەم" هەرچەنــدە ئەوان هیچیــان نەگووت، بەڵام بە نیگاکانیاندا تێگەیشتم کە ئەم ڕۆیشتنەی منیان پێخۆش نییە. بەڵام ڕۆشتم...

# بەشی بیست و یەکەم

**بەفر...**

ئێستا لە مەملەکەتەکەی خۆمم، ئاژەڵەکان لەدوورەوە وەستاون و سەیرمان دەکەن، بزەیەک دەبینم بە ڕوخساریانەوە کە لە من و کامیار دەڕوانن ئێمە لە یەکێک لە قایەقەکانداین، هەردووکمان جلی سپیمان لەبەردایە، ئاڕاستەی قایەقەکەمان بە ئارامی بەرەو ڕۆخی دەریاکە دەبەین، دەگەین بە ماسییەکان و سڵاویان لێدەکەین، دەمەوێت بیر لە هیچ شتێکی تر نەکەمەوە بێجگە لە دۆزینەوەی جوگرافیایەکی نوێ و کیشوەرێکی تر، خۆم بە کریستۆڤەر کۆڵۆمبۆس دێتە بەرچاو، هههە ڕەنگە پێم بڵێن تۆ ئەو کابرایە چۆن دەناسیت؟ نازانم ئێوە بیرتان دێت یان نا بەڵام خۆشترین فیلم کارتۆنی سەردەمی منداڵیم بوو، هەر لەو کاتەوە گەشتکردن ببووە خولیام، ئێستاش دەمەوێت لە ڕێگەی ئەم گەشتەمەوە هەموو ئەو شوێنانە بدۆزمەوە، کە خەیاڵی هیچ کەسێکی پێنەگەیشتووە. هەموو ئەو ڕێگایانە بدۆزمەوە کە هیچ کەسێک پێیاندا گوزەری نەکردووە، لەناکاو ئاسمان تاریک دادێت و شەپۆلەکان تووڕە دەبن و بە گژیەکدا دەچن. زۆر سامناکە، کاتێک هەست دەکەیت لەناوەڕاستی دەریا دایت و زریان وەک بێشکە قایەقە بچووکەکەت بەملاولادا دەهێنێ و دەبات. ماسییەکان تا بۆیان بکرێت بەرەو قوڵایی خۆیان دەخزێنن نەبادا شەپۆلێک هەڵیانبداتە سەر زەوی. ئەو ماسییانەش کە سەرکێشی دەکەن بەرگەی هێزی "با" ناگرن و لەسەر وشکانی هیچ شتێک دادیان نادات. چاوەکانم دادەخەم و ئەو ئازارانە بیر خۆم

دەخەمەوە کە ئازاری هاتنە دونیای مرۆڤێکی ترن، دەمەوێت هەست بە هاربوونی شەپۆلەکان نەکەم، بۆیە چاوەکانم ناکەمەوە، قایەقەکە بەتوندی بەر شتێک دەکەوێت نازانم چییە، ئەشێت بەر یەکێک لەو بەردە گەورانە کەوتبێت کە وەک شاخ لە چەندین شوێنی ناو دەریاکەوە قوت بووبوونەوە، قایەقەکە درزی تێدەبێت وردەوردە ئاو دێتە ناو قایەقەکەوە. توند دەستی کامیار دەگرم. تا دێت زیاتر لە مردن نزیک دەبینەوە. قایەقەکە هەڵدەگەڕێتەوە و هەریەکەمان خۆمان بەلایەکیدا هەڵدەواسین. زریانێک لوولمان دەدات وەک ئەوەی بمانپارێزێت، لەناو لوولی زریانەکەدا هەست دەکەم بەسەر هەورێکەوەم و لەگەڵ خۆی دەمانبات. چاوەکانم قورس بوون و دەنگی گریانی منداڵێک چاوەکانم پێ هەڵدەبڕێت. بەدەم ئازار و ژانەوە جارێکی تر گەڕامەوە سەر ئەم زەوییە نەفرەتلێکراوە. من منداڵێکم هێنایە دونیاوە. لە دڵەوە ناهەقی ئەو سستەرانەم نەدەگرت کە نەیاندەهێشت منداڵەکە بهێنمە دەرەوە. ئەوان دەیانگووت: "بەبێ بوونی ناسنامەی باوک ڕێگە نادەین ئەم منداڵە لێرە ببرێتە دەرەوە". ئای چ بەدبەختییەکە لەشفرۆشی! نۆ مانگ بە پێستی سک ئەو کۆرپەیەم هەڵگرت کەچی ئەوان ئەو مافی دایکبوونەیان پێ نەدەبەخشیم، کە خودا پێی بەخشیبووم، مرۆڤەکان کاتێک دەسەڵاتێکیان پێدەدرێت پێیان وایە لە خودا باڵادەستترن لەبیری دەکەن ئەوان تەنیا گۆشت و ئێسقانن لەبیری دەکەن کە ڕەنگە ڕۆژێک خودا هەمان دۆخ بەسەر ئەوانیشدا بهێنێت.

دەمگـووت:"ئەم منـداڵە نە بـاوکی هەیە و نە دەبێـت باوکیشـی هەبێت."
دەیانگووت: "تۆ دەبێت زیندانی بکرێیت."
دەمگووت: "باشە، قایلم بمبەنەوە زیندان بەو مەرجەی منداڵەکەم بدەنەوە."
دەیانگووت: "ئێمە ئەم منداڵە دەدەینەوە بە باوکی ڕاستەقینەی."
دواجـار لە هەمـوو شـتێک مانـدوو بـووم و گـووتم: "بـاوکی لە زیندانە، ناوی کامیارە."
دواجـار بە نائومێـدییەوە گەڕانەوە و گووتیـان: "ئەویـش بـاوکی نییە."
گووتم: "بۆ دەبێت تەنیا بە شوێن باوکدا بگەڕێن؟ من نۆ مانگ لە هەناوی خۆمدا گەورەم کردووە، لە نان و ئاوی منی خواردووە. خوێنی من بە دەمارەکانیدا گوزەری کردووە."
هیچ کەس ئەم قسانەی نەبیست، دواجار بە نـاوی شـیرپێدانەوە، هێنـامەوە لای خـۆم و لە دەرفەتێکـدا هـاتینە دەرەوە، نە ئـێمە گەڕایـــنەوە و نە ئەوان بە شـــوێنماندا گەڕان. خـــۆ ئەگەر گەڕابێتیشـن نەیـانتوانیوە بماندۆزنەوە ئـاخر ئـێمەی بێناونیشـان کێ دەماندۆزێتەوە؟ کێ هەست بە بوونمـان دەکات؟ هیـچ کەس لە مەراقی دۆزینەوەی ئێمەی گەڕیدەدا نییە.

## بەشی بیست و دووهەم

**بەفر...**

پێنج ساڵ بەسەر لەدایکبوونی کوڕەکەمدا تێپەڕیوە. ژیانێکی ئاسایی بەڕێدەکەم لەگەڵ کوڕەکەم و سیامەندی نووسەردا. ئەمڕۆ ڕۆژی یەکشەممەیە من و کوڕەکەم خۆمان ئامادە کردووە بچین بۆ سەردانی کامیار. کامیار هێشتا لە زیندانە.

ئەو ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونێتی تەمەنی بووە بە بیست و سێ ساڵ. ئەو هەمیشە دەڵێت: "بەفر، من نامەوێت کوڕەکەمان وەک تاوانبارێک من لەپشتی شیشەکانی زیندانەوە ببینێت." ئەفسەرەکە هەموو هەفتەیەک بۆ ماوەی کاتژمێرێک جلوبەرگەکەی خۆی و ژوورەکەی خۆی دەدات بە کامیار تا کوڕەکەمان هەست نەکات باوکی زیندانییە. کوڕەکەمان شانازیی بەوەوە دەکات کە باوکی ئەفسەرە.

وەک هەمیشە بە دڵخۆشییەوە بۆ زیندان دەڕۆین کێکێکمان پێیە دواهەمین وێنەی کوڕەکەمان و کامیاری لەسەرە بە جلی سەربازییەوە، وەک هەمیشە دەچینە لای ژووری ئەفسەرەکە بەڵام لە جێگەی کامیار ئەفسەرێکی باڵابەرزی کەتە دانیشتووە؛ بە چوونەژوورەوەی ئێمە لە جێگەکەی خۆی هەڵدەستێت و بە کەمێک توڕەبوونەوە دەڵێت:"کێ ڕێگەی هاتنەژوورەوەی پێ دان؟"

بێئەوەی شتێک بڵێم دێمە دەرەوە و لەبەردەمی ژوورەکەدا دادەنیشم و بە لکی لەچکە ڕەشەکەم فرمێسکەکانم دەسڕم، کامیار حەزی لەوە بوو کە چووم بۆ لای هەمیشە چاوەکانم

ڕەش بکەم، بۆیە ڕەشم کردووە، ئارایشتێکی کەمم کردووە، گۆناکانمم پەمەیی کردوون، لێوەکانیشم سووراوێکی کاڵم لێداون، لە ڕەنگی گوڵی پەمەیی سەر کراسە ڕەشەکەم، هەردووکمان لە سووچێکی حەوشەی زیندانەکەدا دانیشتووین، کوڕەکەم هاوار دەکات باوکە... باوکە ...

ئیتر ئەو تەمەنی پێنج ساڵ بوو زۆر شت تێ دەگەیشت.

وام بیر دەکردەوە کوڕەکەم لە هیچ شتێک ناگات. کاتێک دەمبینی لای منداڵانی کۆڵان دەیگووت: "باوکم ئەفسەرە و پاسەوانی زیندانییەکان دەکات."

## بەشی بیست و سێهەم

### کوڕەکەی بەفر...

من لە هەمووشتێک تێگەیشتبووم، دەمزانی باوکم زیندانییە، بەڵام چێژم لەو گەمەیە دەبینی، دەمویست دایکم تێبگەیەنم کەمن ئیتر گەورەبووم و لەوە تێدەگەم کەباوکم زیندانییە، بۆیە شەوێک بە دایکمم گووت: "دایکە، دەمەوێت ئەمشەو من چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، کچی چیرۆکەکەی ئێمە وەکوو تۆ ناوی بەفرە و وەکوو تۆ تاڵی سپی کەوتووەتە نێوان تاڵە ئاڵتوونییەکانی پرچییەوە. پیاوێک کە ناوی گورگە لە ماڵێکی دەرەوەی شار زیندانی دەکات. بەفر هەمیشە چاوەڕوانی شازادەیەکە ئازادی بکات. شەش ڕۆژ تێدەپەڕێت و هیچ شازادەیەک نایەت، حەوتەم ڕۆژ بەفر دەیەوێت سێوێکی ژەهراوی بخوات لەو ساتەدا شازادەیەک بە ئەسپێکی سپی و دەستێک بەرگی سپییەوە دێت و لەگەڵ گورگ دەکەونە جەنگەوە، لە کۆتاییدا شازادەکە بە شمشێرەکەی دەستی گورگ دەکوژێت و بەفر ڕزگار دەکات."

دایکم دەیویست بپرسێت ئەم چیرۆکەت لە کوێوە بیستووە بەڵام نەیگووت

## بەشی بیست و  چوارەم

**بەفر...**

لە کۆتاییدا لەوە گەیشتم کە کوڕەکەم هەموو شت دەزانێت هەرچەندە ئەویش ئەم گەمەیەی پێخۆشە باوکی بە جلە سەربازییەکانەوە ببینێت، کاتێک ئەو باوکی لە جلی زیندانییەکدا بینی هیچ سەری نەسوڕما. هیچیشی نەپرسی، کوڕەکەم هەرگیز هیچ ناپرسێت ڕێک لە خۆم دەچێت، هەر کات من دەچمە جوگرافیا تایبەتەکەی خۆمەوە، ئەو دەچێت بەدوای سیامەندی نووسەردا و پێکەوە بەبێدەنگی دادەنیشن و گوێم لێدەگرن، چ گەمژەییەکە من وا دەزانم لە سندوقێکی پڕ لە نهێنی دەچم و پێموایە هیچ کەس ناتوانێ کۆدی ئەو سندووقە پڕ لە نهێنییە بکاتەوە... چ گەمژەم! من هیچ نهێنییەکم نییە...

## بەشی بیست و پێنجهەم

**بەفر...**

ئەو منی کڕیبوو، ڕاستتر بڵێم چیرۆکەکانی منی کڕیبوو، ئەو لەمنداڵیەوە خولیای بوون بە نووسەری هەبوو، بەڵام هەرچیی نووسیوە یان دڕاندوویەتی یان هێندە سادە و بێگرێ بوون تەنانەت ڕووی ئەوەی نەبووە نیشانی خوێنەرەکانی بدات، بەو هۆیەوە کە خۆی فێری چەند زمانێک کردووە، دەستی داوەتە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمان و چیرۆکانەی نووسەرە بەناوبانگەکانی دونیا نووسیویانن، جارجار چیرۆکەکانی ئەوانی شێواندووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەتەوە، تارادەیەک ئەو پلانەی سەریگرتووە، بەڵام ئیتر وردەوردە بەهۆی ئەوەی بەشێک لەو ڕۆمان و چیرۆکانە وەرگێڕدراون، خوێنەرەکانی ڕوویان لە کەمی کردووە، لەملاو لەولا قسەی دەبیستەوە لەسەر نووسینەکانی، زۆرێک ناویان نابوو ئەدەب دز، بەڵام هەرچی بێت خۆی نەدەخستە سەنگەری بەرامبەرەوە لەبەر ئەوەی لە دۆڕانی دڵنیابوو، ئەم جارە جیاواز بوو، چیرۆکەکانی من دەرگای بوون بە نووسەری و ناوبانگیان بەڕووی سیامەندی نووسەردا واڵا کرد، لە سەرەتادا ئەو مامەڵەکردنەم پێخۆش نەبوو، بەڵام دواجار تێگەیشتم بابەتەکە چییە بۆیە نەبوومە ڕێگر لەبەردەمیدا، بەڵکو ئەو ڕۆژانەی بۆ مەملەکەتەکەم سەفەرم دەکرد و دەستم دەکرد بە گێڕانەوە، ئەویش دواتر لە ڕێگەی ڕیکۆردەرەکەوە گوێی لێدەگرتەوەو دووبارە چیرۆکەکەی دادەڕشتەوە، پێکەوە دادەنیشتین و بۆی

دەخوێنــدمەوە، ئەوەم پێخۆشــبوو وەک ئەزمــوونێکی جیــاواز دەمبینی، هەموو مانگێک جارێک بەشێکی لە چیرۆکەکە لە یەکێک لە گۆڤــارە ئەدەبییەکانــدا بــڵاو دەکــردەوە و فرۆشــێکی زۆری هەبــوو. بەجۆرێــک چیرۆکــی "بەفــر" بە شــاردا بڵاوببــووەوە کە خوێنەرەکـان مانگـانە بە تـامەزرۆییەوە چـاوەڕوانی دەرچـوونی گۆڤـارەکە بـوون. سـەرەتا ئەو ویسـتی بەنـاوی مـنەوە بڵاویـان بکاتەوە بەڵام ئەوەم ڕەت کردەوە، گەرچی چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی من بوون، بەڵام ئەو بۆ هەڵبژاردنی وشـەیەکی گونجـاو و ڕێکخستنەوەی هەردێڕێک و گێڕانەوەی هەربەشێکی چیرۆکەکەم لە چوارچێــوەیەکی ئەدەبیــدا زۆر مانــدوو دەبــوو، بــۆیە خــۆم ڕەزامەند بووم کە بەناوی خۆیەوە بڵاویان بکاتەوە.

ئەمــڕۆ لەگەڵ کوڕەکەمــدا چــوونەتە دەرەوە بــۆ پیاســە کــردن. هەوڵمـدا کەمێـک مـاڵەکە پـاک بـکەمەوە و تـا دێنەوە ژوورەکـان ڕێکــبخەم، لەنێــوان لاپەڕە پەرشــەکانی ســیامەندی نووســەردا چیرۆکی کوشتنەکەی گورگم دۆزییەوە، بەم جۆرە ئەم بەشـەی چیرۆکەکەی داڕشتبوو.

"دوای ئەوەی گــورگ، بەفــر لەمــاڵی خــانمی گەورە دەیهێنێـتە دەرەوە، جارێکی تر دەیباتەوە هەمـان ئەو مـاڵەی دوای کوشـتنی ئەفســەری بــاڵا تێیــدا حەشــاریدابوو، گــورگ بــێ پێشــەکی دەستدەکات بە قسەکردن: "گوێ بگرە هیچ کەسێکم بە ئەندازەی تــۆ خۆشنەویســتووە. دەزانــم باوەڕناکەیــت، دەمەوێــت بیــرت بهێنمەوە تۆ کابرایەکت کوشتووە، ویستووتە پارەکانی بدزیت و هەڵیبخەڵەتێنیت، تۆ ژنێکی داوێنپیس بوویت، ئێستاش پەیوەندیت

لەگەڵ کوڕی خاوەنماڵەکەدا دروست کردووە، ئەمانە هەمووی ئەو بەڵگانەن کە دەتوانم تۆیان پێ تاوانبار بکەم، بۆ هەر تاوانێکیش بەڵگەم پێیە، دوور نییە دادوەر قورسترین سزات بۆ دەربکات، بۆ نموونە لەسێداردان، یان زیندانی هەتا هەتایی"
تاکە شتێک کە بەدەم گریانەوە بەفر دەیڵێت ئەوەیە: کە وایە دەمەوێت سزا بدرێم... بکوژرێم...
"نا...ڕێک بەپێچەوانەوە، من دەمەوێت ژیانێکی نوێ و لەگەڵ مندا دروست بکەیت، وەک بەڵێنم پێ دابوویت هەردووکمان پێکەوە سەفەر دەکەین. واز لە هەموو شتێک دەهێنین، هەموو شتێکم ئامادە کردووە.

بەفر بەنەرمییەوە دەڵێت: "تازە دونیای من و دونیای تۆ جیاوازە ئێستاش تکایە ڕێگەم بدە خۆم داهاتووی خۆم دیاری بکەم."
بەفر چاو بە ژوورەکەدا دەگێڕێت، هەمان ژوور، هەمان کەرەستەکانی پێشوو لە ژوورەکەدان، لە جێگەکەی خۆی هەڵدەستێت و دەچێتە لای تاقەکەوە، دەست دەداتە ئەو خەنجەرەی کە هەمیشە سەرنجی ڕادەکێشا، خەنجەرەکەی هەڵدەگرێت و لە کالانەکەی دەردەهێنێت.
گورگ: ئەوە کۆتا دیاریی ئەفسەری بالا بوو بۆ من، گەر بەلاتەوە جوانە بۆتۆ، بەڵام ئەگەر...، بۆنی سووتاوی جێت، گورگ ئەو ڕستەیە دەڵێت و ڕادەکاتە دەرەوە.

بەفر زۆر لە خەنجەرەکە ورد دەبێتەوە، چەند جارێک بەرزی دەکاتەوە، بەڵام کاتێک دەیەوێت بیکات بە سکی خۆیدا وەک

ئەوەی کەسێک دەستی بگرێت بە نەرمی خەنجەرەکە لەسەر سکی دادەنێت، چاوەکانی دادەخات چەند جارێک خەنجەرەکە ئاڕاستەی شوێنێک دەکات، وەک ئەوەی خەنجەرەکە بکات بەجەستەی کەسێکدا، لە قیژەو هاواری بەفر گورگ دێتە ژوورەوەو کاتێک دەبینێت خەنجەرەکەی بە دەستەوەیە خێرا لێی دەسەنێت و لە ئامێزی دەگرێت و دەیباتەوە سەر جێگە خەوەکەی.

بەفر بێهۆش دەبێت، ئەم بێهۆشییە چەند ڕۆژێکی پێدەچێت، لە دووەم ڕۆژی بێهۆشییەکەیدا ناونیشانی یەکێک لە پەرستارەکانی خانەکە وەردەگرێت و دەیهێنێت بۆ پشکنینی تەندروستیی بەفر، دوای ئەوەی پەرستارەکە پشکنینە سەرەتاییەکانی بۆ دەکات، گورگ دڵنیا دەکاتەوە کە لێدانی دڵ و فشاری خوێنی ئاساییە، بەگشتی تەندروستیی خۆی و منداڵەکەی هیچ مەترسییەکیان لەسەرنییە، بەڵام بۆ ئەو دۆخە نائاساییەی بەفری تیایە پێویستە نیشانی پزیشکی تایبەتمەندی بدات.

گورگ دەبوو بڕیارێک بدات، یان بەفر نیشانی پزیشک بدات و لەو حاڵەشدا ڕەنگە هەموو شتێک ئاشکرا بێت، یان چاوەڕێی پەرجوویەک بکات بۆ هەستانەوەی بەفر.

بۆ یەکەم جار بەفر سەفەری دونیایەکی نوێ دەکات. جوگرافیایەکی نوێ دروست دەکات بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکاتەوە و بە پێی پەتی بەسەر شاخێکدا هەڵدەزنێ، هەرچەندە ماندووە بەڵام دڵخۆشە، هەندێک لە بەردەکان لەژێر پێیدا شل دەبن و دەبن بە ئاو هەندێکی تر وەک بزمار لە پێی دەچەقن،

خوێن لە برینەکانی دەچۆڕێت و چۆڕاوگە دەبەستێت، بەڵام دڵخۆشە چونکە لە زیندانەکەی گورگ هەڵهاتووە، تیشکی هەتاوێکی سووتێنەر کە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیدا دەڕوات، هەتاوێک کار لە مۆخ و ئێسک دەکات و دەیتوێنێتەوە، ئەو هەر دەڕوات و ماندوو نابێت، شەش شەو و ڕۆژی ڕەبەقە ئەم چیا بۆ ئەو چیا و ئەم پێدەشت بۆ ئەو پێدەشت دەبڕێت و ماندوو نابێت، جار جار دەکەوێتە وێزەی گیا کێویلەکان و دەیانڕنێت و دەیانخوات بێترس لە ژەهراویبوون، دەگاتە هەر کانییەک کەمێک ئاوی سازگار دەخواتەوە و خۆی فێنک دەکاتەوە و لەژێر سێبەری درەختێکدا پشوو دەدات و دیسانەوە دەست دەکاتەوە بە ڕۆیشتن، دەیەوێت هێندە بڕوات تا هەموو ڕابردوو لەبیردەکات تا قسەکردنی بیردەچێتەوە دەڕوات و دەیەوێت گوێچکەکانی خاڵی بکاتەوە لە هەموو ئەو دەنگانەی کە بە درێژاییی تەمەنی لە گوێچکەیدا دەزرنگێنەوە، لە جێگەی ئەوە پڕی دەکات لە نەغمەی بولبوول و هاژەی چەم و چاوی پڕ دەکات لە ڕەنگەکانی سروشت. ناوی خودی ڕەنگەکان لەبیر دەکات بە ڕەنگی سەوز دەڵێت ڕەنگی گەڵا و بە سوور دەڵێت گوڵاڵەسوورە و بە ڕەش دەڵێت ڕەنگی شەو و بە سپی دەڵێت ڕۆژ... دەیەوێت زمانی بیربچێتەوە.

حەوتەمین ڕۆژ کاتێک چاوەکانی دەکاتەوە گورگ لە ژوور سەری خۆیەوە دەبینێت بانگی دەکات. بەفر دەسڵەمێتەوە لەسەر سەرینەکە دادەنیشێت، گورگ دەست دەهێنێت بە پرچیدا.

ئەو بە ناڕازیبوونەوە، خۆی دەکێشێتە دواوە گورگ دەڵێت:

تەواو منت ترساند، چەند ڕۆژە نە نانت خواردووە، نە ئاو، تۆ خەوتبوویت یان بێهۆش؟ یان بەمەبەست خۆت وا نیشاندەدا....
ئەو پرسیارە بێمانایانە زیاتر بەفر زیز و نیگەران دەکات، بە بێدەنگی تەنها چاوی لە چاوەکانی گورگ دەبڕێت.
گورگ هەم دڵخۆش بوو هەم نیگەران. "ئەم زویربوونەت سوودت پێناگەیەنێت، هەرچی بێت تۆ خێزانی منیت، بەڵگەنامەکانی نیشان دەدات و دەڵێت "سەیرکە ئەوەتا ئێمە بەپێی ئەم بەڵگەنامانە ژن ومێردین."
دەسکی دەمانچەکەی دەردەخات و بە فەرمانکردنەوە دەڵێت: "لەمە زیاتر نامەوێت وا بە بێدەنگی بتبینم، بەدرێژایی ئەم ماوەیە خۆمم حەشارداوە، لەپێناو گەیشتن بە تۆدا ژیانی خۆمم خستۆتە مەترسییەوە، ئەو پلانانەی خانمی گەورە بۆ لێککردنی من و تۆ دایناب‌وو پوچەڵم کردنەوە. ئەو بەدرێژایی ئەم ماوەیە پێیوابووە من لە زیندانم؟ چونکە دەیزانی من لەپێناوی تۆدا ئامادەبووم دەستبەرداری هەمووشتێکبم دەیویست بەو پلانانە تۆڵە لە تۆش و لە منیش بکاتەوە، تۆش حەوت ڕۆژە وشەیەکیشت نەوتووە، وەک ئەوەی لەم سەر زەوییە نەبیت، دەبێت ببیتەوە بە بەفرە گوێڕایەڵەکەی خۆم.
بەفر تا ئەو کاتە بێدەنگە، لەپڕ هاوار دەکات: "ئیتر تۆم خۆشناوێت. من بووکەڵە نیم یاریم پێبەکەیت، گەر دەتەوێ هەر لێرەدا بمکوژە."
گورگ: واز لە کەللەڕەقی بێنە، هەرچی بووە لەڕابردوودا جێی دەهێڵین و دەڕۆین، ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەین.

بەفر: من بۆ هیچ شوێنێک نایەم... من کامیارم خۆش دەوێت. تۆش دەتوانی بچیت بۆ لای پۆلیس. هەرچیت پێخۆشە بیلێیت، من لە زیندان ئاسوودەترم، تەنانەت زیاتریش هەست بە ئازادی دەکەم."

گورگ بە خەمساردییەوە دەڵێت:"ناتوانیت نەیەیت. ئارامتر دەڵێت: .......ششششششششششش بێدەنگبە هەست دەکەم گوێم لە تەپەی پێــیەکە." لەگەڵ گــووتنی ئەو ڕســتەیەدا لە ژوورەکە دەچێــتە دەرەوە.

بەفر گوێی لە دەنگی کامیار دەبێت. دەترسێت: "ئاخر گورگ دەمانچەی پێیە." ئەم ڕستەیە دەڵێت و بیری دەچێت بۆلای ئەو خەنجەرەی لەسەر تاقی ناو دیوارە کەیە.

خەنجەرەکە لە کالانەکە دەردەهێنێت بەرەو دەرەوە دەڕوات.

گورگ دەمانچەکەی ڕووەو کامیار ڕاگرتووە و بە توڕەیییەوە دەڵێت:"نەیەیتەپێشەوە، بێیتە پێشەوە،تۆش و خۆشەویستەکەشت دەکوژم."

چاوەکــانی کامیــار بریســکەیەکی ســەیری توڕەییــان تێــدایە، پێدەچێت بیەوێت تۆڵەی حەڤدە ساڵی تەمەنی پڕ لە چاوەڕوانیی ڕۆیشتنی میوانەکان لە گورگ بکاتەوە. بەڵام چۆن؟ بەچی؟

بەفر نایەوێت بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت شایەتی مردنی کامیار بێت. لەدوورەوە هاواردەکات و دەڵێت:"بەرلەو من بکوژە."

گورگ بۆ ترساندنیان گوللەیەک بەئاسماندا دەتەقێنێت.

بەفر زیاتر نزیک دەبێتەوە و دەڵێت:" گەر منت خۆشدەوێت لێگەڕێ با کامیار بڕوات، گەرنا خۆم دەکوژم"

-تۆ خۆت تێکەڵاوی ئەم کارەمەکە. بەپێی خۆی هاتۆتە ئێرە بزانم ئەم بستە مناڵە چی پێدەکرێت؟

- دەست لەسەر ئەو هەڵگرە.

-گەردەست هەڵنەگرم چی؟

بەفر هاوار دەکات"کامیار تکایە لێرە بڕۆ".

-یان ناڕۆم یان لەگەڵ تۆ دەڕۆم.

گورک دەمانچەکەی ڕووەو کامیار ڕاگرتووە و هاوار دەکات:"تا سێ ئەبژێرم لێرە بڕۆ گەرنا دەبێت تەرمەکەت لێرە بەرنە دەرەوە".

بەفرلەدواوە دێت و خەنجەرەکە دەخاتە سەر گەردنی گورگ. کامیار شاتاوڵ بۆ گورگ دەبات و دەمانچەکەی لەدەست دەردەهێنێت، گورگ ئازایانە خۆی ڕادەپسکێنێت و خەنجەرەکە لەدەست بەفر دەردەهێنێت،

کامیار دەستەکانی دەلەرزن و توانای تەقاندنی دەمانچەکەی نییە، بەفر دەمانچەکە لەدەستی کامیار ڕادەپسکێنێت و گوللەی دووەم دەتەقێت.

دەبا کەسێک بمرێت، دەبا خوێنێک بڕژێت، بەڵام بە دەستی کامیار نا... چونکە ئەو نەیدەتوانی ئازاری مێشوولەیەکیش بدات؛ چۆن دەبێت ئەو ببێت بە پیاوکوژ؟ لە بەفر لە شەوی بەناو بوکێنییدا پیاوێکی کوشت، لەبەرچاوی بەفردا کامیار هەمان ئەو کوڕە هەرزەکارە زەلیلە بوو، کە چەند مانگ پێشتر بینیبووی لە

کاتی نووسینی نامەی ماڵئاواییدا، سێ مرۆڤ، سێ قوربانی، سێ بەدبەخت... قەلەڕەشەکان بەژوور سەریانەوە قیڕە قیڕیان بوو، وەک ئەوەی بە تامەزرۆییەوە لە چاوەڕوانی مردنی کەسێکدابن، خۆریش جارجار خۆی نمایشدەکرد و جارجاریش خۆی دەخزاندە پشتی پەڵە هەورێکەوە. خشەی ئەو گەڵا زەردانەی بە بایەک دەکەوتنە خوارەوە و دەنگی لەرەی چڵەکان تێکەڵی هاتوهاواری هەرسێکیان بوو، هەرکەسە دەردە دڵی خۆی دەکرد و کەس گوێی لە کەس نەدەگرت، گورگ کامیاری خستبووە پێش خۆی و دەستێکی لەگەردنی و بە دەستەکەی تریشی خەنجەرەکەی لەسەر قوڕقوڕاگەی توند کردبوو، بەفر دەمانچەکەی ڕووەو گورگ ڕاگرتبوو لەو ساتەدا چاوی کەوتە سەر خەنجەرەکە کە وەک ئەڵماس بە گەردنی کامیارەوە دەدرەوشایەوە، ئەوەی بەفری سەرسام کردبوو سەری لێدەرنەدەکرد ئەوە بوو کە گورگ خەنجەرەکەی بە پێچەوانەوە گرتبوو واتە بەشە کوولەکەی لەسەر گەردنی کامیار دانابوو، بەفر لە گوماندا بوو ئایا گورگ تەنها دەیەوێت کامیار چاوترسێن بکات؟ یاخود لە شڵەژاویدا بەو جۆرە خەنجەرەکەی گرتووە؟ بۆیە بە چاو ئاماژەیەک بۆ کامیار دەکات تا خۆی ڕابپسکێنێت، ئەویش هەروایکرد.

بە دەنگی گوللەیەکی تر مەلەکانی سەر درەختەکان هەڵفرین. گوللەکە بەر گورگ کەوت، بۆیە بەرچاوی تەڵخ دەبێت و سەری دەسوڕێت و دەیەوێت هاواربکات، دەیەوێت بڵێت:"ئەمەتان بە سەرەوە ناچێت هەر دەتانگرمەوە بۆ کوێ دەچن." دەیەوێت

بڵێت:"دەشێت تۆ کوڕی من بیت." دەیەوێت بڵێت: "دەشێ تۆ لە یەکێک لەو شەوانەدا خوڵقابیت کە شەوی سووری من و دایکت بووە، ئاخر من و مریەمی دایکت هەر لە سەرەتای لاویەوە یەکمان خۆش دەویست.
بەکاریگەری حیزب دەبوو بۆ ماوەیەک بەنهێنی ئێرە جێبهێڵم، چونکە هەمووان کارە گرنگ و مەترسیدارەکانیان بە من دەسپارد، هێشتا لەوە نەگەیشتبووم، ئەوە لەبەر گرنگیم نییە لە حیزبدا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەس مەرگی منی بەلاوە گرنگ نییە، کاتێک گەڕامەوە مریەم ئیتر مریەمەکەی جاران نەبوو، دوای دوونیایەک بەدبەختی ببوو بە داردەستی ئەفسەری باڵا...
بەفر و کامیار ئیتر کەسیان نەیاندەتوانی لەو دووچاوە کراوانە بڕوانن کە بۆ هەتا هەتایە هەستی بینینیان تێدا نەمابوو"
سیامەند بەم جۆرە باسی کوشتنەکەی گورگی کردبوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەوم بە خەنجەرەکەی ئەفسەری باڵا ئەنجن ئەنجن کرد، نازانم چەند خەنجەرم لێدا، ئەوەندە دەزانم کاتێک بە ئاگا هاتمەوە، منیش و ئەویش خەڵتانی خوێن بووین، کامیار لەنێوانی هەردووکماندا وەک بێ ناو ئاو دەلەرزی، ئەومان لەوێ جێهێشت، بێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ دەچین دەستمان کرد بە هەنگاو نان، لە نزیک گۆماوێک لاماندا، هەر بەجلەکانی بەرمەوە خۆم هاویشتە ناو ئاوەکەوەو هەرچیم کرد، نە ڕوخسارم، نەدەستەکانم، نەجلەکانم لەخوێنی گورگ پاک نەبوونەوە.

## بەشی بیست و شەشەم

### سیامەندی نووسەر

ئێستا بەفر لەبەردەمی ئاوێنە باڵابەرزەکەی ژووری نووستنەکەیدا دانیشتووە، کە بە قەدی دیوارەکەوە هەڵواسراوە چوارچێوەکەی سپییەکی ڕوونە؛ هاوڕەنگی سەرجەم کەرەستەکانی تری ژوورەکەیە. ژوورێک هەموو کەرەستە و کەلوپەلەکانی ڕەنگی سپین تەنها سەرجێگەی تەختەخەوەکە نەبێت، کە قوماشێکی مەخمەڵی وەنەوشەیی بەسەردا دراوە و هاوڕەنگی پەردەکەیە. عەزییەکی پیرۆزەیی کورتی لەبەرکردووە. دوودڵە لەوەی ڕەنگی جلەکەی بگۆڕێت یان بە هەمان ئەو بەرگەوە لە پێشوازیی کامیاردا بێت.

لە دەرگا دەدرێت. مریەمە. کوڕەکەی بەفر دەرگاکە دەکاتەوە، مریەم لە ئامێزی دەگرێت و شوێن هەنگاوەکانی دەکەوێت، کاتێک بەفر دەبینێت قژە زەردە درێژەکەی بەسەر شان و سنگە نیمچە ڕووتەکەیدا پەخشکردووە و لێوە ئاڵەکانی سوور کردووە و سەر گۆنا بەرزەکانی پەمەییەکی کاڵ، بەسەرسامییەوە لەجێگەی خۆی دەوەستێت، لە جانتاکەیدا زەرفێکی لە کاغەز دروستکراوی قاوەیی دەردەهێنێت و دەیداتە دەست بەفر و بێئەوەی چاوەڕوانی گەیشتنەوەی کامیار بکات ماڵەکە بەجێدەهێڵێت، جگە لە دەنگی پێڵاوە پاژنە بەرزە ڕەشەکانی دەنگێکی تر نابیسترێت.

کوڕەکەی زەرفەکە لە دەست دایکی دەردەهێنێت و هەڵیدەڕێژێت چەند پارچە کاغەزێکی تێدایە، هەندێکیان ژیان لە بەهەشتەوە

دەگۆڕن بە دۆزەخ هەندێکی دیکەیان بە پێچەوانەوە، لەو ساتەدا من و کامیار دێینە ژوورەوە، ئەوان یەکتری لە ئامێز دەگرن. بەفر فرمێسکەکانی لەگەڵ ڕەشاییەکەی چاوی تێکەڵ دەبێت و بەسەر گۆناکانیدا دێنە خوارەوە، وا دەبینرێت هەر لە ئەزەلەوە فرمێسکەکانی ڕەشێکی قەترانی بن.

ئەو پارچە کاغەزانە کۆدەکەمەوە کە لەسەر زەوییەکە کەوتوون، لە نێوان چەندان قەباڵەی خانوو و زەویدا نامەیەک دەدۆزمەوە کە هیچ ناوێکی لەسەر نییە، واتە ئاماژەی پێنەدراوە ئەو نامەیە بۆ کێیە؟ وەک دزێکی شارەزا لە گیرفانی پانتۆڵەکەمی دەخزێنم.

ئێستا بەفر هەمماڵی هەیە هەم مێرد و هەم منداڵێکی جوانیش. تەمەنی هەردووکیان بیستوسێ ساڵە خاوەنی کوڕێکی تەمەن پێنج ساڵانن، شەش ساڵی ڕەبەق کامیار باری تاوانەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، هەرچەند بەفریش دانی بەوەدا نابوو کە ئەو بکوژە نەک کامیار، بەڵام لێکۆڵەرەکان بەهۆی ئەوەی دەیانبینی کە بەفر لەناو زینداندا دەچێتە خەیاڵەوە، لەنێوان خۆیاندا دەگووت:"هەرچی دەیڵێت وڕێنەیە"، وتەکانی زۆر بە هەند وەرناگرن،پارێزەرەکە گووتی"ئیتر من هیچم لەدەست نایەت، چونکە کوشتنێکی بەئەنقەست بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا تەمەنی تاوانبار نەبۆتە هەژدە ساڵ و نەبوونی شکاتکارێک، دادوەر بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستیدان بڕیاری شەش ساڵ زیندانی بەسەر کامیاردا سەپاندووە، بەڵام بە ئەندازەی شەست ساڵ ئەزموونی وەرگرت.

## بەشی بیست وحەوتەم

### سیامەندی نووسەر...

بەتەنها خودا و من دەمانزانی مریەم کە هەمووان بە خانمی گەورە ناوی دەهێنن چی لەو نامەیەدا نووسیووە؟ لەنامەکەدا نووسیبووی:"لەدوای ئازادبوونم لە زیندان و ئەو هەموو دڵشکانەم لەلایەن خەڵکی شارەوە، دواجار بە ناچاری بە شوێن ئەو ناونیشانەدا گەڕام کە ژنێک لە زیندان پێیدابووم، کاتێکماڵەکەم دۆزییەوە، هاوشێوەی یانەیەکی شەوانە بوو، لەوێ لە ڕێگەی یەکێک لە موشتەرییەکانەوە گورگم دەدۆزییەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان قاچی گورگیش لە داوی ئەو یانەیەوە ئاڵا.

ئەوان دەیانزانی بە ئاشکرا من و گورگ پەیوەندیمان هەبووە پێکەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی گورگ باشترین موشتەری بۆ دەهێنان. چاویان لەو پەیوەندییە پۆشی، گورگ یەک مەرجی لەگەڵ بەرپرسانی یانەکەدا هەبوو، ئەویش ئەوەبوو نابێت من لەگەڵ هیچ پیاوێکی دیکە بخەوم جگە لە خۆی، ئەوان داواکەیان ڕەت نەکردەوە چونکە دەیانزانی ئەو باشترین و گونجاوترین و چاونەترسترین کەسە بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان. کامیار بەرهەمی یەکێک لەو شەوانە بوو."

هەر لە نامەکەدا باسی لەوەش کردبوو کە هەموو ئەو بەدبەختییانە لەژێر سەری ئەفسەری باڵادا بووە، باسی لەوەش کردبوو کە ئەفسەری باڵا نەمردووە، بەڵام بەهۆی برینە قوڵەکەی گەردنییەوە هەمیشە دەناڵێنێت و بۆتە بنێشتەخۆشەی سەر زاری دۆست و دوژمن ، ئەو برینە وەک نیشانەیەکی

ئەزەلی وەک ئۆباڵێکی هەمیشەییە بە گەردنی ئەفسەری باڵاوە هەڵواسراوە، هەرگیز سارێژ نابێت..
زۆر شتی دیکەشی ئاشکرا کردبوو، وەک بڕیاردانی سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات"

پێدەچوو ئەونامەیەی بۆ کامیار نووسی بێت، بەڵام لەهەمان کات، کە نامەکەم دەخوێندەوە هەستم دەکرد نا... ئەو نامەیەی دەبێت بۆ گورگ نووسیبێت؟ بۆچی گورگ؟ ئەشێ ئەو نامەیە بۆ من بووبێت تا ڕاستییە نەزانراوەکان بنووسمەوە.... نازانم؟ بەڵام ئەو نامەیە چارەنووسی ئەفسەری باڵای یەکلا کردەوە، خۆشی دوای ئاشکراکردنی ڕاستییەکان لە چیرۆکەکە چووە دەرەوە وەک گورگ، بەڵام بە چارەنوسێکی نادیاری ترەوە.

## بەشی بیست و هەشتەم

### سیامەندی نووسەر

"سەرەتای مانگی نیسان بوو، خۆم ئامادە کرد تا به بیانووی هەواڵپرسینەوە سەرێکی ماڵی بەفر و کامیار بدەم و لەگەڵ کوڕەکەیاندا کە وەک دوو هاوڕێی هەمیشەییمان لێ هاتبوو، کەمێک دەردەدڵ بکەین، بەهۆی ئەو بیانووانەشەوە نامەکە بگەڕێنمەوە، هەر واشمکرد، لە کاتی گفتوگۆکەدا لە فرسەتێکدا نامەکەم خستە سەر تەپڵەکەکەی تەنیشتم، کوڕەکەیان لەکاتێکدا بە گوێچکەمدا چرپاندی بەفر دووگیانە، خۆی دا بەو پەرداخی شەربەتەدا کە چەند خولەکێک پێشتر بەفر بۆی هێنابووم، شەربەتەکە نامەکەی خووساندەوە."

دەبوو ئەو نامەیە بخووسێتەوە، ئەمە ئەو وانەیە بوو کە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە لە بەفرەوە فێربووم، هەمیشە پێی دەگووتم:"مەرج نییە خوێنەرەکانت هەموو شتێک بزانن، هەندێک جار ڕاستییەکانیان لێبشارەوە، تا خۆیان بەدوای نهێنییەکان و کردنەوەی گرێ کوێرەکاندا بگەڕێن". ئەو دەیگووت:" هەندێک جار درۆ بکە بەدەم هەقیقەتەوە تا خوێنەرەکانت لە گومانی ڕاستی و ناڕاستیدا بهێڵیتەوە." دەیگووت:"وەک من بە، من هەمیشە بەو جۆرە چیرۆک بۆ ئاژەڵەکان دەگێڕمەوە کە خۆم دەمەوێت، ڕەنگە هەندێک جار لە گێڕانەوەکانمدا درۆم کردبێت، بۆ ئەوەی ئاسانتر تێبگەن و بڕوام پێبکەن، چونکە هەندێک ڕاستی باوەڕ پێنەکراوە، وەک خۆی ناگێڕدرێتەوە، هەندێک جار

هەندێک ڕاستی ئەوەندە تاڵ بوون نەمتوانیوە بیان هێنمە سەر زار." بەفر دەیگووت"دواجار ڕۆژێک بەئاژەڵەکان و ماسییەکانم گووت:"من بەفرم، باسی باشیی(تۆ و کامیار و کوڕەکەمم) بۆکردن، گووتم:" ئێمە مرۆڤین، بەڵام ئەوان بڕوایان بەو ڕاستییە نەکرد...".

دەبوو بەفر و کامیاریش هەندێک ڕاستی نەزانن، نازانم گەر ئەوان ئەو ڕاستیانەیان بزانیایە چیتر ڕویدەدا؟

دوای زانینی ئەو ڕاستیانە چیرۆکێکی تر دەست پێدەکات، دەشێ خوێنەرەکان پێشبینی ڕودانی کۆمەڵێک پێشهات و ڕووداوی خوازراو یان نەخوازراوی تر بکەن.

**دوادێڕی سیامەندی نوسەر...**

"سیامەندی نوسەر لە دواهەمین لاپەڕەی ڕۆمانەکەیدا ئەم چەند دێڕەی نوسی بوو..."

چیرۆکی بەفر بەکۆتا ناگات، تا بژی...ئەشێ ئەوە سەرەتایەک بێت بۆ ژیانێکی نوێ، بەڵام کێ و لەکوێوە دەست پێدەکات، نازانم. تەنها ئەوە دەزانم پێویستە وەک هەر نوسەرێکی تر کەشی چیرۆکەکە جێبهێڵم و لەگەڵ خەیاڵدا بڕۆم بۆ مەملەکەتێکی تر و ئاشنای کۆمەڵێک خوڵقێنراوی تربم، گەمەیەکی خۆشە، یاریکردن بە چارەنوسیی ئەو خوڵقینراوانەی بەدەستی خۆت دەیان خوڵقێنیت. گرنگ نییە ئەوان بە چارەنوسیی خۆیان ڕازین یان نا، گرنگ ئەوەیە نوسەر گەمەکە نەدۆڕێنێت...

کۆتایی...

## لەجیاتی کۆتایی...

دوای خوێنـــدنەوەی چیـــرۆکەکە، لاپتـــۆپەکە دادەخەمەوە و هەرچەند دەکەم دڵم نایەت یەک وشەشی لێ بگۆڕم. دەچمەوە ســـەر جـــێگە خەوەکەم، دووبـــارە پـــاڵ دەکەومەوە دەســـتم دەخەمەوە ژێـــر ســـەرم و جـــارێکی تـــر دەکەوتـــمەوە خەیـــاڵی ئـــاڵوگۆڕ کردنـــی جـــێگەی تەپە تۆرەکـــان، دەنگـــی دەرگـــا دێـــت، هەرچەنـــد دەکەم زاتـــی ئەوەم نیـــیە هەســـتم و بچـــم دەرگـــاکە بکەمەوە، چەند جارێکی تر بە توندی دەکێشرێتەوە بەدەرگاکەدا، ڕادەچڵەکم و بەرەو دەرگای ژوورەکەم دەچم، لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ژوورەکەمدا دەبینم لەنـاو هەمـان دادگاکەی پێشـوودام، زۆر دەترسم، دەمەوێت بگەڕێمەوە ژوورەکەی خۆم، بەڵام هـیچ دەرگـایەک بـوونی نییە، جگە لەدەرگـای نـاو قەفەزی تاوانبـاری، وەک سەرەتا هەمووان بێدەنگ بـوون، دادوەرەکە چەنـد جارێک چەکوشـەکە دەکێشـێت بە مێـزەکەدا و بەدەنگێکـی پـڕ لەسـام و هەیبەتەوە بڕیاری بەند کردنی هەتـا هەتـایی مـن دەخوێندەوە لە ژوورێکی تاریکدا، وردە وردە هەست بەلاوازی و بێهێزی خۆم دەکەم، بەرچـــاوم تەڵـــخە، نـــازانم دوای مـــن چـــی ڕووی دا، بەبیستنی دەنگی بانگی بەیانی بە ئاگا دێم، لەسەر جێگە خەوێکی گەرم و نەرمم،  بەڵام ژوورەکە هێندە تاریکە نازانم کوێیە...

**سوپاس و پێزانین...**

سوپاسی بێپایانم بۆ هەوڵ و ماندوو بوونەکانی مامۆستا لە(تیف حسێن)ی بەڕێوەبەری پەروەردەی شارباژێڕ بۆ بەچاپ گیاندنی ئەم ڕۆمانە.

بەهیوام شایستەی ئەو گرنگی پێدان و ماندووبوونەی مامۆستا لەتیف و جێگەی ڕەزامەندی خوێنەرانی ئازیز بێت.

(پێشکەشە بە ڕۆحی بێگەردی ئازیزی دڵم(کەزێ)،خۆزگە دەکرا تۆ یەکەم کەس ئەم ڕۆمانە بیخوێنیتەوە، بەڵام خودا هەر زوو چیرۆکی تۆی لەم سەر زەوییە بەکۆتا گەیاند، وەلێ لای من هێشتا سەرەتای...)

سارای پایز
٢٠٢٤/١٢/٢٣